خەبات

XEBAT

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5875) چوارشەمە 20ی تشرینی دووەم 2019 «16» لاپەرە «500» دینار

ڕەنگە ئەمڕۆ پڕۆژە بودجەی 2020ی عێراق و پشکی کوردستان یەکلا بکرێتەوە

بەرپرسی نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدای پایتەختی عێراق ئاشکرای کرد، لە کۆبوونەوەی ئەمڕۆ چوارشەمە 20ی 11ی2019ی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق، گفتوگۆ لەبارەی پڕۆژەیاسای بودجەی 2020ی عێراق دەکرێت و ئەگەر هەیە ڕەوانەی پەرلەمان بکرێت.

فارس عیسا ، بەرپرسی نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا بە خەباتی ڕاگەیاند ، ئەمڕۆ چوارشەمە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران هەیە لەسەر پڕۆژەبودجەی 2020ی عێراق.

ئەوەشی ئاشکرا کرد: ”ڕەنگە دوای کۆبوونەوەکە ، پڕۆژەکە ڕەوانەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بکرێت.“

فارس عیسا باسی لەوە کرد کە بەغدا سێ پێشنیاری لەبارەی بودجە ڕەوانەی هەرێمی کوردستان کردووە. گوتیشی: ”زۆر نزیک و گەشبینین بۆ ئەوەی بگەینە ڕێککەوتن پێش ئەوەی پڕۆژەکە بۆ پەرلەمانی عێراق بنێردرێت.“

بێرنارد کۆشنەر: هەمیشە فەڕەنسا لە کوردستان یاریزانێکی گرنگ بووە و ڕۆڵی هەبووە



3

قوباد تاڵەبانی: هەماهەنگییەکی زۆر باش لەنێوان من و سەرۆکی حکوومەت هەیە



وەزیری پێشووی دەرەوەی فەرەنسا لە پانێلێکدا گوتی: لە ناوچەیەکی پڕ لە ناسەقامگیری سەختە ئاشتی بەر قەرار بێت، هەمیشە فەڕەنسا لە کوردستان یاریزانێکی گرنگ بووە و ڕۆڵی هەبووە، بە تایبەتی لە سەردەمی میتران، کە زۆر دۆستی کورد بوو و ڕوانگەی تایبەتی بۆ پرسی کورد هەبوو.

دوێنێ سێشەممە 19ی 11ی 2019دیداری ئاشتی و ئاسایشی ڕۆژهەڵات لە زانکۆی ئەمەریکی لە دهۆک دەستپێکرد و ماوەی دوو ڕۆژ بەردەوام دەبێت، بێرنارد کۆشنەر، وەزیری پێشووی دەرەوەی فەرەنسا لە ڕۆژی یەکەمی دیدارەکەدا ئامادەبوو.

بەگوێرەی کوردستان24 وەزیری پێشووی دەرەوەی فەڕەنسا ، بێرنارد کۆشنەر، لە پانێلەکەدا، گوتی: لە ساڵی 1974 هاتمە کوردستان و کارم لەسەر عێراق و ناوچەکە دەکرد، ئەو کاتە کوردستان وەک ئێستا نەبوو، دهۆک لادێیەکی بچووک بوو و ئێستا زۆر پێشکەوتووە، لە ڕابردوو و ئێستاشدا، هەمیشە فەڕەنسا لە کوردستان یاریزانێکی گرنگ بووە و ڕۆڵی هەبووە، بە تایبەتی لە سەردەمی میتران، کە زۆر دۆستی کورد بوو و ڕوانگەی تایبەتی بۆ پرسی کورد هەبوو و ڕوانگەکەشی زیاتر مرۆیی بوو، نەک سیاسی.

کۆشنەر گوتیشی: زۆر سەختە ئاشتی لە ناوچەیەکی پڕ لە ناسەقامگیریی بێتە دی، ئەمە کاری زۆری دەوێت.

زیاتر لەلاپەرە دوو بخوێنەوە

بەغدا.. لە ڕێگەی دوو پڕۆژەیاساوە هەوڵی کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان دەدرێت

پەرلەمانی عێراق لە ڕێگەی دوو پڕۆژەیاساوە، هەوڵی کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان دەدات و پەرلەمانتاریکی کوردیش لەمبارەیەوە هۆشداری دەدات.

محەمەد ئەمین فارس، ئەندامی کوردی پەرلەمانی عێراق بە خەباتی ڕاگەیاند، کورد تێبینی لەسەر ژمارەیەک ماددەی هەردوو پڕۆژەیاسای ئەنجومەنی پاریزگاکانی عێراق و دەستەی نەزاهەی عێراق هەیە.

ئەوەشی ئاشکرا کرد کە بەپێی ناوەڕۆکی ئەم دوو پڕۆژەیە، بەشێک لە دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان کەم دەکرێنەوە یان لادەدرێن، بۆیە ”ئەگەر ئەم خاڵانە چارەسەر نەکرێن، ئەوا کورد بایکۆتی دەنگدان بەو دوو پڕۆژەیاسایە دەکات و دەنگیان پێ نادات.“

پەرلەمانتارە کوردەکە تەئکیدی کردەوە کە سەرۆک فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە کۆبوونەوەی تایبەت بە سەرۆک فراکسیۆنەکاندا ئەم بابەتە دەخەنە ڕوو، ئەگەریش نەگەیشتنە ڕێککەوتن، ئەوا کورد دەنگ بە هیچ یەکێک لەم دوو پڕۆژەیاسا نادات.

عێراق.. کۆبوونەوەی سەرکردەکانی لایەنە سیاسییەکان

4

دەبێت حکوومەت لە ماوەی 45 ڕۆژدا بەڵێنەکانی بۆ ئەنجامدانی چاکسازی جێبەجێ بکات

د. سەفار: سەردانی سەرۆکی هەرێم بۆ بەغدا کارەکانی ئێمەی ئاسانتر کرد


بڕیارەدەری لیژنەی دارایی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەڵێت، لەم یەک دوو حەفتەدا بوودجەی 2020 دەگاتە پەرلەمان، دەشڵێ هەوڵ دەدەن موچەی فەرمانبەرانی هەرێم بە سیاسی نەکرێت. د. ئەحمەد سەفار، لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی گوتوویەتی: پڕۆژە یاسای بوودجەی 2020ی عێراق لەلای حکوومەت کارەکانی بەرەو کۆتایی دەڕوات، نزیکە لە کۆتایی ئەم هەفتەیە، یا هەفتەی داهاتوو پڕۆژەکە بگاتە دەستی لیژنەی دارایی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق.

زیاتر لەلاپەرە سێ بخوێنەوە

ئەمڕۆ 21ەمین پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێر دەکرێتەوە

ئەمڕۆ چوارشەمە ، 21ەمین پێشانگای نێودەوڵەتی بۆ بەرووبووم و ئامێرەکانی کشتوکاڵی دەکرێتەوە کە تیایدا زیاتر لە 150 کۆمپانیا لە 11 وڵاتی جیاوازەوە بەشدار دەبن و ماوەی چوار ڕۆژ دەخایەنێت. بەڕێوەبەری پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێر، سۆران قادر لە لێدوانێکدا گوتی: ئەمڕۆ بیست و یەکەمین پێشانگای نێودەوڵەتی بۆ بەرووبووم و ئامێرەکانی کشتوکاڵ دەکرێتەوە کە تیایدا زیاتر لە 150 کۆمپانیا لە 11 وڵاتی جیاوازەوە بەشدارن. پێشانگاکە ماوەی چوار ڕۆژ دەخایەنێت کە تیایدا هەریەک لە کۆمپانیاکانی وڵاتانی، عێراق، تورکیا ، ڕووسیا ، هۆڵەندا، مۆڵدۆڤیا ، ئیتاڵیا ، ئێران، میسر، بەلجیکا ، ئازەربایجان و جەزائیر بەشدارن.

363 هەزار شنگالی لە ژێر کەمپەکاندا ژیان بەسەر دەبەن



4

لوبنان.. بەهۆی خۆپیشاندانەکانەوە دانیشتنی ئەنجوومەنی نوێنەران ساز نەکرا



4

«خەبات» وردەکاری بەستانی پێوەری زیرەکی کارەبا ئاشکرا دەکات

تا ئێستا زیاتر لە 50 هەزار ماڵ پێوەری زیرەکیان بۆ بەستراوە



7

کۆبوونەوەی لیژنەی هەمواری دەستووری عێراق شکستی هێنا

دوێنێ کۆبوونەوەی لیژنەی هەمواری دەستووری عێراق، بەهۆی ئامادەنەبوونی ڕێژەی یاسایی ئەندامانی لیژنەکە شکستی هێناوە. محەمەد ئەمین فارس، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، لە فراکسیۆنی پارتی بە خەباتی ڕاگەیاند: کۆبوونەوەی لیژنەی هەمواری دەستووری عێراق بەهۆی ئامادە نەبوونی ژمارەی یاسایی ئەندامانی لیژنەی هەمواری دەستوور، شکستی هێناوە.

ئەو ئەندام پەرلەمانە گوتیشی: ئەندامانی کورد لە لیژنەی هەمواری دەستوور ئامادە بوون، بەڵام ژمارەیەک لە نوێنەری لایەنەکانی دیکە ئامادە نەبوون، بۆیە کۆبوونەوەکە دوا خراوە. لە لیژنەی هەمواری دەستووری عێراقدا کە هەندێ لایەنی پەرلەمانی عێراق هەوڵی هەوامرکردنەوەی دەدەن، شەش ئەندامی کوردی تێدایە و تاکوو ئێستا چەند کۆبوونەوەیەکیان ساز کردووە.

بێرنارد کۆشنەر: هەمیشە فەڕەنسا لە کوردستان یاریزانێکی گرنگ بووە و رۆڵی هەبووە

هەمیشە سەرسامم بە هەرێمی کوردستان



وەزیری پێشووی دەرەوەی فەرەنسا لە پانێلێکدا گوتی: لە ناوچەیەکی پڕ لە ناسەقامگیری سەختە ئاشتی بەر قەرار بێت، هەمیشە فەڕەنسا لە کوردستان یاریزانێکی گرنگ بووە و رۆڵی هەبووە، بە تایبەتی لە سەردەمی میتران، کە زۆر دۆستی کورد بوو و ڕوانگەی تایبەتی بۆ پرسی کورد هەبوو.

دوێنێ سێشەمە 19ی11ی 2019دیداری ئاشتی و ئاسایشی رۆژهەلات لە زانکۆی ئەمەریکی لە دهۆک دەستپێکرد و ماوەی دوو ڕۆژ بەردوام دەبێت، بێرنارد کۆشنەر، وەزیری پێشووی دەرەوەی فەرەنسا لە رۆژی یەکەمی دیدارەکەدا ئامادەبوو.

بەگوێرەی کوردستان 24وەزیری پێشووی دەرەوەی فەڕەنسا، بێرنارد کۆشنەر، لە پانێلەکەدا، گوتی: لە ساڵی 1974 هاتمە کوردستان و کارم لەسەر عێراق و ناوچەکە دەکرد، ئەو کاتە کوردستان وەک ئێستا نەبوو، دهۆک لادێیەکی بچووک بوو و ئێستا زۆر پێشکەوتووە، لە ڕابردوو و ئێستاشدا، هەمیشە فەڕەنسا لە کوردستان یاریزانێکی گرنگ بووە و رۆڵی هەبووە، بە تایبەتی لە سەردەمی میتران، کە زۆر دۆستی کورد بوو و ڕوانگەی تایبەتی بۆ پرسی کورد هەبوو و ڕوانگەکەشی زیاتر مرۆیی بوو، نەک سیاسی. کۆشنەر گوتیشی: زۆر سەختە ئاشتی لە ناوچەیەکی پڕ لە ناسەقامگیریی بێتە دی، ئەمە کاری زۆری دەوێت.

بەشێکی قسەکانی ئەو وەزیرەی پێشووی فەڕەنسا، تایبەت بوون بە ناکۆکییەکانی نێوان ئەورۆپا و ڕووسیا و ڕایگەیاند: ئەورووپا یەکگرتوو نەبووە و ناکۆکیی زۆری هەیە، رۆڵی ڕووسیا تادێت زیاتر دەبێت و ڕووسیا توانی هەرێمی قرم داگیر بکات و کێشەی لەگەڵ ئۆکراینا هەیە، بەڵام یەکێتیی ئەورووپا نەیتوانیوە ڕووبەڕووی ببێتەوە. هەروەها گوتیشی: زۆر ئاسانە لەگەڵ پوتین قسە لەبارەی ڕەوشی ئەم ناوچەیە بکرێت، بەڵام قورسە لە بارەی ئەورووپاوە قسە بکرێت.

کۆشنەر باسی لە ئەزموونی خۆی کرد و گوتی: کاتێک پۆستی وەزیری دەرەوەم وەرگرت، زۆر بڕوام بە خۆم بوو، کە رۆڵی گەورەم هەبێت لە چارەسەری کێشەکان، بەڵام کاتێک پۆستێکی گەورە وەردەگریت، ئەستەمە بتوانین هەموو ئەوەی دەتەوێت جێبەجێی بکەیت. هەروەها گوتیشی: زۆر ئەستەم بوو لە سەردەمی سەددام حوسێن، داوا لە عێراق بکرێت، ماف و خواستی خەڵکی کورد لەبەرچاو بگرێت.

موسڵ..سیروان ڕۆژبەیانی بۆ پۆستی پارێزگاری نەینەوا راسپێردرا

ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا لە کۆبوونەوەی خۆیدا بە دەنگدان، پارێزگاری نەینەوا مەنسوور مەرعیدی لە پۆستی پارێزگار لادا و جێگری یەکەمی پارێزگاکەی راسپارد بۆ بەڕێوەبردنی پۆستەکە.

دوابەدوای ئەوەی دوێنێ سێشەمە پارێزگاری نەینەوا مەنسوور مەرعید لە لایەن ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەواوە لەسەر کارەکەی لادرا، هاوکات ئەنجوومەنەکە سیروان ڕۆژبەیانی، جێگری یەکەمی پارێزگاری پۆستی پارێزگاری نەینەوا راسپارد تا پارێزگارێکی نوێ هەڵدەبژێردرێت.

مەنسوور مەرعید، لە 13ی 5ی2019دا وەک پارێزگار لە جێگەی پارێزگاری لەکارلادراو نۆفەل حەمادی کرابووە پارێزگار. لادانی پارێزگاری نەینەوا مەنسوور مەرعیدی لەکاتێکدا ڕوویدا کە دوێنێ هێزێکی ئەمنی گەمارۆی بینای ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوای دا تاکو ڕێگری بکەن لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنەکە، بەڵام کۆبوونەوەکە کرا و بە دەنگدان پارێزگاری نەینەوا لەسەر کار لادرا.

سیروان ڕۆژبەیانی کادیری پارتی دیموکراتی کوردستانە و جێگری پارێزگاری نەینەوایە، دوێنێ دوای لادانی پارێزگاری نەینەوا، لەلایەن ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەواوە، ڕۆژبەیانی پۆستی پارێزگاری پێسپێردرا.

کۆبوونەوەی لیژنەی هەموارى دەستوورى عێراق شکستى هێنا

دوێنێ کۆبوونەوەی لیژنەی هەموارى دەستوورى عێراق، بەهۆی ئامادەنەبوونی ڕێژەی یاسایی ئەندامانی لیژنەکە شکستی هێناوە. محەمەد ئەمین فارس، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، لە فراکسیۆنی پارتی بە خەباتی ڕاگەیاند: کۆبوونەوەی لیژنەی هەموارى دەستوورى عێراق بەهۆی ئامادە نەبوونی ژمارەی یاسایی ئەندامانی لیژنەی هەموارى دەستوور، شکستی هێناوە.

ئەو ئەندام پەرلەمانە گوتیشی: ئەندامانی کورد لە لیژنەی هەموارى دەستوور ئامادە بوون، بەڵام ژمارەیەک لە نوێنەری لایەنەکانی دیکە ئامادە نەبوون، بۆیە کۆبوونەوەکە دوا خراوە. لە لیژنەی هەموارى دەستوورى عێراقدا کە هەندێ لایەنی پەرلەمانی عێراق هەوڵی هەوامرکردنەوەی دەدەن، شەش ئەندامی کوردی تێدایە و تاکوو ئێستا چەند کۆبوونەوەیەکیان ساز کردووە.

هاوکات لەگەڵ خۆپیشاندانەکان ..سوپای ئێران لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان مانۆڕی سەربازی دەکات



بەپێی ڕاپۆرتی میدیا فەرمییەکانی ئێران، سوپای ئێران (ئەرتش) بەتەمایە لە پارێزگاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان مانۆڕێکی زەمینیی بەربڵاو بەڕێوە ببات. ئەو مانۆڕە سەربازییە بەناوی (زولفەقاری ویلایەتی 98) و لەلایەن یەکەکانی 40 و 41ی فرۆکەی بێفرۆکەوان، یەکەی 321ی هێرشبەر و ئۆرگانە ئەندازیارییەکانی سوپای ئێران و کۆپتەری هێزی زەمینیی سوپاوە لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەڕێوە دەچن.

میدیا فەرمییەکانی وەک (ئیرنا و ئیسنا)ی ئێران هەواڵی بەڕێوەچوونی ئەو مانۆڕە سەربازییەیان بڵاو کردووەتەوە، هەرچەندە وردەکاریی زیاتر و شوێنی مانۆڕەکە بە دیاریکراوی باس نەکراوە.

ئەو مانۆڕە لە دوو قۆناغی شەوانە و ڕۆژانەدا بەڕێوە دەچێت و هەتا ئێستا دیار نییە ئەو مانۆڕەی سوپا پێشتر ئامادەکاریی بۆ کراوە، یان لەناکاو بڕیاری لەسەر دراوە، چونکە هاوکات لەگەڵ هێرشی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان دوایین مانۆڕی سەربازیی سوپای ئێران لە ڕۆژهەڵات بەڕێوە چووە.

ئەم مانۆڕە لە کاتێکدایە کە ماوەی پێنج ڕۆژە خۆپیشاندان و ناڕەزایی زیاتر لە 70ی شارەکانی ئێران و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش شارەکانی (کرماشان، جوانڕۆ، کامیاران، سنە، مەریوان، سەقز، بۆکان، ئیلام، دێهلۆڕان، سەرپێڵزەهاو، ورمێ، سەڵماس، شائاباد، گێڵانی ڕۆژئاوا و ڕوانسەر) دەستی پێکردووە و تاکوو ئێستا لە هەندێ لە سارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان 45 خۆپیشاندەر کوژراون.

هێمن هەورامی پەیامی هاوخەمی جەنابی سەرۆک بارزانی گەیاندە دەوڵەتی ئیمارات



پاش نیوەڕۆی دوێنێ سێشەمە هێمن هەورامی بە نوێنەرایەتی جەنابی سەرۆک بارزانی سەردانی کۆنسوڵخانەی ئیماراتی لە شاری هەولێر کرد و لەلایەن ئەحمەد الچاهری کۆنسوڵی ئیمارات پێشوازییان لێکرا. لە دیدارێکدا هێمن هەورامی پەیامی ماتەمینی جەنابی سەرۆک بارزانی لە ڕێگەی کۆنسوڵی ئیماراتەوە گەیاندە شێخ خەلیفە بن زاید ال نهیان سەرۆکی دەوڵەتی ئیمارات بەبۆنەی کۆچی دوای براکەیان شێخ سلگان بن زاید ال نهیان، هەر لە دیدارەکەدا جەختیان لە برایەتی و تەبایی نێوان هەردوو گەلی کوردستان و گەلی ئیمارات کردەوە و پەیوەندییە لە مێژینەکانی نێوان هەردوو لا تەئکیدییان لێکرایەوە.

عێراق... عادل عەبدولمەهدی گۆڕانکاری لە پۆستی وەزارەتەکان دەکات

گوتەبێژی نوسینگەی سەرۆکوەزیران، سەعد حەدیسی ڕایگەیاند کە سەرۆکوەزیرانی عێراق، عادل عەبدولمەهدی لیستێکی نوێ پێشکەش دەکات کە ناوی ژمارەیەک وەزیری لەخۆگرتووە بۆ وەزارەتە خزمەتگوزاری و ئابووری و ئەو وەزارەتانەی پەیوەستن بەدۆسیەی چاکسازی و ئەنجامدانی داواکارییەکانی خۆپیشاندەران لەسەر ئاستی بڕێوی و خزمەتگوزاری. سەعد حەدیسی بە ئاژانسی فەرمی عێراقی ڕاگەیاندووە، ژمارەیەک کاندید دەستنیشانکراون و کاردەکرێت بۆ تەواوکردنی ژمارەکەی تریش بەپێی پسپۆڕی و لێهاتوویی و بڕوای سەرۆکوەزیران بەتەواو لێهاتوویی کاندیدی وەزارەتەکان، بەدوور لە دەستێوەردان و کاریگەری لایەنە سیاسییەکان و دیاری کردنی وەزیرەکان لەلایەن ئەو لایەنانەوە. حەدیسی ئاماژەی بەوەشکردووە کە لەماوەیەکی نزیکدا عەبدولمەهدی ناوی وەزیرەکان دەداتە پەرلەمان بۆ دەنگدان لەسەریان. گوتەبێژەکەی نووسینگەی سەرۆکوەزیران ئەوەشی گوت: عەبدولمەهدی داوا لە پەرلەمان دەکات هاوکاری بکەن بۆ دانانی ڕێگایەکی نوێ لە پڕۆسەی دانانی وەزیرەکان بەدوور لە دابەشکاری سیاسی و نزیکیان لە لایەنە سیاسییەکانەوە وەک ئەوەی لە کابینەی حکوومەتەکانی پێشوو کراوە. ئەم هەنگاوەی سەرۆکوەزیرانی عێراق لەچوارچێوەی هەوڵەکانی دەسەڵاتدارانی عێراق دێت بۆ کپکردنەوەی دەنگی ناڕەزایی خۆپیشاندەران و ئەو بەڵێنانەی داویانە بۆ ئەنجامدانی چاکسازی. بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لەسەرووی داواکاری خۆپیشاندەرانی عێراقییەوە دێت کە ماوەی شەش هەفتەیە دەستیان بەخۆپیشاندان کردووە و تائێستاش

ڕووسیا هۆشداریی دەداتە تورکیا

K24/وەزارەتی بەرگری ڕووسیا لە نوێترین لێدوانی لەبارەی ڕەوشی سووریا بڵاویکردەوە، ڕووسیا ئەرکی خۆی بۆ دوورخستنەوەی کورد لە سنووری تورکیا بە تەواوی جێبەجێکردووە.

ڕاشیگەیاند، ڕووسیا سەربازی زیاتر بۆ سنووری نێوان تورکیا و سووریا دەنێرێت تاوەکو سەقامگیریی زیاتر لە باکووری سووریا دەستەبەر بکرێت.

ئاماژەی بەوەشدا، هەڕەشەکانی تورکیا بۆ ئۆپەراسیۆنی نوێی سەربازیی لە باکووری سووریا دۆخەکە خراپتر دەکات.

عێراق.. خۆپیشاندەران دەروازەی بەندەری بازرگانی خۆر ئەلزوبێریان گرت

دوێنێ سێشەمە خۆپیشاندەرانی عێراق ڕێگەی بەندەری بازرگانی خۆر ئەلزوبێریان لە نزیک بەسرە گرت و ڕێگەیان نەدا بارهەڵگرەکان بچنە ناوبەوە، هاوکات کاربەدەستێکی بەندەرەکەش هەواڵەکەی بۆ ئاژانسی دەنگوباسی ڕۆیتەرز پشتڕاستکردووەتەوە، ئەمەش لەکاتێکدایە گەورەترین شەپۆلی خۆپیشاندانی ناڕەزایی دژ بە حکوومەت بەبیانووی نەبوونی خزمەتگوزاری و گەندەڵی لە ماوەی ساڵانی ڕابردووەدا لە عێراق بەردەوامە.

خۆر ئەلزوبێر دووهەم بەندەری سەرەکی کەنداوە لە عێراق و ئەم بەندەرە بۆ هەناردەکردنی سووتەمەنی، کەلوپەلی ئیلیکترۆنی و خۆراک بەکاردێت.

بەگوێرەی دەنگی ئەمەریکا یەکێک لە کاربەدەستەکان ڕایگەیاندووە ئۆپەراسیۆنەکانی داگرتنی ئەو کەلوپەلانەی کە پێویستە بە بارهەڵگر بگوێزرێنەوە بە تەواوەتی ڕاگیرا. بەهۆی شەپۆلی خۆپیشاندانەکانی ئەمدواییەی عێراق کە لە سەرەتای مانگی 10ەوە شاری بەغداوە دەستیپێکرد بەڵانیکەم 315 کەس کوژراون. ئەمەش گەورەترین خۆپیشاندانە لە دوای ڕووخانی ڕژێمەکەی سەددام حسێن.

وتارو ڕاپۆرتەکانتان لەسەر ئەم ناونیشانە بنێرن: yasinheja@yahoo.com
www.xebat.net
چوارشەممە 2019/11/20 ژمارە (5875)

د. سەفار: سەردانی سەرۆکی هەرێم بۆ بەغدا کارەکانی ئێمەی ئاسانتر کرد



بڕیارەدەری لیژنەی دارایی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەڵێت، لەم یەک دوو حەفتەدا بوودجەی 2020 دەگاتە پەرلەمان، دەشڵێ هەوڵ دەدەن مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم بە سیاسی نەکرێت. د. ئەحمەد سەفار، لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتی گوتوویەتی: پرۆژە یاسای بوودجەی 2020ی عێراق لەلای حکوومەت کارەکانی بەرەو کۆتایی دەڕوات، نزیکە لە کۆتایی ئەم هەفتەیە، یا هەفتەی داهاتوو پرۆژەکە بگاتە دەستی لیژنەی دارایی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەڵێت، لەم یەک دوو حەفتەدا بوودجەی 2020 دەگاتە پەرلەمان، دەشڵێ هەوڵ دەدەن مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم بە سیاسی نەکرێت. د. ئەحمەد سەفار، لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتی گوتوویەتی: پرۆژەی یاسای بوودجەی 2020ی عێراق لەلای حکوومەت کارەکانی بەرەو کۆتایی دەڕوات، نزیکە لە کۆتایی ئەم هەفتەیە، یا هەفتەی داهاتوو پرۆژەکە بگاتە دەستی لیژنەی دارایی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق.

بڕیارەدەری لیژنەی دارایی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ڕوونیشی کردەوە، کورتهێنان لە بوودجەی 2020ی عێراق، لە سالّی پێشوو زۆر زیاتر دەبێت، ئەویش بەهۆی خۆپیشاندان و جێکردنەوەی داواکارییەکانیان لە نێو بوودجە، ئەمەش لۆدێکی زۆری خستە سەر بوودجە.

لەبارەی گفتوگۆکانی نێوان شاندی هەرێم و بەغداش د. ئەحمەد سەفار گوتی: بەر لەم ڕووداوانەی دوایی عێراق، شاندی هەرێم و بەغدا دانیشتنیان ئەنجام داوە و گەیشتوون بە لێکتێگەیشتنی باش و ئەنجامەکان ئەرێنین، بڕیارە نەک تەنیا پرسی بوودجەی سالّی 2020 بەڵکو هەموو ئەو کێشانە هەڵواسراوانەی لە نێوان هەرێم و بەغدا، کە لە سالّی 2004 تاوەکو ئێستا هەن، چارەی کۆتایی بکرێت، تا سالانە لە ئامادەکردنی بوودجە کێشەی نەیەتە بەردەم؟ حکوومەتی هەرێمیش ئامادەیە بۆ دەست پێکردنەوەی گفتوگۆکان.

دەشڵێت: دەبێت بۆ پشکی هەرێم چارەیەکی سیاسی لە نێوان حکوومەتی هەرێم و بەغدا هەبێت، لە خراپترین چارەسەریش هەوڵ دەدەین هەمان میزانیەی 2019 بەدەست بێنینەوە، کە مووچەی فەرمانبەران بە سیاسی نەکرێت، هاوکات سەردانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، نێچیرڤان بارزانییش بۆ بەغدا، زۆر گرینگ و لە کاتێکی گونجاودا بوو، لە کۆبوونەوەکانیدا لێکتێگەیشتنی باش هەبووە، بۆیە کارەکانی ئێمەش ئاسانتر دەبێت لە کاتی ئامادەکردن و دەنگدان لەسەر بوودجە، لەبارەی پشکی هەرێم، بەڵام دەبێت پەیوەندییەکان بەردەوام بن بۆ ئەوەی کێشەکان بتەوای چارەبکرێن.

جێگری سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان، لەمیانەی بەشداریکردنی لە دیداری ئاشتی و سەقامگیری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە زانکۆی ئەمەریکی لە دهۆک دوێنێ 19ی تشرینی دووەمی 2019 بەڕێوەچوو، باسی لەوەکرد پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ هەیە لەنێوان سەقامگیری و حکومڕانیی و ئیدارەدانی باش، چونکە وڵاتێک حکومڕانییەکی باش و خزمەتگوزاری باشی نەبێت، ئەوا دووچاری ناڕەزایی و ناسەقامگیری دەبێتەوە.

قوباد تاڵەبانی سەبارەت بە دۆخی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بەوەدا دوای ئەوەی لە ساڵی 2014وە هەرێم ڕووبەڕووی کۆمەڵێک قەیرانی دارایی و ئەمنی و سیاسی بووەوە، حکوومەت دەستی بەهەنگاوەکانی چاکسازی کرد، بۆ ئەمەش ڕاوێژ بە وڵاتانی ڕۆژئاوا کرا و هەوڵیانداوە لە ئەزموون و شارەزاییەکانی ئەوان کەڵک وەربگرن. قوباد تاڵەبانی باسی لەوەشکرد کە گەشبینە بە داهاتووی کوردستان و ئەو پرۆسە چاکسازییەی کە دەستیپێکراوە و ستایشی ئەو پەیوەندییە بەهێزەی کرد کە لەنێوان سەرۆکوەزیران و جێگر و هەموو تیمی حکوومەت و ئەنجوومەنی وەزیران هەیە و گوتی: گرنگ ئەوەیە تیمی حکوومەتی بە یەکگرتوویی بەرەنگاری ئەو ناستەنگانە ببێتەوە کە دێنە ڕێگای و بەردەوام بێت لە چاکسازی چونکە پرۆسەکە هەندێکجار قورس و بەئازارە و ئاستەنگی دێتەبەردەم.

هاوکات قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ کوردستان 24 ڕایگەیاند کە هەماهەنگیی و پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەیە لە تاوتوێکردنی پرسە گرنگەکانی هەرێمی کوردستان، پێویستە ئەو هەماهەنگییە بۆ خوارەوە شۆڕ ببێتەوە. گوتیشی: دەتوانین پێکەوە یارمەتیدەرێکی باشبین بۆ یەکتری لە پێشخستنی کارەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان. قوباد تاڵەبانی ڕاشیگەیاند: ئێستا کەوتوونەتە ناو کاری گەرماوگەرمی حکومی و کارنامەیەکی تۆکمەمان هەیە، بەرچاومان ڕوونە کە دەبێت لەم چوار ساڵە چی بکەین، ئەولەوییەت و تەرکیزی خۆمان تەرخانکردووە بۆ چاکسازیی حوکمڕانی، بۆ ئەوەی بتوانین خزمەتی زیاتری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بکەین. ڕاستە ئەمانە دروشم و ڕوئیان، بۆ جێبەجێکردنی پێویستمان بە یەک تیمی و هەماهەنگییە، ئەو ڕوئیایە کە ڕێککەوتنی نێوان سێ لایەنی سەرەکی سیاسییە دەمانەوێت جێبەجێی بکەین. وەک خۆم خۆشحاڵم کە تائێستا هەماهەنگی بەهێز هەیە لەنێوان سەرۆکی حکوومەت و بەندە و ئەنجوومەنی وەزیران. ئێستا گرنگ ئەوەیە ئەو هەماهەنگییەی کە لەنێوان ئێمە هەیە بۆ خوارەوە شۆڕ ببێتەوە. جێگری سەرۆکی حکوومەت، جەختیکردەوە: هەماهەنگی زۆر باش لەنێوان من و سەرۆکی حکوومەت هەیە، بیروبۆچوون و ڕای یەکتر لەسەر بابەتە گرنگەکان وەردەگرین، پێموایە دەتوانین یارمەتیدەرێکی باشبین بۆ یەکتری، هیوادارم ئەو پێکەوە کارکردنەمان ببێتە هێزێک و شۆڕ ببێتەوە بۆ دامودەزگاکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان. من لەو دۆخە (قەلەق) نیگەران نیم و هەق نییە هیچ کەسێکیش قەلەق بێت.



قوباد تاڵەبانی: هەماهەنگییەکی زۆر باش لەنێوان من و سەرۆکی حکوومەت هەیە

ئێستا هەرێمی کوردستان لە قۆناغی گواستنەوە دایە بەرەو حوکمڕانییەکی باشتر

نەتەوە یەکگرتووەکان: چەندین خۆپیشاندەری ئێران بە گوللە کوژراون



ڕووداو/ خۆپیشاندانەکانی ئێران کە هەینی ڕابردوو دەستیانپێکرد لە بەشێک لە شارەکان هێشتا بەردەوامە و نووسینگەی مافەکانی مرۆڤی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان ڕایدەگەیێنێت، ژمارەیەکی زۆر لە خۆپیشاندەر بە گوللە کوژراون. ڕەپێرت کۆڵێژڵ، گوتەبێژی نووسینگەی مافەکانی مرۆڤی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆژی سێشەمە ڕایگەیاند، ژمارەیەکی زۆر لە خۆپیشاندەرەکانی ئێران بەهۆی گوللەوە لەسەرانسەری ئەو وڵاتەوە کوژراون. ڕەپێرت کۆڵێژڵ ڕاپۆرتانەی کە باس لە کوژرانی ژمارەیەکی زۆر لە خۆپیشاندەران دەکەن لە خۆپیشاندانەکانی ئێران.

هەرچەندە گوتەبێژی نووسینگەی مافەکانی مرۆڤی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان ئامارێکی بە هیچ ژمارەیەک نەداوە، تەنیا ئەوە نەبێت کە ڕایگەیاندووە، ژمارەیەکی زۆر لە خۆپیشاندەرەکانی ئێران بەهۆی گوللەوە لەسەرانسەری ئەو وڵاتەوە کوژراون. ڕەپێرت کۆڵێژڵ ڕاشیگەیاندووە، دیاریکردنی ژمارەی کوژراون لە خۆپیشاندانەکانی ئێران ئاسان نییە. ئەوەش بەهۆی پچڕاندنی هێلی ئینتەرنێت لە ڕۆژی شەمەی ڕابردووەوە تاوەکو ئێستا.

ئەو گوتانەی کۆڵێژڵ لەکاتێک دایە، غوڵام حوسێن ئیسماعیلی، گوتەبێژی داواکاری گشتی ئێران ڕایگەیاند، دۆخی ناوچەکان لە ئێران ئارامبووەتەوە و خۆپیشاندان نەماون. لە ڕۆژی هەینیەوە خۆپیشاندان شار و شارۆچکەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێرانی گرتووەتەوە، بەهۆی گرژییەکانەوە لانیکەم 30 کەس گیانیان لەدەستداو سەدان کەس گیراون. ئێوارەی دووشەمە بە تەقەی هێزەکانی ئێران لە مەریوان سێ کەس بریندارکران. بەگوتەی شاهێدحاڵێکی مەریوان بۆ ڕووداو لە چەند ڕۆژی ڕابردوو "12 کەس کوژراون."

لە هەمواری دەستووردا دەستکاریی مافی کورد ناکرێ

پەرلەمانتارێکی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی، لیژنەی هەمواکردنەوەی دەستوور بە ڕاوێژ لەگەڵ یاساناسان و شارەزایان بەردەوامە لە کارکردن بۆ هەمواکردنەوەی دەستوور و هەموو لایەنەکان کۆکن لەسەر ئەوەی کە دەستکاریی مافەکانی کورد ناکەن، بەتایبەت فیدراڵی و ماددەی140ی دەستووری عێراق.

پەرلەمانتاری پارتی دیموکراتی کوردستان، بەیار دۆسکی، بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتوویەتی: لیژنەی هەمواکردنەوەی دەستووری عێراق بەردەوامن لە کار و کۆبوونەوەکانی خۆیان بە ڕاوێژ لەگەڵ یاساناس و شارەزایانی بواری دەستوور بۆ ئەوەی ئەو ماددانەی پێویستن، هەموار بکرێنەوە و، دواتریش لە پەرلەمان دەنگیان لەسەر بدرێت.

بەیار دۆسکی گوتیشی: ئەوەی جێگەی خۆشحاڵییە هەموو لایەنەکان کۆکن لەسەر ئەوەی بە هیچ شێوەیەک دەستکاریی ئەو ماددانە ناکرێت کە پەیوەندییان بە مافەکانی کوردەوە هەیە، بەتایبەت فیدراڵی و ماددەی 140 چونکە ئەوانەی لە میدیا قسە دەکەن و دژی مافەکانی کوردن بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن و زۆرینەی پەرلەمانتاران لەگەڵ ئەوەن کە مافەکانی کورد بەو شێوەی هەیە، بمێنێت. جێی باسە لەسەر داواکاریی خۆپێشاندەران، لە پەرلەمانی عێراق لیژنەیەک پێکهێنراوە، بۆ ئەوەی دەستوور هەموار بکرێتەوە و هەندێ پەرلەمانتاریش لە میدیا عەرەبییەکاندا باس لەوە دەکەن، کە پێویستە دەستکاریی مافەکانی کوردیش بکرێت.



سحری گەڵاڕێزانی هەورامان، گەشتیاران پەلکێشی خۆی دەکات

وتارو ڕاپۆرتەکانتان لەسەر ئەم ناونیشانە بنێرن: yasinheja@yahoo.com
www.xebat.net
چوار شەممە 2019/11/20 ژمارە (5875)
خەبات

عێراق.. کۆبوونەوەی سەرکردەکانی لایەنە سیاسییەکان

دەبێت حکوومەت لە ماوەی 45 رۆژدا بەڵێنەکانی بۆ ئەنجامدانی چاکسازی جێبەجێ بکات

هەمووان هاوڕابوون لەسەر پاراستنی ژێرخانی دەوڵەت و سیستەمی سیاسی و دیموکرات



سەرکردەکانی لایەنە سیاسییە سەرەکییەکان لە عێراق بەڵێنیان دا لە هەمبەر جێبەجێکردنی داواکارییەکانی خۆپیشاندەراندا چاکسازی فراوان ئەنجام بدەن و راشیدەگەیەنن، ئەگەر حکوومەت و ئەنجوومەنی نوێنەران لە ئەنجامدانی چاکسازی شکستیان هێنا، دەبێت هەڵبژاردنی پێشوەختە ئەنجام بدرێت. ئێوارەی رۆژی دووشەممە لە بەغدا سەرکردەکانی هاوپەیمانی فەتح، هاوپەیمانی نەسر، هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا، هاوپەیمانی هێزە عێراقییەکان، پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، ڕەوتی حیکمە، وەتەنییە، بەرەی ڕزگارکردن و گەشەپێدان، عەتا وەتەنی، عەقد وەتەنی، بەرەی تورکمانی کۆبوونەوە و دوای کۆبوونەوەکەش ڕاگەیەندراوێک بڵاوکرایەوە.

جێی ئاماژە سەرکردەی هاوپەیمانی سائیرون کە لە لایەن سەرکردەی ڕەوتی سەدر، موقتەدا سەدرەوە پاڵپشتی دەکرێت لە کۆبوونەوەکەدا ئامادە نەبوو. بەپێی ڕاگەیەندراوەکە لە کۆبوونەوەکەدا بڕیاردراوە لەئێستادا کاری لەپێشنە ئەوە بێت، لەوە زیاتر خۆیان نەرژێنە، ژیان و مافی هاوواڵتیان بپارێزرێت و ڕێگەنەدرێت بەهیچ شێوەیەک شەڕی ناوخۆ لە وڵاتدا هەڵبگیرسێت کە لە بەرژەوەندی هیچ کەس و لایەنێکدا نییە.

سەرکردەکانی ئەو لایەنە سیاسییانە لە کۆبوونەوەکەدا هاوڕابوون لەسەر پاراستنی ژێرخانی دەوڵەت و سیستەمی سیاسی و دیموکرات، چەسپاندنی بنەمای ئاڵوگۆڕکردنی دەسەڵات بە ڕێگەی میکانیزمەکانی دەستوور.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا جەختکراوەتەوە لەسەر ئەوەی پێوستە سەرۆکوەزیران و هێزە ئەمنییەکان هەوڵەکانیان زیاتر بۆ پتەوترکردنی ئاسایش تایبەت، بەئامانجی لێپرسینەوە بانگهێشتی هەریەک لە وەزیری ڕۆشنبیری، عەبدولئەمیر مایح مازی، ئەندامی پێشووی ئەنجوومەنی نوێنەران، خەدیجە جایر محەمەد و پارێزگاری پێشووی زیقار، محەمەد باقر ناسری و بەڕێوەبەری پێشووی شارەوانی ناسریە، عەبدولناسر غالب عەتشان و بەڕێوەبەری کێڵگەی نەوتی غەراف، ستار مەهدی جەبارە لەگەڵ شەش فەرمانبەری دیکە دەکەین، بە هۆی ئەوەی هەندێک شوێن لە ڕووباری فورات کە لە ڕووی یاساوە بنیاتنانیان تێدا بخەنەگەڕ بۆ ئەوەی وڵات ڕووبەڕووی گرژی و ئاڵۆزی نەبێتەوە، هەروەها داواشکراوە ئەو کەسانەی کە خۆپیشاندانەکانیان بە ئاراستەیەکی دیکە بردووە و دەستگیربکرێن و بدرێنە دادگا.

هەر لە ڕاگەیەندراوەکەدا جەختکراوەتەوە لەسەر ئەوەی کە گرنگە لایەنە پەیوەندارەکان ئەو کەس و لایەنانە بۆ ڕای گشتی ئاشکرا بکەن کە تێوەگلاون لە ڕفاندن و کوشتنی خۆپیشاندەران و هەروەها بەئامانجکردنی دەزگاکانی ڕاگەیاندن. هەروەها لە کۆبوونەوەکەدا بڕیاردراوە کە دەبێت ئەنجوومەنی نوێنەران و حکوومەت بەردەوامبن لە سازکردنی کۆبوونەوەکانیان بۆ ئەوەی تا کۆتایی ئەمساڵ، یاسا و بڕیاری گونجاو دەربکەن بە ئامانجی جێبەجێکردنی داواکارییەکانی خۆپیشاندەران.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوەشکراوە کە لە کۆبوونەوەکەدا بڕیار دراوە دادگای پەیوەندیدار زیاتر کارابکرێت بۆ ئەوەی دۆسیەی گەندەڵی یەکلایی بکاتەوە و ئەو کەسانەش سزا بدات کە تۆمەتبارن بە گەندەڵی تەنانەت ئەگەر سەربە هەر لایەنێک بن.

سەرکردەکانی ئەو لایەنە سیاسیانە ڕایانگەیاندووە کە فراکسیۆنەکانیان لە ئەنجوومەنی نوێنەران پابەند دەبن بە دەرکردنی یاسای نوێ بەمەبەستی جێبەجێکردنی داواکارییەکانی خۆپیشاندەران لەنێویاندا یاسای هەڵبژاردنەکان، یاسای کۆمیسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و یاسای نەوت و غاز.

لە کۆبوونەوەکەدا باس لەوە کراوە کە دەبێت حکوومەت لە ماوەی 45 ڕۆژدا بەڵێنەکانی بۆ ئەنجامدانی چاکسازی جێبەجێ بکات لەوانە هەموارکردنەوەی حکوومەت کە دوور بێت لە پشکپکشێنە، ڕەخساندنی دەرفەتی کار و دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان.

هەر لە کۆبوونەوەکەدا سەرکردەکانی لایەنە سیاسییەکان بەڵێنیانداوە چاکسازی لە دامەزراوە حکوومییەکان بکرێت، هەروەها یاسای دەستەبەرکردنی کۆمەڵایەتی و دەستەبەرکردنی تەندروستی دەربکرێت و لە جێبەجێکردنی پڕۆژەکانیشدا زیاتر دەرفەت بە هاوواڵتیانی عێراق بدرێت لە بری کرێکارانی بیانی و جەختیش لەوەکراوەتەوە کە دەبێت سەرجەم دەروازە سنوورییەکان لەژێر کۆنترۆڵی حکوومەت دابن.

هەروەها ئەو سەرکردەکانی ئەو لایەنە سیاسییانە بڕیاریانداوە یاسای پاراستنی ئازادی ڕادەبڕین، خۆپیشاندانی ئاشتیانە، ئازادی ڕاگەیاندن پێشکەش بە ئەنجوومەنی نوێنەران بکەن بۆ ئەوەی پەسەند بکرێت. لە کۆتایی ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە: ئەگەر حکوومەت و ئەنجوومەنی نوێنەران لە ئەنجامدانی چاکسازی شکستیان هێنا، دەبێت هەڵبژاردنی پێشوەختە ئەنجام بدرێت.

عێراق.. ناڕەزایەتی دژ بە ڕفاندنی چالاکانی مەدەنی

کۆمسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤ داوای لە لایەنەکانی حکوومەت کرد سنووردێک بۆ کۆتاییهێنان بە ڕفاندنی چالاکوانان، ڕۆژنامەوانان و پارێزەران دابنێن و داواش دەکات ئەو کەسانە ئاشکرا بکرێن کە ئەو کارە ئەنجام دەدەن. لە ڕاگەیەندراوێکی کۆمسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤدا هاتووە: داوا لە فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان دەکەین کە فەرمان بە هێزە ئەمنییەکان لە وەزارەتی ناوخۆ، ئاسایشی نیشتمانی و هەواڵگریی بکات ڕێوشوێنی پێویست بە ئامانجی کۆتاییهێنان بە ڕفاندنی چالاکوانان، ڕۆژنامەوانان و پارێزەران بگرنەبەر.

هەر لە ڕاگەیەندراوەکەدا داوا کراوە ئەو کەسانە ئاشکرا بکرێن کە لە میانی خۆپیشاندانەکاندا ژمارەیەک چالاکوان، ڕۆژنامەوانان و پارێزەران ڕفاندرانیان ڕفاندووە. لە کۆتایی ڕاگەیەندراوەکەدا جەختکراوەتەوە لەسەر ئەوەی کە هێزە ئەمنییەکان بەرپرسن لە بەدواداچوون و ئاشکراکردنی چارەنووسی ئەو کەسانەی کە لە میانی خۆپیشاندانەکان ڕفێندراون و، دەبێت ئەو کەسانەش کە لەو کارە تێوەگلاون دەستگیربکرێن و بدرێنە دادگا.

لەمیانی ئەو خۆپیشاندانانەی کە لە سەرەتای مانگی ڕابردووە دژبە حکوومەت لە شاری بەغدا و شارەکانی ناوەڕاست و باشووری ئەنجام دەدرێن بەردەوامی هەیە، ژمارەیەک چالاکوان، ڕۆژنامەوان و پارێزەر ڕفێندراون کە تائێستا چارەنووسیان نادیارە.



363 هەزار شنگالی لە ژێر کەمپەکاندا ژیان بەسەر دەبەن

مەحما خەلیل: زیاتر لە سەدا 80ی خەڵک نەگەڕاونەتەوە شنگال

قایمقامی شنگال و ڕاوێژکار بۆ کاروباری ئێزدییان لە پەرلەمانی کوردستان مەحما خەلیل لە لێدوانێکدا گوتی: ڕەوشی شنگال خراپە و لە ڕۆژی 3/8/2014دا تا ئێستا جینۆسایدی مرۆڤ و جۆگرافیا و ئابووری بەردەوامە.

قایمقامی شنگال مەحما خەلیل گوتیشی: لە ئێستادا 363 هەزار شنگالی لە ژێر کەمپەکاندا ژیان بەسەر دەبەن و، 450 هەزار کەس زیاتر چوونەتە دەرەوە و، زیاتر لە سەدا 80ی خەڵک نەگەڕاونەتەوە شنگال کە ئەمەش بێگومان کێشەکە لە ئەستۆی حکوومەتی عێراقە، چونکە پێویستە ڕزگارکردنی مرۆڤ هەبێت نەک ڕزگارکردنی شوێن.

لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا، قایمقامی شنگال، حکوومەتی عێراقی بەهۆکاری نەگەڕانەوەی خەڵکی شنگال زانی و جەختی لەوەکردەوە کە داوایانکردووە هێزێکی هاوبەشی حکوومەتی عێراق و حکوومەتی هەرێم ناوچەکە بپارێزن و پێویستە هێزە نایاساییەکان ناوچەکە چۆڵ بکەن و لەمبارەیەوە گوتی: لە ڕاستیدا ئایشی ناوچەکە پارێزراونییە، حکوومەتی بەغدا هۆکار بووە کە خەڵک نەگەڕاوەتەوە چونکە ئاستەنگی سیاسیی و ئەمنیی و ئابووری هەیە، هەر بۆیەش داوامان لە بەغدا کردووە کە هێزێکی هاوبەشی حکوومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان لە ناوچەکەبن و هێزەکانی دیکەی وەک پەکەکە و حەشدی شەعبی لەوێ نەمێنن و ناوچەکە چۆڵ بکەن.

قایمقامی شنگال پێی وایە دەبوو پڕۆسەی گەڕانەوەی ئاوارەکان بە فیلتەرێکی ئەمنییدا تێپەڕبوایە و ئاشکرای دەکات کە چەند داعشێک خۆیان خزاندووەتە ناو شنگال و لەمبارەیەوە گوتی: دەبوو فلتەرێکی ئەمنیی هەبوایە لە کاتی گەڕانەوەی ئاوارەکان چونکە بەشێک لەوێ بەرۆژ مەدەنی و بەشەو داعشن و ئەمەش زیاتر ناوچەکەی ئاڵۆزکردووە. ناوبراو ئاشکرایشی دەکات ماوەی دوو ساڵ دەبێت هیچ ڕێکخراوێکی بیانیی سەردانی خەڵکی شنگالی نەکردووە و گوتیشی: خەڵکی شنگال ڕەوشیان خراپە. پێش 16ی ئۆکتۆبەری 2017 ڕێکخراوە بیانییەکان سەردانی ئاوارە و ناوچەکەیان دەکرد بەڵام دوای ئەو بەرواره هیچ ڕێکخراوێکی بیانی سەردانی ناوچەکەی نەکردووە.

عێراق... لێپرسینەوە لە وەزیری ڕۆشنبیری و ژمارەیەک بەرپرسی دیکە دەکرێت

تایبەت، بەئامانجی لێپرسینەوە بانگهێشتی هەریەک لە وەزیری ڕۆشنبیری، عەبدولئەمیر مایح مازی، ئەندامی پێشووی ئەنجوومەنی نوێنەران، خەدیجە جایر محەمەد و پارێزگاری پێشووی زیقار، محەمەد باقر ناسری و بەڕێوەبەری پێشووی شارەوانی ناسریە، عەبدولناسر غالب عەتشان و بەڕێوەبەری کێڵگەی نەوتی غەراف، ستار مەهدی جەبارە لەگەڵ شەش فەرمانبەری دیکە دەکەین، بە هۆی ئەوەی هەندێک شوێن لە ڕووباری فورات کە لە ڕووی یاساوە بنیاتنانیان تێدا بخەنەگەڕ بۆ ئەوەی وڵات ڕووبەڕووی گرژی و ئاڵۆزی نەبێتەوە، هەروەها داواشکراوە ئەو کەسانەی کە خۆپیشاندانەکانیان بە ئاراستەیەکی دیکە بردووە و دەستگیربکرێن و بدرێنە دادگا.

هەر لە ڕاگەیەندراوەکەدا جەختکراوەتەوە لەسەر ئەوەی کە گرنگە لایەنە پەیوەندارەکان ئەو کەس و لایەنانە بۆ ڕای گشتی ئاشکرا بکەن کە تێوەگلاون لە ڕفاندن و کوشتنی خۆپیشاندەران و هەروەها بەئامانجکردنی دەزگاکانی ڕاگەیاندن. هەروەها لە کۆبوونەوەکەدا بڕیاردراوە کە دەبێت ئەنجوومەنی نوێنەران و حکوومەت بەردەوامبن لە سازکردنی کۆبوونەوەکانیان بۆ ئەوەی تا کۆتایی ئەمساڵ، یاسا و بڕیاری گونجاو دەربکەن بە ئامانجی جێبەجێکردنی داواکارییەکانی خۆپیشاندەران.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوەشکراوە کە لە کۆبوونەوەکەدا بڕیار دراوە دادگای پەیوەندیدار زیاتر کارابکرێت بۆ ئەوەی دۆسیەی گەندەڵی یەکلایی بکاتەوە و ئەو کەسانەش سزا بدات کە تۆمەتبارن بە گەندەڵی تەنانەت ئەگەر سەربە هەر لایەنێک بن.

سەرکردەکانی ئەو لایەنە سیاسییانە ڕایانگەیاندووە کە فراکسیۆنەکانیان لە ئەنجوومەنی نوێنەران پابەند دەبن بە دەرکردنی یاسای نوێ بەمەبەستی جێبەجێکردنی داواکارییەکانی خۆپیشاندەران لەنێویاندا یاسای هەڵبژاردنەکان، یاسای کۆمیسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و یاسای نەوت و غاز.

لە کۆبوونەوەکەدا باس لەوە کراوە کە دەبێت حکوومەت لە ماوەی 45 ڕۆژدا بەڵێنەکانی بۆ ئەنجامدانی چاکسازی جێبەجێ بکات لەوانە هەموارکردنەوەی حکوومەت کە دوور بێت لە پشکپکشێنە، ڕەخساندنی دەرفەتی کار و دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان.

هەر لە کۆبوونەوەکەدا سەرکردەکانی لایەنە سیاسییەکان بەڵێنیانداوە چاکسازی لە دامەزراوە حکوومییەکان بکرێت، هەروەها یاسای دەستەبەرکردنی کۆمەڵایەتی و دەستەبەرکردنی تەندروستی دەربکرێت و لە جێبەجێکردنی پڕۆژەکانیشدا زیاتر دەرفەت بە هاوواڵتیانی عێراق بدرێت لە بری کرێکارانی بیانی و جەختیش لەوەکراوەتەوە کە دەبێت سەرجەم دەروازە سنوورییەکان لەژێر کۆنترۆڵی حکوومەت دابن.

هەروەها ئەو سەرکردەکانی ئەو لایەنە سیاسییانە بڕیاریانداوە یاسای پاراستنی ئازادی ڕادەبڕین، خۆپیشاندانی ئاشتیانە، ئازادی ڕاگەیاندن پێشکەش بە ئەنجوومەنی نوێنەران بکەن بۆ ئەوەی پەسەند بکرێت. لە کۆتایی ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە: ئەگەر حکوومەت و ئەنجوومەنی نوێنەران لە ئەنجامدانی چاکسازی شکستیان هێنا، دەبێت هەڵبژاردنی پێشوەختە ئەنجام بدرێت.



لوبنان.. بەهۆی خۆپیشاندانەکانەوە دانیشتنی ئەنجوومەنی نوێنەران سازنەکرا

سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی لوبنان، نەبیە بڕی ڕایگەیاند کە بەهۆی خۆپیشاندانەکان و تەواونەبوونی ڕێژەی یاسایی ئەندامان، دانیشتنی ئەنجوومەنەکە بۆ کاتێکی دیکە دواخراوە کە بڕیاربوو دوێنێ سێشەممە سازبکرابایە. لە هەفتەی ڕابردووە تا ئێستا ئەمە دووەمجارە دانیشتنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی لوبنان بەهۆی خۆپیشاندانەکانەوە دواده‌خرێت.

پێشتر ئاماژە بەوەکرابوو کە خۆپیشاندەران بە ئامانجی پەکخستنی دانیشتنی ئەنجوومەنی نوێنەران ڕێگاکانیان لە ناوەڕاستی بەیروت داخستووە. لە ڕۆژی ١٧ی مانگی ڕابردووە خۆپیشاندان دژی پلانی حکوومەت بۆ زیادکردنی باج لەسەر هاووڵاتیان لە پڕۆژە یاسای بوودجەی 2020لە لوبنان، دەستیپێکردووە و تا ئێستا بەردەوامی هەیە. بەهۆی خۆپیشاندانەکانی لوبنانەوە، سەرۆکوەزیرانی ئەو وڵاتە، سەعد حەریری لە 29ی مانگی ڕابردوود دەستی لەکار کێشایەوە. خۆپیشاندەرانی لوبنان داوا دەکەن پەلە بکرێت لە پێکهێنانی حکوومەتێک کە وەزیرەکانی سەربە هیچ پارتێک نەبن، هەروەها هەڵبژاردنی پێشوەختە ئەنجام بدرێت و گەندەڵکارانیش سزا بدرێن.

www.xebat.net
چوارشەممە 2019/11/20 ژمارە (5875)
خەبات

سوپای ئیسرائیل: لە سووریاوە مووشەک هەڵدراوە بۆ ئیسرائیل

تەواوی مووشەکەکان لەلایەن سیستەمی بەرگری ئاسمانی ئیسرائیلەوە تێکشکێنراون

سوپای ئیسرائیل رایگەیاند کە لە سووریاوە چوار مووشەک ئاراستەی بەرزاییەکانی جۆلانی ژێر جلەوی ولاتەکەیان کراوە و لەلایەن سیستەمی بەرگری ئاسمانیی ئیسرائیلەوە تێکشکێنراون. سوپای ئیسرائیل لە راگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوەداوە کە مووشەکەکان سەرلەبەیانی ئاراستە کراون و لە سووریاوە ئەنجام دراون.

تەواوی مووشەکەکان لەلایەن سیستەمی بەرگری ئاسمانی ئیسرائیلەوە تێکشکێنراون. لەلایەکی ترەوە ئاژانسی هەواڵی رژێمی ئەسەد ناسراو بە سانا، بڵاوی کردەوە کە لەهەمان کاتدا لە نزیک فڕۆکەخانەی دیمەشقی پایتەخت دەنگی تەقینەوە بیستراوە.

ئێران.. لە خۆپیشاندانەکاندا سێ ئەندامی هێزەکانی بەسیج و سوپای پاسداران کوژراون



ئاژانسی هەواڵیی ئێران "فارس" بڵاویکردەوە لە خۆپیشاندانەکانی شەوی سێشەممەی رۆژئاوای تاران، سێ ئەندامی هێزەکانی بەسیج و سوپای پاسداران کوژراون.

ئاژانسی ناوبراو ئاماژەی بەوەکردووە کە شەوی رابردوو لە میانی خۆپیشاندانەکانی شاری مەرەند رۆژئاوای تاران رووبەڕووبوونەوە و پێکدادان لە نێوان خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەکاندا رووبداوە کە بەهۆیەوە سێ ئەندامی هێزەکانی بەسیج و سوپای پاسداران کوژراون.

لە لایەکی دیکەوە میدیاکانی ئێران بڵاویانکردەوە کە لە رۆژی هەینی رابردووەوە بەهۆی بڕیاری حکوومەتی ئێران بۆ گرانکردنی نرخی بەنزین، خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی دەربڕین تەواوی ولاتەکەی گرتووەتەوە. کۆمپانیای نیشتمانیی دابەشکردنی بەرهەمە نەوتییەکانی ئێران لەو بارەیەوە بڵاویکردەوە، ئەو بەنزینەی لەلایەن حکوومەتەوە دابیندەکرێت، پێشتر مانگانە تا 60 لیتر، هەر لیترێکی بە هەزار تمەن بووە بەڵام ئێستا بەرزبووەتەوە بۆ هەزار و 500 تمەن. لە ئەگەری بەکارهێنانی زیاتر لە 60 لیتر بەنزین لە مانگێکدا بۆ هەر ئۆتۆمبێلێک ئەوە نرخی لیترێک بەنزین بۆ سێ هەزار تمەن بەرزدەبێتەوە.

دەسەڵاتدارانی ئێران ڕایانگەیاندووە، بەو هەنگاوەیان سالانە داهاتی وڵاتەکە دوو ملیارو 55ملیۆن دۆلار زیاد دەکات.

ئێران کە خاوەنی گەورەترین سامانی نەوتە لە جیهاندا، حکوومەتەکەی رایگەیاندووە کە مانگانە 60 لیتر بەنزین بۆ هەر ئۆتۆمبێلێک دابین دەکات. ئەمەش نیگەرانی و خۆپیشاندانی هاوواڵتیانی لێکەوتووەتەوە، لەماوەی ئەو چەند رۆژەشدا گرژی و ئاڵۆزی لە نێوان خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەکاندا رووبداوە کە بەهۆیەوە ژمارەیەک خۆپیشاندەر کوژراون و برینداربوون.

ئەمەریکا: خۆپیشاندانەکانی عێراق ئامانج لێیان کۆتایی هێنانە بە دەستوەردانەکانی ئێران

وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، مایک پۆمپیۆ رایگەیاند کە وڵاتەکەی پاڵپشتی لە سەقامگیری عێراق دەکات و ئاماژە بەوەش دەکات ئەو خۆپیشاندانانەی کە لە شاری بەغدا و شارەکانی ناوەڕاست و باشوور ئەنجام دەدرێن ئامانج لێیان، کۆتایی هێنانە بە دەستوەردانەکانی ئێران لە عێراق. مایک پۆمپیۆ لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانییدا باسی لەوەکرد کە وڵاتەکەی دەستەوەستان ناوەستێت بەرامبەر گەندەڵی کە نەهامەتی بۆ عێراقییەکان هێناوە.

وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، مایک پۆمپیۆ گوتیشی: دەستەوەستان ناوەستین کە دەبینین بەرپرسانی گەندەڵکار، گەلی عێراقییان تووشی نەهامەتی کردووە. لەبارەی خۆپیشاندانەکانی عێراقەوە مایک پۆمپیۆ گوتی: ئەو خۆپیشاندانەی کە لە عێراق ئەنجام دەدرێن ئامانج لێیان، کۆتایی هێنانە بە دەستوەردانەکانی ئێران لەو وڵاتە. وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، مایک پۆمپیۆ گوتیشی: دەستەوەستان ناوەستین کە دەبینین بەرپرسانی گەندەڵکار، گەلی عێراقییان تووشی نەهامەتی کردووە. لەبارەی خۆپیشاندانەکانی عێراقەوە مایک پۆمپیۆ گوتی: ئەو خۆپیشاندانەی کە ئامانجی دەستوەردانەکانی ئێران لەو وڵاتەکەیە و بەپێی دواپین ئامار کە کۆمیسیۆنی بااڵی مافەکانی مرۆڤ لە عێراق بڵاویکردووەتەوە، ژمارەی ئەو کەسانەی لە میانی خۆپیشاندانەکاندا بوونەتە قوربانی، گەیشتووەتە 335 کوژراو و 15 هەزار بریندار کە لە نێویاندا کارمەندی ئەمنی هەن.

سەرەتای خۆپیشاندەران داوای باشکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان، دابینکردنی هەلی کار، بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیان دەکرد، بەڵام دواتر بەهۆی بەکارهێنانی زەبر و زەنگ لەبەرامبەریان و کۆژران و برینداربوونی ژمارەیەکی زۆر لە خۆپیشاندەران بەو هێزەوە، ئاستی داواکارییان گۆڕی بۆ دەستلەکارکێشانەوەی حکوومەت.

هۆنگ کۆنگ... وەستانی ژیانی ئاسایی بەهۆی خۆپیشاندانەکانەوە

خۆپیشاندانەکانی هۆنگ کۆنگ لەوەتەی مانگی حوزەیرانی ئەمساڵ بەهۆی یاسای رادەستکردنەوەی گومانلێکراو لە حکوومەتی خۆرئاوایی هۆنگ کۆنگ بە وڵاتی چین دەستیپێکردووە و سەرەڕای هەڵوەشانەوەی ئەو یاسایەش، تا ئێستا خۆپیشاندانەکان درێژەیان هەیە و کاریگەری نەرێنی خستووەتە سەر ئەو ناوچەیە کە بە ناوەندی دارایی جیهانی هەژمار دەکرێ. هاوکات رووداوەکانی تونددوتیژی و رووبەڕووبوونەوەی هاوواڵتیان و پۆلیس، ژیانی لە ناوچەکە وەستاندووە و تا ئێستاش نازانرێ ئەو رووداوانە کەی کۆتایی پێدێت.

لەگەڵ ئەمەشدا داگیرکردنی زانکۆی پۆلۆتەکنیک لە چەند رۆژی رابردووەدا و بریندارکردنی هێزە ئەمنییەکان بەهۆی تێکەڵاوی مۆلۆتۆف و ئەو تیرانەی لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە هاوێژرابوون، گرژی و پێشهاتەکانی بەرزتر کردەوە. زیادبوونی گرژی و ئاڵۆزییەکان و بەردەوامی ئەو دۆخە لە ناوچەکەدا دوای ئەوە دێت کە رووبەڕووبوونەوەی نێوان خۆپیشاندەران و هێزەکانی ئەمنی گەیشتە تونێلی Cross-Harbour ئەو شارە.

هاوکات خۆپیشاندەران ئاگریان لەسەر پردەکە کردەوە و ئۆتۆمبێلی پۆلیسیان سوتاند، لە بەرامبەر ئەمەش پۆلیس بە گازی فرمێسکڕێژ و پاڵەپەستۆی ئاو رووبەڕووی خۆپیشاندەران بوونەوە. لە پاڵ ئەمەش هۆشداری ئەوە دراوە کە ئەگەر خۆپیشاندەران کۆتایی بە داگیرکردنی حەرەمی ئەو زانکۆیە نەهێنن، ئەوا ڕەنگە پۆلیس "فیشەکی ڕاستەقینە" بەکاربهێنێت.



لە هەر ڕوویەکەوە شکست



نووسینی/ Kristin Helberg
و. لە ئەڵمانییەوە/هەڵۆ بەرزنجەیی

بەشی 2

گەڵێ چالاکوان تەنها هەڵاتنیان بۆ ماوەتەوە

دەسەڵات گرتنەوە دەست لەلایەن دیمەشقەوە زۆر بەخێرایی و بێ دەنگ و سەرکەوتووانە دەبێت، چونکە ڕژێمی سووریا لەم ڕۆژهەڵاتی باکووری هەرگیز بەتەواوی بزر نەبووە. ئەسەد لە 2012 وە ڕێگەی لەوێ دا بە پەیەدە،لەبەرئەوەی ئەو لە شوێنی دیکە پێویستی بە هێزەکانی بوو بەکاری بهێنێ و هیچیش پێویستنەبوو بترسێ لە پەیەدە. وەک دەستەخوشکێکی پەکەکە، بەتێکڕا خەریکی بەرژەوەندی کورد بوو، نەک گۆڕینی ڕژێم لە دیمەشق. ڕژێم هەڵوێستێکی گرنگی وەر نەگرتووە - لەخودی قامشلیدا ، کە گەورەترین شاری تەواو کوردییە لە سووریا ،هەتا ئێمڕۆ فڕۆکەخانە و بەشێکی شارەکە لەژێر کۆنترۆڵی ئەسەددایە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کەوا ڕژێم لەم ناوچانەدا جارێکی تر بەخێرایی جێ پێی خۆی قایم دەکاتەوە. کوردەکان بەهەندێ مافی کوولتوری و داننان بە - خۆیندن بە زمانی کوردی و یادی بۆنە و جەژنی نەوروز لە 21.3 ڕازی دەکات، دەنا وەکو تر پێویستە لەگەڵ ڕژێمی ناسیۆنالیستی هاوئاهەنگی بکەن. هەروەها لەژێر دەسەڵاتی ئەسەددا گۆڕانی دیموگرافی هەڕەشەیەکە- لە کاتێکدا حیزبی بەعس کە هەتا ئێمڕۆ حوکم دەکات. لە ساڵانی شەستەکان بە هەڵمەتی "پشتێنەی عەرەبی" لەسەر سنووری ڕۆژهەڵاتی باکوور دەستی کرد بە ئەنجامدانی سیاسەتی بەعەرەبکردن. ناوی گوندە کوردییەکان گۆڕدرا و خێڵی عەرەب و لایەنگرانی ڕژێمی بە مەبەست تێدا نیشتەجێ کرا، بۆئەوەی پێکهاتە ئێتنییەکان بگۆڕن و جگەرسۆزی و دڵسۆزی ناوچە سنووریییە نزیکەکان، بەرامبەر بە دەسەڵاتی ناوەندی دیمەشق زامن و مسۆگەر بکەن. بەیاسای ستەمکاری و سیاسەتی کەسی گونجاو ڕژێم هەوڵ دەدات، کورد لەو باوەڕ بەخۆبوونە نوێیەدا جارێکی تر دەرپەڕێنێت و زەمینە ساز بکات زیاتر دەسەڵات بکەوێتە دەست خێڵە عەرەبە وابەستەکانیان لە ڕۆژهەڵاتی باکوور .هەمو لەبەردەم هەڕەشەدان، لەتەک تەواوی دانیشتوانی ڕۆژئاوادا ، ئەوانەی حکوومەتی سووریان خستبووە ژێر پرسیارەوە و لەدژی وەستابوونەوە- ئیدی ئاسایی نەکورد بێت عەرەب یاخود ئاسووری. هەموو دەبێ چاوەڕوانی ئەوەبن دەبڕێن بۆ سەربازی یاخود دەگیرێن و زۆر دەترسن لەوەی کەوا دەزگای هەواڵگیری سووریا بێتەوە. بۆ زۆر چالاکوان لەئاکامدا جگە لە هەڵاتن هیچ نامێنێتەوە. سەرەتا بۆ کوردستانی عێراق دواتر بۆ ئەوروپا.

چاوەڕێکردنی ئەو 12 هەزار ئەندامە گیراوەی داعش بە 8 هەزار ژن و منداڵیانەوە، کە لەزیندان و بارەگاکانی کوردان، دەزگای هەواڵگیری سووری سەرقاڵیان دەبێت. ئەم بارودۆخە بە هیچ شێوەیەک دڵنیایەبەخشتر نابێت، دەزگای هەواڵگیری سووری لە ڕابووردوو ، ئەم شێوە پەرگیرییەی بە ئامانجی هێشتنەوەی دەسەڵاتی خۆی و دژی ناحەزەکانی بەکارهێناوە. بە نزیکەیی لە 2003 وە کاتێ ڕژێم ڕێگەی دەدا سەلەفیستەکان بچنە عێراق، بۆئەوەی لەوێ دژی داگیرکاری ئەمەریکا شەڕ بکەن. دواتریش لەگەڵ دەستپێکردنی شۆڕشی 2011 کاتێ سەرۆکایەتی لە دیمەشق سەدان ئەندامی القاعیدەی لە زیندانەکانی سووریا لەسەر داوا ئازاد کرد، هەر ئەوکاتە ڕاپەڕینی جەماوەر ورده ورده چوو بەرەو لادان و ڕادیکالیزەبوون .

ئەگەر بێت و داعشە ئەوروپاییەکان بکەونە زیندانەکانی بەعسەوە، ڕژێم دەتوانێ گووشار بۆسەر ئەوروپا بهێنێ پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئاسایی بکەنەوە و پێکەوە کار بکەن. پێویستە دەزگاکانی ئاسایشی ئەڵمانی و فەرەنسی لەگەڵ سەرۆکی دەزگای هەواڵگیری سووری پێکەوە سەودا و مامەڵە بکەن، بەدوای ئەوانەدا بگەڕێن، کە بە فەرمانی نێونەتەوەیی بەهۆی تاوانکارییەوە بەرامبەر بە مرۆڤایەتی کردوویانە. ئەمەش گرێ کوێرەیەکە کە بەزەحمەت دەکرێتەوە. لەمەودایەکی مامناوەندیدا ڕژێمی بەعس دەتوانێ ئامانەتی بدات کەوا ئەوان سەرقاڵی ڕادیکالیزەبوون و ئەگەر بێت و داعشە ئەوروپاییەکان بکەونە زیندانەکانی بەعسەوە، ڕژێم دەتوانێ گووشار بۆسەر ئەوروپا بهێنێ پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئاسایی بکەنەوە و پێکەوە کار بکەن. پێویستە دەزگاکانی ئاسایشی ئەڵمانی و فەرەنسی لەگەڵ سەرۆکی دەزگای هەواڵگیری سووری پێکەوە سەودا و پاسپۆرتی ئەوروپاییەوە بەڕەڵا دەکات.

گەورەترین زیان بە دڵنیاییەوە بە کۆمەڵگای سووری دەگات، کە تێیدا خانەگومانی و ڕک و کینە بەردەوام پەردەدەسێنێ. هەر یەکە بەوی تر دەڵێ ناپاک. - کوردەکان ناپاکییان لەشۆڕش کرد. هێزە سووریە ئۆپۆزیسیۆنەکان وا دەڵێن ئەوان لەگەڵ ئەسەد دا ڕێکەوتن و دوای بەرژەوەندی خۆیان کەوتن، لەبری ئەوەی بەشداری بکەن لە شەڕی دژی بە ئەسەددا . بە پێچەوانەشەوە کوردەکان- ئەندامانی پەیەدەبن یان نا - ئۆپۆزیسیۆنی سووری کتومت بەهەمان شێوەی ناسیۆنالیستی - عەرەبی دادەنێن، هەروەک ڕژێمی - بەعس و ئەوەی لە ئەنقەرەوە وەگیراوە. ڕاپەڕیوەکانی جاران کەئێستا بوونەتە چەتە و بەکرێگیراوی ئەردۆغان، کوردی هاوڵاتی خۆیان کۆمەڵکوژ دەکەن. ئەمەش دەری دەخات کۆمەڵگەی سووری بە چ دۆخێکی خراپ گەیشتووە. نەیارەکانی ئەسەد کە لە ئایدۆلۆژیای دەیەی ڕابوردوودا گیریان خواردووە، جگە لە ناسیۆنالیزم و ئیسلامیزم، ژۆربەیان بیر لە هیچی تر ناکەنەوە. لەبەرئەوە جوێن بە کورد دەدەن وەک »جیاخواز «یاخود وەک "کافر". هەندێ دەنگی کەمی زیرەک و هاوکاریی، کە ئازار و ژانی خەڵک لە ئیدلب لەگەڵ دانیشتوانی ڕۆژئاوا هەژمار ناکەن، بەزەحمەت دێتە مەیدان. لەگەڵ ئەوەدا کە سەر بە سووریان و کە هێشتا هەر بیردەکەنەوە، ڕاپەڕینی وڵاتەکەیان لە بنچینەدا لەسەر چی بووە:

لە پێناوی ژیانێک لە سووریا بە ئازادی و بە ڕوومەت بۆ هەموو دانیشتوانی وڵات، چۆن و کەی کۆمەڵگەی سووری دەتوانێ بەسەر ئەم شێتاوییە دا زاڵ بێت، لەپێشی هەرە پێشەوە بە هێزە دەرەکییەکانەوە وابەستەیە، کە سووریایان کردۆتە مەیدانی سەپاندنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان. بۆ ئەمەریکا و ئەوروپا ئێستا یارییەکە کۆتایی هاتوە، تۆپەکە لە ئێستا بەدواوە لە نێوان مۆسکۆ، تاران، ئەنقەرە و دیمەشق دا دێت و دەچێ. بەم شێوەیە سووریییەکان ئاسایش یاخود ئاشتی زیاتر نابینەوە.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی دی تسایتی ڕۆژی 2019/10/16

https://www.zeit.de/politik/ausland/2019-10/nordsyrien-baschar-al-assad-usa-tuerkei-kurden-islamischer-staat-krieg

نووسەر× زانستکاری سیاسی و ڕۆژنامەوان و پسپۆڕ و شارەزایەکی دیارە و سالانێکی زۆر لە سووریا ژیاوە. کار بۆ کۆمەڵێ تیڤی و ڕادیۆی فەرمی ئەڵمانی و نەمساوی و سویسری دەکات و بۆ هەفتەنامەی بەناوبانی دی تسایت دەنووسێ. خاوەنی چەند کتێبێکە لەسەر سووریا.

عەلی حوسێن و عیرفان کەرکووکی جەخت لە ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی کەرکووک لە دوایی 16ی ئۆکتۆبەر دەکەنەوە



دوێنێ عەلی حسێن بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی دیموکراتی کوردستان بەئامادەبونی بەرپرسی دیسکی پارتە تورکمانییەکان و ئەندامانی مەکتەب، پێشوازی لەعیرفان کەرکوکی سەرۆکی پارتی گەلی تورکمان و ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی گەلی تورکمان کرد.

لە دیدارێکدا بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی لەگەڵ سەرۆکی پارتی گەلی تورکمان باسیان لەپاراستنی یەکریزی و پتەوکردنی گیانی برایەتی و پێکەوە ژیانی لە مێژینەی نەتەوەی کوردو تورکمان لە پێناو خزمەت کردن بەئەزموونی دیموکراسی و خەڵکی کوردستان بەتایبەت شاری کەرکوک و ئاسایی کردنەوەی بارۆخی شارەکە لەدوایی شانزەی ئۆکتۆبەر کردەوە، هەروەها بارودۆخی سیاسی ناوچەکەو پرسە سیاسیەکانی ئەمرۆی پەیوەندییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان و هەستیاری قۆناغەکەو خڕپێشاندانەکانی خەڵکی ناوەراست و باشوری عێراق و هێنانە پێشەوەی پرسی دەستورو دواین گۆڕانکاری و پێشهاتە تازەکان تیشکی خرایەسەر، لەهەمبەر هەموو ئەم پرسانە هەردوولا تەئکیدیان لەهەماهەنگی و یەکگوتاری زیاتری لایەنە سیاسیەکان و تەواوی پێکهاتەکان کردەوە بۆ پاڵپشتی لەمافە دەستوریەکانی خەلکی کوردستان و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستان، پاشان عیرفان کەرکوکی سەرۆکی پارتی گەلی تورکمان کە هاوکات ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکیشە ستایشی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی کرد کە هەمیشە لەسەنگەری پاراستنی کوردستاندان، هەروەها ستایشی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و پارتی دیموکراتی کرد کە هەمیشە مافەکانی پێکهاتەی تورکمان لەبەرچاو دەگرن.

لەلایەن خۆیەوە بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی رۆڵی پارتی گەلی تورکمان و تەواوی پارت و لایەنە تورکمانیەکانی لە هاوکێشە سیاسییەکان و هەڵوێستیان بەرانبەر پرسە سیاسیی و نیشتمانییەکان تەواوی هەنگاوەکانی تریانی بە بەرزی هەڵسەندگاند.

ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکیشە ستایشی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی کرد کە هەمیشە لەسەنگەری پاراستنی کوردستاندان، هەروەها ستایشی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و پارتی دیموکراتی کرد کە هەمیشە مافەکانی پێکهاتەی تورکمان لەبەرچاو دەگرن.

لەلایەن خۆیەوە بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی رۆڵی پارتی گەلی تورکمان و تەواوی پارت و لایەنە تورکمانیەکانی لە هاوکێشە سیاسییەکان و هەڵوێسیان بەرانبەر پرسە سیاسیی و نیشتمانییەکان تەواوی هەنگاوەکانی تریانی بە بەرزی هەڵسەندگاند.



بە سەرپەرشتی وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی ئەنجوومەنی زانستی کۆبووە

بە ئامادەبوونی د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی، ئەندامانی ئەنجوومەنی زانستی ئەوقاف کۆبوونەوەی تایبەت بە ئەنجومەنی زانستی بەڕێوچوو.

سەرەتا ئامانجی کۆبوونەوەی خستەڕوو ئەویش پێداچوونەوەی جدی بۆ کاروبارەکانی رابردوو و هەڵسەنگاندن بۆ هەموو ئەو پرۆژانەی کە خراونەتەڕوو بەتایبەتی گۆرینی ناونیشانی فەرمانبەران لە ڕێگەی تاقی کردنەوەکانی وەزارەت و کارکردن بۆ بەرژەوەندی فەرمانبەران لە چوار چێوەی ڕێکارە یاساییەکان.

دەرچوواندنی ڕێنمایی و ڕێکار بۆ خۆبەخشەکانی سەر بەوەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی بەشێوەیەک کە گونجاو بێت لەرووی کارگێڕی و لەرووی زانستی، ئەو کەسانەی دەبن بەخۆیەش لە چوارچێوەی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی بەپێی چەند ڕێنماییەک دەبێت کە خزمەت بەبەرژەوەندی گشتی بکات و بەشێوەیەک بێت بەکردەنیی پێویست بێت.

ژمارەیەک لە مامۆستایانی ئایینی کوردستان بەرەو وڵاتی میسر بەڕێکەوتن

خەبات ـ محەمەد سەعید کوردە

بەمەبەستی بەشداریکردن لە خولێکی زانستی و شەرعی لە پێناو بردەودان بە وتاری رۆژی هەینی و کۆمەڵێک زانستی دیکەی شەرعی کە لە خزمەت هەموو هاوولاتیانی موسڵماندا بێت، بە یاوەری مامۆستا مەلا عەبدولا مەلا سەعید گرتکی سەرۆکی یەکێتی زانایانی کوردستان و 24 مامۆستای ئایینی لە وتارخوێن و پێش نوێژەکان لە هەر سێ شاری هەولێر و سلێمانی و دهۆک لە ڕێگای فڕۆکەخانەی هەولێرەوە بەرەو وڵاتی میسڕ بەڕێکەوتن، ئەمەو لە لێدوانێکدا مامۆستا مەلا موئەیەد سەید عەزیز نەقشبەندی وتارخوێن و پێش نوێژی مزگەوتی سەید عەزیز نەقشبەندی کە یەکێکە لە مامۆستا ئایینیە بەشداربووەکانی ئەو گەشتە لە هەولێر لە لێدوانێکی تایبەتدا بە ڕۆژنامەی خەبات ڕاگەیاند: ئێمە وەک مامۆستایانی ئایینی لە هەموو شارەکانی کوردستان بەشداری لەو خولە زانستیە شەرعیە دەکەین کە زانکۆی ئەزهەر لە وڵاتی میسر ڕێکی خستووە و بەڕێوەی دەبات و ماوەی مانگێک بەردەوام دەبێت بۆ ئەوەی ئێمەی مامۆستایانی ئایینی بە شێوەیەکی زانستی شەرعی بایەخ و گرنگی بە وتاری ڕۆژی هەینی و کارو بارەکانی دیکە بدەین و لە خزمەتی هەموو هاوولاتیانی خۆشەویستدا بین.

وەزیری دارایی و ئابووری:

موچەی فەرمانبەران بەبێ دواکەوتن بەردەوام دەبێت



ئاوات جەناب نوری وەزیری دارایی و ئابووری سەبارەت بەو هەواڵەی بڵاوکرایەوە کە گوایە موچەی فەرمانبەران لە مانگەکانی 12،11،10 پاشەکەوت دەکرێت، ڕەتیدەکاتەوە و ڕایدەگەیەنێت: موچەی فەرمانبەران 30 ڕۆژ جارێک لە کاتی خۆیدا بە بێ دواکەوتن دابەشکراوە و بەو شێوەش بەردەوام دەبێت.

گوتیشی: پاشکەوت هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نەهاتووە، لەسەرەتای دەست بەکاربوونمان بە هیچ جۆرێک موچە دوانەکەوتووە و لەکاتی خۆیدا موچە دابەشکراوە.

لە کۆتاییدا جەختی لەوەش کردەوە کە دەبێت هاوولاتی و موچەخۆران هۆشیاربن لە هەموو بڕیار و ڕێنماییەکانمان لە ڕاگەیاندنی وەزارەتی دارایی و ئابووری بە ڕوونی بڵاودەکەینەوە.

باڵەکایەتی.. لە مەراسیمێکدا بارەگای نوێی ڕێکخراوی گەڵاڵە کرایەوە



لە مەراسیمێکی تایبەتدا بە ئامادەبوونی حەسەن حەدۆ، بەرپرسی لقی26ی گوڵانی پارتی دیموکراتی کوردستان و کارگێڕان و بەرپرسانی حزبی و سەربازی و کادیر و ئەندامانی پارتی و چین و تۆڕە جیاوازەکانی سنوورەکە، بارەگای ڕێکخراوی گەڵاڵە لە سنووری لێژنەی ناوچەی قەسرێی سەر بە لقی 26ی گوڵان لە شارەدێی گەڵاڵەی پایتەختی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول کرایەوە، کادیران و لایەنگرانی پارتی لەم سنورە وێڕای پیرۆزبایی کردنەوەی ئەم بارەگایە بە پردی نێوان جەماوەر و حکوومەت دەزانن بۆ گەیاندنی خزمەتگوزاری و داواکارییەکانیان.

هاوکات بەرپرسی لقی26ی گوڵانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەریدا لەگەڵ چین و تۆپژەکانی سنووری گەڵاڵە و گوندەکانی دەوروبەری باسی لە گرنگی کردنەوەی بارەگای ڕێکخراوی گەڵاڵە کرد و ڕۆڵ و پێگەی گەڵاڵەی لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بەرز نرخاند، کە ئەوکات زۆرینەی بارەگا و بنکەکانی شۆڕش بە سەرکردایەتی بارزانی نەمر لەم ناوچەیە بوون و ڕژێمی ئەوکاتی عێراقیش بە پایتەختی شۆڕش ناوی دەبرد.

ئەنجامی تاقیکردنەوەی خولەکانی توانستی زمانی ئینگلیزی ڕاگەیەندرا

د. محەمەد حوسێن سەرۆکی لێژنەی تایبەت بە پێداچوونەوە بە مەرج و ڕێنماییەکانی زمانی ئینگلیزی و ڕێکخستنەوەی کارو چالاکیەکانی سەنتەرەکانی زمان لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی دوێنێ سێشەمە لە لێدوانێکدا ڕایگەیاند: لە 2019/11/19 ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی خولەکانی توانستی زمانی ئینگلیزی لە سەنتەرەکانی زمانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بۆ کاندیدان و خوازیارانی بەدەستهێنانی نازناوی زانستی لەلایەن سەنتەرەکانەوە ڕاگەیەندرا، کە لە ڕێکەوتی 9 تا 14ی نۆڤێمبەری 2019 تاقیکردنەوەی بەشداربووان بۆ سەرجەم ئاستەکان بەڕێوەچووبوو.

هەروەها ڕاشیگەیاند لە داهاتوویەکی نزیکدا خولی نوێی ئاستەکانی توانستی زمانی ئینگلیزی بەسیستمێکی تازە لەسەرجەم سەنتەرەکانی زمانی زانکۆکان دەستپێدەکاتەوە.

پرسە و سەرەخۆشی

بەناوی خودای بەخشندە و مهیرەبان

بەڕێزان لە خانەوادەی خوالێخۆشبوو جاسم محەمەد ئاغا زێباری

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی (جاسم محەمەد ئاغا زێباری)مان پێگەیشت. هاوخەمی خۆمان بۆ خانەوادە بەڕێزەکەتان ڕادەگەیەنین و سەرەخۆشی ئارڕاستەی ئێوە و خزم و دۆستانتان دەکەین. خودای گەورە ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

إنا لله و إنا إليه راجعون

بارەگای بارزانی

***

بەڕێزان لە خانەوادەی خوالێخۆشبوو تالیب عەلی ئەحمەد

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوولی مەزن (تالیب عەلی ئەحمەد)مان پێگەیشت. هاوبەشی خەمان بۆ خانەوادە بەڕێزەکەتان ڕادەگەیەنین و سەرەخۆشی ئارڕاستەی خزم و دۆست و هەڤاڵانی خوالێخۆشبوو دەکەین. خودای گەورە ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

إنا لله و إنا إليه راجعون

بارەگای بارزانی

سوپاس و پێزانین

بەناوی خۆم و بنەماڵەکەمانەوە سوپاس و پێزانینی خۆمان ئاراستەی بەڕێزان لە بارەگای بارزانی و بەڕێزانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرجەم حزب و لایەن و دام و دەزگاکانی سنوری ئیدارەی ڕاپەڕین بەگشتی و قەزای پشدەر بەتایبەتی دەکەین، هەروەها سوپاسی فەرماندە و ئەفسەر و هێزەکانی پێشمەرگە و هێزە ئەمنییەکان دەکەین، کە بەناردنی بروسکە و بەشداربوون لە بەخاک سپاردن و پرسەی حاجی مەحمود عەبدولا هێرۆیی براماں زەحمەتیان کێشا.

ڕێز و پێزانینی تایبەتمان بۆ کەسایەتی و گشت خزم و دۆست و ئاشنایانمان لە ناوخۆ و دەرەوەی کوردستان، چ ئەوانەی لە نزیکەوە لەگەڵمان بەشداربوون یان بە نامە و پەیوەندی تەلەفۆنی هاوخەمیان پێ ڕاگەیاندین لەو کۆستەماندا.

هاوسۆزی و هاوخەمی گشت لایەک لە خەم و پەژارەی کەمکردینەوە و جێگای پێزانین و سوپاسمانە، لەخوای گەورە داواکارین پاداشتی هەموو لایەک بداتەوە و دوربن لە خەم و ناخۆشی و گیانی کۆچکردوانیشمان بە بەهەشتی بەرین شاد بکات.

حاجی عومەر هێرۆیی

هەولێر.. هەڵمەتی هۆشیاری هاتووچۆ بەڕێوەچوو



بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتوچۆی پارێزگای هەولێر لەچوارچێوەی دەستپێکردنی هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەی هاوواڵتیان بە یاساکانی هاتوچۆ، ڕێوڕەسمێکی بۆ ژمارەیەک قوتابیانی قوتابخانەکانی هەولێر ڕێکخست.

لە ڕێوڕەسمەکەدا جگە لە پۆلیسی هاتوچۆ، مامۆستایانی ئایینی، پزیشکان و قوتابییانی قۆناغەکانی بنەڕەتی و ناوەندیش بەشدار بوون. لەوبارەیەوە مامۆستای ئایینی دکتۆر سەید ئەحمەد بەرزنجی گوتی: لە ڕووی شەرعییەوە هەر کەس پابەند نەبێت بە یاساکانەوە وا بزانێت نە نوێژی کردووە و نە حەجی کردووە، ئەو کەسەشی کە هەڵدەستێت بە ئازاردانی خەڵک بە هۆڕن لێدان و پشێوی دەنێتەوە، بە تایبەت ئەو ماتۆرسکیلانەی کە هەمووانی بێزارکردووە، یان ئەوانەی دووکەڵ دەکەن بەسەر خەڵک و ئەوانەی ئۆتۆمبێل توند لێدەخۆڕن ئەمە پێچەوانەی ئادابی ئیسلامە، بۆیە پێویستە هەموومان بەرەو پێشکەوتن و مەدەنییەت بڕۆین .

دکتۆر سەید ئەحمەد بەرزنجی گوتیشی: پێویستە ئەو نموونە جوانەی لە ولاتانی وەک سوێد و ئەڵمانیا ولاتانی دیکە هەیە ئێمە ئەوانە ڕەچاو بکەین و لە شتە گەنیوەکان لاسایی خەڵک نەکەینەوە کە ڕووداوەکان بەشێکی پەیوەندی بە بێهۆشی و نێرگەلەکێشانەوە هەیە، پێویستە ئەو نەریتە ڕەسەنەی باپیرانمان ڕەچاو بکەین و گوێ لە مامۆستایان و ڕاگەیاندنەکان بگرین و بە هەموومان ڕووبەڕووی ماددەی هۆشبەر ببینەوە. شایانی باسە ڕۆژی 11/17ی هەموو ساڵێک بە ڕۆژی جیهانی بەبیرهێنانەوەی قوربانییانی ڕووداوەکانی هاتوچۆ دەستنیشانکراوە.

دەستنووسە دێرینەکانی میژووی ئیسلامی لە زانکۆی سەلاحەدینا نمایشکران

بە ئامادەبوونی سەرۆکی زانکۆ و ڕاگری کۆلێژەکان و ژمارەیەکی بەرچاو لە مامۆستایان و قوتابیانی زانکۆ، پێشانگەیەکی تایبەتی کرایەوە بۆ دەستنووسە دێرینەکانی میژووی ئیسلامی کە زانکۆی سەلاحەدین لە کتێبخانەی ناوەندی زانکۆدا نمایشکران

بە ئامادەبوونی سەرۆکی زانکۆ و ڕاگری کۆلێژەکان و ژمارەیەکی بەرچاو لە مامۆستایان و قوتابیانی زانکۆ، پێشانگەیەکی تایبەتی کرایەوە بۆ دەستنووسە دێرینەکانی میژووی ئیسلامی کە زانکۆی سەلاحەدین لە کتێبخانەی ناوەندی زانکۆدا نمایشکران

بەڕێوەبەری کتێبخانەی ناوەندی زانکۆ ئەحمەد عەبدوڵا ئەحمەد ڕایگەیاند: ئەم پێشانگەیە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ دەکرێتەوە و تێیدا نزیکەی 100 دەستنووسی کۆن و نایاب دەخرێنە ڕوو، کە زۆربەیان لە کتێبخانەی گەورەکانی کوردستانەوە کۆکراونەتەوە، کە چەندین پەرتووکی دەستنووسی دانسقەی تێدا پارێزراوە کە خاوەنی میژوویەکی زۆرن و دەگەڕێنەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست.

خەبات
www.xebat.net
چوارشەممە 2019/11/20 ژمارە (5875)

«خەبات» وردەکاری بەستانی پێوەری زیرەکی کارەبا ئاشکرا دەکات

تا ئێستا زیاتر لە 50 هەزار ماڵ پێوەری زیرەکیان بۆ بەستراوە

ئەگەر سیستەمەکە سەربگرێت پلانی وەزارەت ئەوەیە 24 کاتژمێر کارەبا بداتە هاووڵاتیان





سەرپەرشتیاری پرۆژەی پێوەری زیرەک لە هەولێر: پێوەری زیرەک بەسیستەمەوە گرێ دەدرێت





ڕاپۆرت: هاوار مورتکەیی

پێوەری زیرەک یەک لەو پرۆژە ستراتیژیانەی وەزارەتی کارەبای حکومەتی هرێمی کوردستان، کە لە رێگەی ئەم پرۆژەیە هەوڵ دەدرێت حزمەتێکی باشتر لە ڕووی سێکتەری کارەباوە پێشکەشی هاوڵاتیان بکرێت، لەم ڕاپۆرتەدا تیشک دەخەینە سەر دوا هەنگاوەکانی پێوەری زیرەک و لەسنووری پارێزگای هەولێر کارەکان بەکوێ گەیشتووە.

ئامانج لەم پرۆژەیە

پێوەری زیرەک (سمارت میتەر) ئەو پرۆژەیە بوو کە دەمێک بوو وەزارەتی کارەبا جەختی لەسەر جێبەجێکردنی دەکردەوە و سەرەتا گرفتی زۆر هاتنە پێش و ئەمەش وایکرد ئەم پرۆژەیە بۆ چەند ساڵێک دوابکەوێت، ئامانج لە جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیەش زیاتر بۆ بەرگرتنی وزەی کارەبایە، چونکە ئەم پێوەرە سیستەمێکی تەواوکارە و دەتوانێت کۆنترۆڵی باری کارەبا و هەروەها بەدواداچوون لە خەرجکردنی ئەو وزەیە لەهەر شوێنێک بێت، بە واتایەکی دیکە رێگەخستنی کرداری خەرجکردنی ئەو وزەیە بەپێی پێویست.

چارەسەرکردنی کێشەکان

هەفتەی رابردوو وەزیری کارەبا لە ڕێرەسمی کردنەوەی دوو پرۆژەی کارەبادا ئاماژەیەکی بە گرنگی پێوەری زیرەکدا و رایگەیاند کە پرۆژەکە بەسەرکەوتووی بەڕێوەدەچێت و ئەوکات رایگەیاند کە تا ئێستا لەهەرسێ پارێزگای هەولێر و دهۆک و سلێمانی زیاتر لە 52هەزار ماڵ ئەو پێوەرەی بۆ بەستراوە، بۆ زیاتر دەسکەوتنی زانیاری لەسەر ئەم پرۆژەیە، ئەندازیار ئاسۆ تەها عومەر سەرپەرشتیاری پرۆژەی پێوەری زیرەک لەسەر ئاستی هەولێر ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە پرۆژەکە بەدەرنابێت لە بووین کێشە لەکاتی ئەنجامدانیدا، بەڵام لەگەڵ کۆمپانیا هەوڵ دەدەین چارەسەریان بکەین، دیارە ئەندازیار حوسێن حەمەد قادر بەڕێوەبەری گشتی کارەبای هەولێر بەردەوام لەگەڵمان لەسەر هێڵە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە.

ماوەی پێدانی کارەبا زیاتر دەبێت

سەرپەرشتیاری پرۆژەی پێوەری زیرەک لە هەولێر زیاتر دەڵێت: پێوەری زیرەک هەنگاوی باشی هاویشتووە، بڕیارە ئەمڕۆ ئەم پرۆژەیە گرێبەدین بە سیستەمەوە ئەویش لەرێگای سیم کارتەوە، کە زیاتر بۆ کۆنترۆڵ کردنی پێوەرەکانە لەگەڵ وەرگرتنی خویندنەوەی پێوەرەکان، هەروەها گوتی: ئەگەر ئەو سیستەمە سەربگرێت پلانی وەزارەت ئەوەیە 24کاتژمێر کارەبا بداتە هاوڵاتیان، بۆ نموونە ئێستا کە هاوڵاتی 40 ئەمپێر کارەبای هەیە، بەڵام کەمتر لە 24کاتژمێر کارەبایان هەیە، لەوکاتەدا لە 40ئەمپێر کەمتریان پێ دەدرێت، بەڵام ئەوکات 24 کاتژمێر کارەبایان پێدەدرێت.

پرۆژەکە بۆ خزمەتی هاووڵاتیانە

دواتر ئەندازیار ئاسۆ تەها لەبارەی پێشوازی هاوڵاتیان لەم پرۆژەیە گوتی: بەگشتی خەڵک پێشوازی لەو پرۆژەیە دەکەن و خۆشبەختانە تا ئێستا کێشەیەکی لەمبارەوەمان بۆ نەهاتۆتە پێش و هاڵاتیانیش لەوە گەیشتوون کە پرۆژەکە بۆ خزمەتی ئەوانە، هەروەها کاتژمێر کارەبایان پێدەدرێت.

ئەو گەڕەکانەی پرۆژەکەیان لێ ئەنجامدراوە

دواتر ئەندازیار ئاسۆ تەها سەرپەرشتیاری پیوەری زیرەک لە هەولێر ناوی ئەو گەرەکانی ئاماژەپیدا کە تەواو کراون یان بەردەوام کاریان تیادەکرێت، لەوانە گەڕەکانی (بەهار، راستی، کوران، پیشەسازی باکوور، تۆبزاوە، رزگاری، زانیاری، ژیان، شادی، کوردستان، مناڕە، سەربەستی، ماردین، مامۆستایان، نیشتمان نەورۆز، ئازادی).


سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر ژمارەیەک پرۆژەی خزمەتگوزاری بەئەنجام دەگەیەنێت

سەرۆکی شارەوانی هەولێر:

توانیمان 60 هەزار پارچە زەوی تاپۆ بکەین و پێش کۆتایی ئەمساڵیش ژمارەیەکی دیکەی زەوی تاپۆ دەکەین

ڕاپۆرت: فاتیح بەرزنجی

بەگوتەی ئەندازیار سامان محەمەد بلّباس سەرۆکی شارەوانی هەولێر: لەپێناو خزمەت گەیاندن بە هاووڵاتیان و گەیاندنی پرۆژەی خزمەتگوزاری بۆیان و لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی هەرشەش شارەوانی ناو گەڕەکەکان توانرا دەرخستە بۆ هەموو ئەو کارو پرۆژانە ئامادەبکرێت و بودجەی پێویستی بۆ تەرخانکرا ئەگەرچی پێشتر لەبەر قەیرانی دارایی پرۆژەکان وەستان و لەدوای نەمانی ئەو قەیرانە دووبارە کارو پرۆژەکان بە پاڵپشتی وەزارەتی شارەوانی دەستیان پێ کردەوە و هەندێک لەو پرۆژانە تەواو کران و هەندێکی دیکەیشیان لە ژێر جێبەجێ کردنداند.



ژمارەیەک کارو پرۆژە بۆ گەڕەکە جیاجیاکانی شاری هەولێر

ئەندازیار سامان محەمەد بلّباس سەرۆکی شارەوانی هەولێر دەربارەی گرنگترین کارو پرۆژەکان ڕوونیکردەوە: وەک سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر لەسەر داهاتی شارەوانی و لەسەر بودجەی لە 17%چەندین کارو پرۆژەمان لە چەندین گەڕەکی شاری هەولێر بەئەنجام گەیاندو چەند پرۆژەیەک تەواو کران و چەندین پرۆژەش لە ژێر جێبەجێ کردنداین و گرنگترین ئەو کارو پرۆژانەیش پێک هاتووە لە: تێکەڵە ڕێژ کردن و قیرتاوکردنی شەقامێک لەسنوری شارەوانی شاوێس و پیرزین و چاککردنەوەو دروستکردنی شەقامێک لە پشت گۆڕستان گوندی حەسارۆک و نۆژەنکردنەوەی یاریگای شارەوانی و چاککردنەوەی چاڵێک لە گەڕەکی زاگڕۆس و دروستکردنی چەند شەقامێک لە گەڕەکی سیمی خاتوناوەو سەوزکردنی بەشێک لە دووڕگە ناوەندیەکانی شاری هەولێر کە پیشتر یوتیرن بوون.

دواتر ئەندازیار سامان محەمەد بلّباس سەرۆکی شارەوانی هەولێر دەربارەی چاککردنەوەی چاڵی نێو شەقامەکانی هەولێر گوتی: پارێزگاری هەولێر دەکەین کە 50ملیۆن دینارى لەسەر میزانیەی خۆیان تەرخانکرد بۆ کارگەی قیرى شارەوانی هەولێر و ماوەی هەفتەیەک دەستمان کردووە بە چاککردنەوەی چاڵ و چۆڵەکانی شەقامەکانی هەر شەش شارەوانی هەولێر و هەڵمەتێکی فراوان کراوە بۆ چاککردنەوەی هەموو شەقامە چاڵ و چۆڵەکان و ئەو هەڵمەتە بەرفراوانە و بەردەوام دەبێت تا هەموو شەقامەکان چاک دەکرێتەوە.

تاپۆکردنی 60 هەزار زەوی لە هەولێر

دواتر ئەندازیار سامان محەمەد بلّباس سەرۆکی شارەوانی هەولێر دەربارەی تاپۆکردنی 60هەزار پارچە زەوی ڕوونیکردەوە: ئێمە وەکو سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر هەموو هەوڵێک دەدەین بۆ تاپۆکردنی ئەو زەویانەی کە تاپۆ نەکراوون، دوای تێپەڕبوونی چەندین ساڵ و لەدوای دەست بەکاربوونی کابینەی نوێ، هەوڵماندا دەست بە تاپۆکردنی زەویەکان بکەین ئەوەبوو توانرا 60 هەزار زەوی تاپۆ بکرێت و پێش کۆتایی ئەمساڵیش ژمارەیەکی دیکەی زەوی تاپۆ دەکەین، دیارە ئەو زەویانەش زەوی ژمارە بوون و تاپۆ کران. دەربارەی دەرچوونی یاسای تاپۆکردنی خانووە زێدەڕۆییەکانیش گوتی: دوای ئەوەی کە یاساکە بە تەواوی جێبەجێ کرا دەست دەکرێت بە تاپۆکردنی خانووە زێدەڕۆییەکان و کارو بەرنامەی تازەشمان بۆ ساڵی داهاتوو هەیە.







تارمان مستەفا

ئافرەتانی داهێنەر لە کۆمەڵگا

وڵاتانی جیهان بە گۆڕینی یاسای کار و دامەزراندنی فێرگەی تایبەت بۆ پشتگیریکردن لە ئافرەتانی کارەکەر هەوڵیانداوە رێگایەک بدۆزنەوە تاکو ئافرەتان بە ئاسانی بچنە ناو بازاری کار. بە شێوازێکی سادە و ساکار دەتوانین بڵێین لەو حاڵەتەدا ئافرەت داهێنەر دەبێت، کەسایەتییەکی بە ئیرادە و بەتوانا و نەترسی دەبێت کە لە شکست ناترسێت و بە توانای مادی فکرەکەی بەکار دەهێنێت بۆ داهێنان. پێشبینیکردنی ئیجابیانە هۆکاری سەرەکییە بۆ ئەوەی بیرۆکەکان بگۆڕن بۆ بەرنامەی کار، بە پێچەوانە ئەگەر نێگەتیڤانە بیربکەیتەوە ئەوە داهێنان زۆر سەخت دەبێت و بە بچوکترین کۆسپ دەست لە هەوڵدان هەڵدەگریت. ئاگاداری بیرکردنەوەتان بن و رێگە نەدەن کە هەستان بە بیری نێگەتیڤانە لاوازتان بکات، بە قبوڵکردنی راستییەکان و پشتبەستن بە کەسانی گەشبین و راوێژ بە کەسانی شارەزا، بەسەر بەربەستەکانی کاری زاڵ بیت تاکو بتوانی داهینان بکەی. لە لێکۆڵینەوەیەک لەسەر ئافرەتانی داهێنەر لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەرکەوت کە 70% کۆمپانیا تازە دروستکراوەکان بە هۆی بێ توانای بەرێوەبەرەکانیان دوای سێ ساڵ شکستیان هێنا، بەڵام ئەو کۆمپانیایانەی کە بەرێوبەرکانیان ئافرەت بووە بە هۆی وردبینی و باوەڕبوون بە چارەسەری کەمتر توشی شکست بووە. ئافرەتانی داهێنەر دەبێ فێربن لە هەر بەربەستێک کە دێتە پێشان پەندێک وەرگرن و بەمشێوەیە رۆژ بە رۆژ شارەزاییان زیاتر دەبێت هەروەها دەبێ باوەڕبەخۆبوونێکی تەواویان هەبێت، توانا و باوەڕبەخۆبوون واتای دروستکەر و جوڵانەوە لە رێگایەکی راست. دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوتووە پیاوان 45% و ئافرەتان 51%ئەو تایبەتمەندییان هەیە. هەروەها لێکۆڵینەوەکان نیشانیانداوە گرنگترین تایبەتمەندی ئافرەتانی سەرکەوتوو پەرۆش بوونە بۆ یارمەتیدانی کەسانی دیکە، ئەوەش هاندانێکی بەرز و چالاکی ئابووریانەیە بۆ ئافرەتان. راپرسییەکان نیشانیانداوە لە نێوان کەسانی داهێنەر لە ناو چالاکییە جیاوازەکاندا بۆ نمونە بەدەستهێنانی پارە، سەلماندنی توانا، سودوەرگرتن لە خوێندن، هەست کردن بە یارمەتیدانی کەسانی تر و گۆڕانکاریکردن لە ژیانیان هۆکاری سەرەکییە لە چالاکی بازرگانی ئافرەتان. ئافرەتانی داهێنەر دلسۆز و راستگۆن و پشت بە توانای خۆیان کار دەکەن، بێگومان بۆ سەرکەوتن پێویست نییە قوربانی لە دوای خۆت جێبهێڵیت. هەست بە کێبڕکێکردنی نێگەتیڤانە لە لای پیاوان زیاترە تا لە ئافرەتان. لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەو دە ساڵەی رابردودا هەر ساڵ 10%ریژەی یارمەتیدانی ئافرەتان زیادبووە، داهێنەران هاوسەنگی لە نێوان ژیان و کاریان دەکەن ناهێڵن کاریان کاریگەری بکاتە سەر ژیانیان، لە گەڵ ئەوەی ئافرەتان بەرپرسایەتی ژیانی تایبەت و خێزانیان لە ئەستۆدایە، ئەو ئافرەتانەی کە دەتوانن هاوسەنگی دروستبکەن لە نێوان ژیان و کارەکەیان لە ئافرەتانی تر سەرکەوتووترن. ژیانی هاوسەنگ بیری مرۆڤ ئامادە دەکات بۆ داهێنان. لە ولاتانی پێشکەوتوودا دەرکەوتووە ئەو ئافرەتە داهێنەرانەی کە گرنگی بە ژیانی خێزانی و هاوڕێیەتی و تەندروستی و دەرونی دەدەن سەرکەوتووترن لەو کەسانەی کە گرنگی بە شتی دیکە دەدەن. ئەو ئافرەتەی کە دەیەوێت داهێنان بکات دەبێ ئامانجی کاری دیاری بکات و بە شەفافیەت دەرکەوێت بۆ ئەوەی دوایی پەشیمان نەبیتەوە. لە لێکۆڵینەوەکاندا دەرکەوتووە ئەو ئافرەتانەی کە بەرێوەبەرایەتی کاری کۆمپانیایان لە ئەستۆدایە و بە شەفافیەت کارەکانیان رێزبەندی دەکەن لە کارەکانیاندا سەرکەوتووترن لە کەسانی تر. داهێنەران دەبێ کارەکانیان بە وردبینی ئەنجام بدەن، چونکە وردبینی کردن زۆر گرنگە بۆ دانانی پلانی تایبەت بە داهێنان، ئەو پرسیارانەی تاکو ئێستاکە وەڵام نەدراونەتەوە یا بە ئەندازەی پێویست جێبەجێ نەکراون کلیلی سەرکەوتنێ بۆ ئەو ئافرەتانەی کە دەیانەوێت داهێنان بکەن. ئافرەتان لەبەر ئەوەی زۆر وردبین و زیاتر لە پیاوان لێکۆڵینەوە دەکەن زووتر دەتوانن نهێنی داهێنان بدۆزنەوە، لە لایەکی ترەوە لە لێکۆڵینەوە دەرکەوتووە ئافرەتان پێداویستیان زیاترە لە پیاوان لەبەر ئەوە ئافرەتان پێداویستییەکانی بازاڕ باشتر دەناسن و ئەوە پێداویستییانەی کە بەرهەم دەهێنن پێداویستی بازارن. زۆربەی ئافرەتانی داهێنەر هاوکارەکانیان فێری شێوازی کاری خۆیان دەکەن ئافرەتان زیاتر لە پیاوان هەوڵ دەدەن بۆ ئەوەی کارەکە فێر بن، هەر ئەو تایبەتمەندییانەیە یارمەتی ئافرەتانی داهێنەر دەدات کە سوود لە ئەزمونی کەسانی تر وەربگرن. داهێنەران بە گشتی دەبی پلانی دریژخایەن بۆ داهینانەکەیان دابڕێژن چونکە بەهێزترین شێوازی بەرەنگاربوونەوەیە و پێش شکستهێنان دەگرێت، ئاگاداربوون و بیرکردنەوە لە دەرەنجام یەکێکە لە تایبەتمەییەکانی ئافرەتانی داهێنەرە، لەبەر ئەوەی ئافرەتان دور تەماشای دەکەن بۆیە سەرسەختانە رووبەڕووی گرفتەکان دەبنەوە. هەرچەندە داهێنەری ئافرەت لە سەرتاسەری جیهان زۆر کەمترە لە پیاوان و لە زۆربەی وڵاتانی رێگری جۆراوجۆر هەیە کەچی رۆژبەرۆژ ئافرەتانی داهێنەر لەسەرتاسەری جیهاندا زۆرتر دەبن.

دەنگی بوێری کچێکی کورد لە لەرەی ژێی سازەکەی



ساسان دەرویش/ هۆڵەندا

لە ئەنجامی بەرەوپێشچوونی کوردستان لە هەموو بوارەکاندا، دەرفەت رەخسا بۆ گەڕانەوەی چەندەها خێزان کە سالانێکە بە هەر هۆیەک لە تاراوگە دەژین. ئەوتا خێزانێک لە دوای 17ساڵ لە تاراوگە بە تەواوی دەگەڕینەوە کوردستان و کچەکەیان دەبێتە یەکەم ژەنیاری کچ لە باشووری کوردستان لە ئامێری کۆنترباس و بەشداری چەندین کۆنسێرت و ئاهەنگ و فیستیڤاڵی کردووە.

دێژین جەزای تەمەن 20ساڵە لە وڵاتی ئەڵمانیا لە شاری کۆڵن لە دایک و باوکێکی نیشتیمانپەروەر لەدایکبووە و بە کوردایەتی پەروەردە و گۆشکراوە کە هەمیشە کوردستانی لە یاد بێت. لە دوای 14ساڵ نیشتەجێبوونی لە ئەڵمانیا فێری زمانی دایکی بووە و زۆر بەجوانی بە زمانی شیرینی کوردی ئەدوێ. بەهۆی بڕیاردانی دایک و باوکی و گەڕانەوەیان بۆ کوردستان لە شاری سلێمانی دێژە بەخوێندن ئەدات و لە ئێستادا قوتابی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانییە لە بەشی میوزیک و ئامێری کۆنترباس دەژنێت.

رۆژنامەی خەبات بە پێویستی زانی دیمانەیەکی لەگەڵ ئەنجام بدات.

میوزیک بەشێکە لە ژیان و خەونەکانم

سەرەتا خاتوو دێژین باسی لە ژیان و میوزیک کرد کە ئاوێتەی یەکتری کردوون بۆ هەنگاونانی خەونەکانی و بەدیهێنانیان و گوتی: نایشارمەوە کاتێک لە بڕیاری دروستی دایک و باوکم بۆ خۆشەویستی نیشتیمان و گەڕانەوەیان بە یەکجارەکی منی دڵخۆش کرد. من تەمەنم 14ساڵان بووم و هاوکات چوومە قوتابخانە و دەرێژەم بەخوێندن دا. هەر لە منداڵیمەوە خەونم گەیشتن بوو بە جیهانی میوزیک، لەبەر ئەوە هەنگاوەکانم بەرەو پەیمانگایی هونەرەجوانەکان بڕی و بەشی میوزیکم هەڵبژارد. ویستم لەم بوارەدا خوێندن تەواو بکەم، کە جێگەی خۆیەتی سوپاسی دڵسۆزی دایک و باوکم و هاوکاری و پاڵپشتیان بکەم لەوەی توانیم بەخەونەکەم بگەم. لەگەڕانەوەشماندا دەبوایە باشتر خۆم فێری زمانی دایک و نووسین و خوێندنەوەی بکەم کە مەرجی سەرکەوتنم بوو. ئەم ئەرکەش هەر کەوتە سەرشانی دایک و باوکم و هەوڵەکانیان لەگەڵم، کە دوانەکەوم لە قۆناغەکانی خوێندن. سەرەتا لە پەیمانگا قوتابی دەنگ بووم، بەڵام کە مامۆستاکەم ڕێزیشت ئەبوایە ئامێرێک هەڵبژێرم. کە زانیم ئامێری کۆنترباس کەمە و لەگەڵ بەڵام گونجاوە ئەو ئامێرەم هەڵبژارد و مامۆستاکانم پێیان باشبوو. ئێمە وەک ئافرەتی کورد خۆمان وائەزانین هەندێ شت سنوردارە بەڵام وانییە خۆمان ناوێرین ئەو هەنگاوە بنێین و شتی تازە تاقیبکەینەوە. بۆ نموونە من ئەو ئامێرەم هەڵبژارد، وتیان کوڕ زیاتر ئەوئامێرە هەڵدەبژێرن، منیش گوتم مادام کوڕ ئەو ئامێرە ئەژنێت کەواتە کچیش ئەتوانێت بیژەنێت. ئەوە یەکێک لە چەند نموونەیەکە کە کچ ئەو شتەی کە ئەیەوێت بیکات ئەنجامی بدات بەبێ ئەوەی بترسێ، ئەم هەڵبژاردەیەشم بۆ ئەوە بووکە پێشتر هیچ کچێک نەهاتووە بەلای ئەم ئامێرەدا.

ئامێری کۆنترباس هەنگاوی زیاترم پێ دەبڕی بۆ خوێندنی زیاتر

دواتر دێژین هاتە سەر باسکردنی ئامێرەکە و چۆنیەتی ژەنینی و گوتی: کۆنترباس یەکێکە لە گەورەترین ئامێرە میوزیکییەکان و بەرزی ئامێرەکە 188سم و پانیەکەی لە ناوەڕاستدا 80 سمە. بەهۆی بەرزی ئامێرەکەوە هەموو کەسێک ناتوانێت ئەم ئامێرە بژەنێت. لە چەڵۆ گەورەترە و دەنگێکی گڕی هەیە و ئاوێتەدەکرێ لەگەڵ دەنگەکانی تردا و ئارامی و ئاوازێکی خۆش دەبەخشێت، بەکارهێنانیشی بەوەستانەوەیە و نابێت تابلۆی سەیارەکەیدا دەدا. ئەمانە و چەندین وشە و رستەی نابەجێ کە ئەو جۆرە خۆشەویستییەی کە هاوسەرەکەی بەتامابوو بونیادی بنێت کاڵ و کاڵتر دەبێتەوە، ئەمەش سەردەکێشێ بۆ کاری نابەجێ.

3-دروست کردنی متمانە، ئەمەش هەنگاو بەهەنگاو دروست دەبێ و نارووننی لە هەر کردەیەکدا لەنێوان هەردوو رەگەزدا ئەو متمانەیە لاواز دەکات.

4-کاڵبوونەوە و نەبوونی بەرپرسیارێتی لە ئاست یەکتردا و خۆهەڵقورتان لە هەموو کارەکاندا کە هیچ پەیوەندییەکی بە خێزانی ئەو هاوسەرانەوە نییە.

5-ئامادەنەبوونی تاکەکان بۆ ئەو پرۆسەیە لە هەر دوو رەگەز، واتە کامڵ نەبوونیان بۆ چوونە نێو ژیانی هاوسەری.

6-کەمتەرخەمی لایەنی پەیوەندیدار و نەبوونی پلانێکی گشتگیر و تۆکمە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە.

وڵاتانی پێشکەوتوو بەم قۆناغەی ئێمەدا گوزەریان کرد، بەڵام وڵات بەرەو هەڵدێری خێزانی چوو، وڵاتێکی وەکو مالیزیا ڕێژەی تەڵاق و جیابوونەوە ڕێژەیەکی زۆر بەرزی تۆمارکردبوو کە گەیشتە نزیکەی لە 80%? وای لە لایەنی پەیوەندار و پسپۆران کرد بە زووترین کات بیێنە سەرخەت و چارەسەرێک بۆ ئەو کێشەیە دابنێن، دواجار هەستان بە دروستکردنی پەیمانگایەکی تایبەت کە پێش گوتی: بەڵێ بەم ئامێرە بەشداری چەند کۆنسێرت و فیستیڤاڵم کردووە کە هەمیشە دڵخۆشیان کردووم کە جێگا دەستی خۆم و ڕۆڵی ئافرەتێکی کوردم نیشانداوە شان بە شانی هاوڕییەکانم. بۆ نموونە لەگەڵ تیپی مۆسیقای سلێمانی و ئۆرکێسترای سلێمانی و ئۆرکێسترای لاوانی سلێمانی و فیستیڤاڵی پەیمانگام کردووە بە تەمام لە دوای خوێندنی پەیمانگا لە کوردستان دێژە بەخوێندنەکەم بدەم. بڕوا بکە لە ئەڵمانیاش بومایە هەر خەریکی خوێندنی میوزیک دەبووم. لە ئایندەشدا ئەگەر گونجا حەزم لێیە بەرهەمی خۆمم هەبێت لە ئێستادا هیچم نییە بەهۆی بەردەوامی خوێندنەکەم. هیوادارم ئافرەتی کورد لەم بوارەدا زۆرتر بن، کە هەشمانە و نموونەی جوانی ئێمەن و چاویان لێ بکەین و هانی زیاتری ئافرەتی کورد بدەین ڕۆڵی خۆیان و جێگە پەنجەیان لە هونەری میوزیک دیاربێت هەر وەک لەکایپەکانی تری ژیاندا دیارن. لە کۆتایشدا داوا لە خوشک و هاوڕییەکانی کچم دەکەم کە لە دوای خوێندن دەستبەرداری میوزیک نەبن و پێکەوە خزمەتی هونەری کوردی بکەین کە خاوەنی گەنجینەیەکی دەوڵەمەندین.



هەڵکشانی ئامارەکانی جیابوونەوە و هۆکارەکانی



ڕاپۆرت/ پەریها عومەر

هەڵوەشانەوەی خێزان و جیابوونەوەی ژن و پیاو لە یەکتر بە پێی ئامارەکان لە زیادبوونداید و ئەمەش نەک تەنیا ڕەهەندی وێرانی خێزانێک دەگرێتەوە بەڵکو لە چەندین ڕەهەندیترەوە کاردانەوەکانی کۆمەڵگە دەخەنە ژێر کاریگەرییەوە. هەر بۆیە دەبێت بە قۆڵی خوێندنەوەی بۆ بکرێت و ئەم ڕاپۆرتە بە پێی گرنگی ئەو بابەتە ئامادەکراوە.

دکتۆر ئەکرەم فەرەیدون لەم بارەیەوە دەڵێت: خیانەتی هاوسەری کێشەیەکە ورده ورده ڕوو لە ناوچەکە و هەرێمی کوردستان دەکات. چارەسەرکردن و گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بەو کێشەیە یەکێکە لە پێشیەنەکانی کاری حکومەت و دەسەڵات. لە سۆنگەی ئەو کێشەیەوە دەبێ هۆکاری دروستبوون و چۆنیەتی چارەسەرکردنی لە لایەن کەسانی شارەزا و پسپۆڕانەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەت بدۆزرێتەوە. دەمەوێ هەندێ هۆکار و هەنگاوی نابەجێ باس بکەم کە دەبنە هۆکار بۆ دروستبوونی خیانەتی هاوسەری، ئەمەش لە هەردوو ڕەگەزدا بەدیدەکرێت:

1-نەبوونی خۆشەویستی ڕاستەقینە لە نێوان هاوسەراندا پاشان خۆ بە گەورە زانین لە ئاست یەکتردا و شکاندنی بەرانبەر ئەمە بە گرنگترین هۆکار دادەنێتم بۆ دەستکردنی هاوسەران بە خیانەت. ئەوین و خۆشەویستی لە دوای هاوسەرگیرییەوە دەستپێدەکات.

2-گفتوگۆ و وتەی بێمانا لە نێوان هەر دوو ڕەگەزدا، ئەمەش یەکێکیترە لەو هۆکارانە بە تایبەتی تر پشکی شێر بەر پیاوان دەکەوێت. (پارەم هەبێ ژنێکی تر دەهێنم، تازە ژیانم فەوتا، هەزار خۆزگە بەو ڕۆژانەی کە ژنم نەهێنابوو، نەمرم دەیکەم بە دوو) لە یەکەم ڕۆژی گواستنەوەدا بە ئەوەی هەر دوو ڕەگەز بچنە ناو پرۆسەکەوە دەبێ دوو مانگ لەو پەیمانگایە ڕاهێنانی جەستەیی و دەروونیان و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ خۆیان و بەرانبەردا پێبکەن، بوونی ئەم پەیمانگایە وایکرد کە ئەو ڕێژەیە لە ماوەی 2ساڵدا 50%کەمیکرد. دەکرێ لایەنی پەیوەندیدار بیر لە پەیمانگایەکی لەو جۆرە یان گرتنەبەری هەر ئامرازێک و ڕێگایەکیتری تایبەت بە چارەسەرکردنی ئەو دیاردەیە بکەنەوە.

خەندە وهاب وەکو ئافرەتێک کە جیابوونەوە هۆکاران بەمشێوەیە دەخاتەروو: دیاردەی جیابوونەوە دیاردەیەکی بەرچاوە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا و خۆی لەچەندین هۆکار دەبینێتەوە. جیاوازی تەمەن دەبێتە هۆی جیاوازی بیر و ڕا لە نێوان هاوسەرەکان و لێک تێنەگەیشتن و تەحەمول نەکردنی سروشتی یەکتر، هەروەها هەڵە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا کە بە داخەوە زۆربەنەی هاوسەرەکان بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی بەرەو ئاقارێکی تری بردوون هەم لە ژنان و هەمیش لەپیاواندا، یا خود ئافرەتی وامان هەیە گرنگی بە پیاوەکەی نادا خۆی ڕێکناخات، بەڵام بۆ ئاهەنگێک یان دەرچونێکی بازاڕ دوو سەعات لەبەردەم ئاوێنەدا ئەوەستێ. ئافرەتیش هەیە هێندە مودەمێ بووە بە فیلمە تورکییەکان ئەیەوێ مێردەکەی وەک کارەکتەری نێو فیلمەکان بێت کە بە داخەوە لە هیچ شوێنێکی دونیادا مرۆڤ بێ کەم و کوڕی نییە. پیاوی وا هەیە لە دەرەوە لەگەڵ خانمێکا شاعیرانە ئەدوێ و ئامادەیە بەیانی تا ئێوارە پیاسەی لەگەڵ بکات، بەڵام نیو کاتژمێر کاتی نییە بۆ هاوسەرەکەی، هەندێجاریش خێزانەکانیان ئەبنە کەسی سێیەم و دەست وەر ئەدەنە ژیانیان. بەشێوەیەکی گشتی (جیاوازی تەمەن، نەبوونی هەست و سۆز، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ، خزموکەس) دەوری سەرەکی لە تێکچونی شیرازەی خێزان دەبینن.

ئەم ترسە گەورەیە بۆ؟



پارێزەر: عومەر سەیدزادە

لەو رۆژەوەی مەسەلەی هەمواکردنەوەی دەستووری عێراق هاتۆتە گۆڕێ ترسێکی گەورە شەقامی کوردی داگرتووە و ئەو پرسیارەیان وروژاندووە ئایا بەشی عەرەبی عێراق بە سوننەوە شیعەوە کە زۆرینەی عێراق پێکدەهێنن دەتوانن بە پشتیوانی ئەو زۆرینەیان دەستوور بەجۆرێک هەموار بکەن لە دەسەڵات و مافەکانی کورد کەم بکەنەوە؟ ترسێکە لە جێگەی خۆیدایە، ئەوەش بێ هۆ و بێ بنەما نیە، چونکە شەقامی عەرەبی کەوتووەتە ژێر کاریگەری ئەو پروپاگەندە دیماگۆژیانەیەی کە سالەهای سالە تەیاری تونددڕەوی عەرەبی لە دژی کورد کردوویەتی و دەیکات کە کوردی وا وێنا کردووە دژی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتی عێراقە و خوازیارە ئەو پارچە گرنگەی کوردستان کە ئەوان بە پارچەیەک لە (نیشتمانی عەرەبی) دەزانن جیابکەنەوە، نوخبەی سیاسیی عەرەبییش هەمیشە وای تێگەیاندوون کە هەر زێدە مافێکی سیاسی بە کورد بدرێ ئەوا مەترسییەکی زیاتریان بۆ سەر یەکپارچەیی عێراق دروست کردووە، ئەوەش وای کردووە زۆرینەی عەرەبی عێراق بە گیانێکی دژستانە سەیری کورد نەکەن و بەو مافە سیاسییانەی لە دەستور بە کوردستان دراوە نیگەران بن و حەز بە کەمکردنەوەی بکەن، بۆیە ئەو دەنگە سیاسییانەی دژی فیدراڵین و جەخت لە کەمکردنەوەی مافە سیاسییەکانی کورد لە دەستووردا دەکەنەوە، لە شەقامی عەرەبی عێراقیدا پشتیوانی زۆرە، سەرانی حزبە سیاسییەکانیش کە سەرباری ئەوەی خۆشیان پەروەردەی ژینگەیەکی نادیموکراسین لە پێناو بەدەستهێنانی ئەو دەنگانەی شەقام ئامادەن کار بۆ کەمکردنەوەی مافە دەستوورییەکانی کورد بکەن.

پێگومان باس لەوە ناکەین کە بە پێی ڕێکارەکانی دەستوور ئاسان نییە و بگرە هەر ناشتوانن بە بێ ڕەزامەندی پەرلەمان و خەڵکی کوردستان هیچ هەموارێک تێپەڕێنن کە ببێتە هۆی کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان، بەڵکو دەپرسین ئایا چی زەمانەتە بۆ مانەوەی ئەو دەسەڵاتانەی هەرێمی کوردستان؟

ئایا قەناعەتی دەسەڵاتدارانی بەغدایە بەوەی کورد حەقی خۆیەتی ئەو مافانەی هەبێ؟ پێگومان هەروەکو گوتمان ئەوان ئەو جۆرە قەناعەتەیان نییە، بۆیە ئەوەیان زەمانەت نییە.

ئەی دەسەڵاتدارانی بەغدا ڕێزی دەستوور دەگرن و ئامادە نین پێشێلی بکەن و پابەندبوونیان بە دەستوور بووەتە هۆی ئەوەی تا ئێستا ڕێزی مافەکانی هەرێم بگرن و ئێمەش لەبەر ئەو هۆیەیە دەستوورمان پێ گرنگە؟

پێگومان وەڵامی ئەمەشیان هەر نەخێرە چونکە ئەزموونی 15 ساڵی ڕابردوو سەلماندی بەغدا وەک پێویست پابەندی دەستوور نەبووە، چونکە زۆرێک لە ماددەکانی دەستووریان جێبەجێ نەکردووە بەتایبەتی مادەی 140 کە کورد زۆر بە گرنگی دەزانێ؟ هەروا بودجەی هەرێمیان بڕی کە ئەوە نادەستوورییە، هەروا لە 16و20ی ئۆکتۆبەری 2017 پەلاماری هێزی پێشمەرگەیاندا کە بە پێی دەستوور نابێت سوپا و هێزی چەکدار بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەکانی ناوخۆ بەکاربهێنرێت و زۆر پێشلێکاری دیکەش.

کەواتە ئەی چی زەمانەتە؟

ئەگەرچی دەستوور زۆر گرنگە بۆ شەرعییەتدان بەو دەسەڵاتانەی هەرێمی کوردستان هەیەتی، بەڵام لە هەمان کاتدا ئامرازی هەرە سەرەکی کە پارێزەری مافە سیاسییەکانی کوردە ئەو هێزەیە کە هەرێمی کوردستان هەیەتی، لە ئایندەشدا دەبێ بە پلەی سەرەکی پشت بە هێز ببەستێن بۆ پاراستنی مافە دەستوورییەکانمان، بۆیە ئەوەی گرنگە و پێویستە بکرێت بەهێزکردنی زیاتری هەرێمی کوردستانە لە هەموو ڕوبێکەوە لە پاڵ فراوانکردنی ماف و دەسەڵاتە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان.



نەخشەی سەرچاوەکانی شەڕ و قەیرانەکان



عدنان فاخر/ دیانا

بوونی جیاوازی یا کەلێنێکی گەورە لە نێوان خواست و پێداویستییەکانی مرۆڤ و خێرایی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان بووەتە هۆی ئەوەی ئەم دۆخەی کە لە ئەنجامی ئەم کرانە وەها و لە ناکاوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دروست بووە، بەرگەی ململانێکانی پێشکەوتن و داهێنانەکانی ئابووری سیاسی و هتد... نەگرێت و دواجار بگۆڕێت بۆ جەنگێکی گەرم و درێژخایەنی فرەڕەهەند بە درێژایی مێژووی نوێ و هاوچەرخیش هەرچوار وڵاتی سوریا و عێراق و ئێران و تورکیا وەک ناوەندێکی هەمیشەیی ململانێ و جەنگی درێژخایەنی زلهێزە ئیمپراتۆرەکانی جیهانی بووە.

بڵاوبوونەوەی زانست و تەکنەلۆجیاش بە جیهاندا ئەگەر بۆ گەلانی ئازاد و پێشکەوتوو مایەی خۆشگوزەرانی بێ، بەڵام بۆ گەلانی ژێردەست و داگیرکراو وەکو ژەهر و کارەساتی کوشندە بووە. هاوتەریب لەگەڵ دۆخێکی ئاوادا لەم دەیەی دواییدا کۆمەڵێک بۆیە بزاڤی کوردی جگە لە دەستنیشان کردنی نەخشەی سەرچاوەکانی تێکچوونی هاوسەنگیی ناوچەکە، دەبێ تۆخمە بنەڕەتییەکانی خۆیشی پەرە پێ بدا کە سەرمایە و سەرچاوەی هێزی دینامیکیەتی بزاڤەکەن، بە پلەی یەکەمیش هێزی ئیراد و هێزی مرۆییە، لە لایەکی دیکەوە دەبێ دارێژەران و بەرێوەبەرانی ستراتیجییەتی بزاڤی کوردی لە هەرچوار پارچەی کوردستان لە هەنگاوەکانی هەردوو جۆرە هاوسەنگییەکە غافڵ نەبن و زۆر بە وردی کاری لە سەر بکەن، جۆری یەکەمیان ئەو نەشبێتە کاڵای نێوان چەکوچ و سندانی هێزەکانەوە، بەڵکو وەکو یاریزانێک یا توخمێکی سەرەکی و زیندووی ناو هاوکێشە سیاسی و ئابووری وهتد... خۆی دەربخا و دۆست و ناحەزە دیار و نادیارەکانی بە چاکی بناسێتەوە، چونکە هاوسەنگیی هاوکێشەکانی سیاسەتی نوێ و سەردەم زۆر چیاوازترن و هێزی گەورە و بچوک و دیاروونادیار و مادی و مەعنەوی لە خۆ دەگرن، هاوسەنگییەیە کە وڵاتە ئیقلیمییەکان بە هاوکاری وڵاتە گەورە و بڕیار بەدەستەکانی جیهان پێی هەڵدەستن.

دووەمیان ئەو هاوسەنگییەی لەژێر هەژموونی سیستەمی چەکی ئەتۆمی و چەکە ستراتیجییەکانی دێکەدا دروست دەبێ. کێبرکێی خۆ پرچەک کردنی وڵاتانی ئیقلیمی و کەنداویش فاکتەرێکی هەرە گرنگی تێکچوونی ئەو هاوسەنگییەیە، دۆزینەوەی نەخشەی ئەم سەرچاوانە کارێکی ئاسان نیە، بەڵام مەحاڵیش نیە...! ئەگەر کورد هەماهەنگ و یەکدەست بێ.



ماددەی هۆشبەر

فرسەت سالح

ماددەی هۆشبەر (چەکی لاوکۆژ و ئافاتی سەردەم) بۆتە هەڕەشە لەسەر تۆڕی لاوان. لە زاخۆ تا خانەقین، ئێمەی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان بە بڕیاری مەکتەبی سکرتاریەت بە سمیناری ڕۆشنبیری و زانستی و کۆڕوکۆبوونەوە بەرەنگاری ئەم چەکە لاوکوژە بوونەتەوە.

ماددەی هۆشبەر چەکێکی کوشندە و مەترسیدارە لەسەر وڵات و ئاسایشی نەتەوەیی و کۆمەڵگا و تەنانە تاکتاکی مافی و خانەوادەکانی کوردستان.


ماددەی هۆشبەر ژەهرێکی کوشندەیە کە دۆزمنان بەکاری دەهێنن بۆ داڕوخاندی کوردستان لە سەر ئاستی خێزان و مافی و گەڕەک و شار و تەواوی کوردستان.

لەبەر ئەوەی گەنج و لاوان هێزی بڕەودانن لە هەموو وڵات و کۆمەڵگایەک و لاوان و گەنجانی کوردستان پێشمەرگە ئاسا ڕووبەرووی دۆزمنان دەبنەوەو هەر ئەوانن بەرگری لە کوردستان دەکەن، بۆیە ناحەزان هەردەم هەوڵدەدەن چینی گەنج و لاوانی کوردستان بکەنە ئامانجی داڕوخان داڕمان لەرێگای ئەم ژەهرە کوشندەیە و بەهەموو شێوەیەک لە هەرچوار لای کوردستانەوە بە دەستلەپشتدانی دۆزمنانی چوار کنار ئاسانکاری دەکرێ بۆ ئاراستەکردنی مادەدە هۆشبەرەکان بۆ ناو کوردستان.

بۆیە دەبێ ئێمە وەکو لاو و گەنج لە هەموو لایەکەوە (وەکو پێشمەرگە) ڕووبەرووی ئەم ژەهرە و دیاردەیە ببینەوە و نەهێڵین کوردستان بکەوێتە ژێر چرنۆکی مادەدە هۆشبەرەکان و دۆزمنانی کوردستان سوودی لێ وەرگرن. لەم ڕووەوە داوا لە گەنجان و لاوانی وڵات دەکەین کە بەهیچ شێوەیەک نزیک ئەم ژەهرە نەبنەوە و هاوڕێتی و دۆستایەتی ئەو کەسانەش نەکەن کە گومانی تاڵوودەبوونیان لێدەکرێ، هەروەها هامشۆی ئەو شوێن و جێگە و پێگانە نەکەن کە گومانداڕن.

لەلایەکدی کەشەوە داوا لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان و لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەین کە بەهەموو شێوەیەک و بە دەستێکی پۆڵایین ڕووبەرووی ئەم دیاردە وێرانکارییە ببنەوە کە هیچی کەمتر نییە لە تیرۆر و تیرۆرستا و بەڵکو خرابتریشە.

ئەمڕۆ ماددەی هۆشبەر بوتە چەکی کۆمەڵ کوژ کە دەست لەکەس ناپارێزێت بەڵکو تەنها لە بەرژەوەندیی دۆزمنان و داگیرکەراندایە، بۆیە ئەی لاوان و گەنجانی کوردستان... خۆتان بەدووربگرن لەم ژەهرە و مەبنە نێچیری ڕاوی ئەم چەکە کۆمەڵکوژە.



بەشێنەیی

کاروان محەمەد سینۆ

قەیرانی ئەمرۆی عێراق دوو ئیرادەی ناکۆکی لە پشتە

بەپێی چاودێری و بەدواداچوون بۆ قەیرانی ئەمڕۆی عێراق بەگشتی و داواکارییە شەرعی و ڕەواکانی بەشێکی هاوڵاتیانی عێراق لەدابینکردنی خۆشگوزەرانی و خزمەتگوزار و نەهێشتنی گەندەڵی و پەیرەوکردنی چاکسازی لە داموودەزگاکانی حکوومەتدا، هەست دەکرێ کە دوو ئیرادەی ناکۆک ئیدارە و ئاراستەی خۆپیشاندانەکان دەکات.

ئاراستەی یەکەم لە بەرژەوەندی خۆیدا هان و پاڵپشتی خۆپیشاندانەکان دەکات و لە ڕووی لۆجستی و ڕاگەیاندنەوە، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەکو فێیسبوک و تویتەر و مالپەڕە جۆراجۆرەکاندا ئامار و چالاکیی خۆپیشاندانەکان و دروشم و هاشتاگ و وێنە و ڤیدیۆکانیان خولەک بە خولەک بڵاودەکاتەوە.

ئاراستەی دووەمیش هەوڵدەدات کە خواست و داواکاری و دروشم و کارتەکانی خۆپیشاندەران تێکەڵ بکات و خواست و داواکارییە شەرعی و یاساییەکانی خۆپیشاندەران لە بەرژەوەندی خۆیدا بەلاڕێدا ببات و لە کاتی پێویستیشدا سواری مەوجەی خۆپێشاندەران دەبێت... کورد گوتەنی (لەنالێش دەدات و لە بزماریش دەدات).

ئاراستەی یەکەم بریتییە لەو هێزە نادیارە؟! یاخود ئەو لایەنە نادیارە ؟! کە هاندەر و ڕێکخەر و ئاراستەداری خۆپیشاندەرانە بۆ داواکردنی چاکسازی و خزمەتگوزاری و نەهێشتنی گەندەڵی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی کە هەر لە سەرەتاوە ئەمانە خواستی خۆرسکی کۆمەڵێک گەنجی عێراق بوو. هەڵبەت ئەمانە خواستی سروشتی و مافی یاسایی و شەرعیی جەماوەرین لە چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراتی فیدراڵدا و مافی هەر کۆمەڵگایەکی مەدەنییە کە ئەم داواکارییانەی هەبێت، بەڵام ئەو لایەنە نادیارە؟! هەوڵدەدات هەڵچوونی خۆپیشاندەران لە بەرژەوەندی خۆیدا ئاراستە بکات.

لە هەمان کاتیشدا هەست دەکرێ کە لایەنی دووەمیش هەیە کە ئیدارەی خۆپیشتاندانەکانی عێراق دەکات و لەپەنای خۆپێشاندەران و لەسەر زاری کەسانی گومانلێکراوی نێردراو بۆ ناو خۆپیشاندەران لە بەردەم کامیرای میدیاکان خواست و داواکاری سیاسی گومانلێکراو بەرزدەکەنەوە کە ئێستا لە بەرژەوەندی خەڵک و دوارۆژ و هێمنی و ئارامی عێراقدا نییە، وەکو گۆڕینی دەستوور و نەهێشتنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان و داهێنانی سیستەمی حوکمڕانی سەرۆکایەتی و...هتد. ئەم ئاراستەیە یاخود ئەم هێزە نادیارە؟! ئەگەرچی لە ڕواڵەتدا لایەنگری خۆپیشاندەران دەکات، بەڵام لە ناوەڕۆکدا دژی خواستی خۆپیشاندەران و سەروەری و ئازادی عێراقە. بۆیە دەبینێ هەردوو لایەن یاخود ئەم هێزە نادیارە؟! ئەگەرچی پشت خۆپیشاندانەکانی عێراق جارێک داوای گۆڕینی دەستوور دەکەن و جارێک داوای گۆڕینی سیستەمی سیاسی عێراق دەکەن و جارێک پێشمەرگە تۆمەتبار دەکەن بەوەی دەستی هەیە لە قەیرانی عێراق و ناوی سەرکردە و بەرپرسانی هەرێمی کوردستان لە ڕاپۆرت و لێدوانەکانیاندا لەکەدار دەکەن و جارجاریش باس لە پارچەبوونی عێراق دەکەن و...هتد. کە هەموو ئەم خواستانەش دوورن لە داواکارییەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و خەڵکی سڤیلی عێراق لە ئارامی و خۆشگوزەرانی.

بەڵام ئەگەر بەشێنەیی لە دۆخی ئەمڕۆی عێراق و لوبنان و ئێران و ئەمریکا وردببینەوە، دەبینی کە ئەمڕۆ ململانێیەکی هەژموونی سیاسی نزیک لە ڕووبەڕووبوونەوە لە عێراق و لوبنان دەگوزەرێ لە نێوان ئەمریکا و ئێران و خۆپیشاندانەکانی ئەمڕۆی عێراق و لوبنان تەنها ئامرازن بۆ ئەم ململانێ و ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان ئەمریکا و ئێران لە دەڤەرەکەدا.

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٥ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٠٠٧٦٤٥ بەرواربەری ٢٠١٥/١١/٤ بەناوی هونەر قرنی سعید وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

ناسنامەیەکی حزبی بەناوی(محمد حسن ممند) کە لەلایەن لیژنەی ناوچەی رانیەوە دەرچووە ون بووە، هەرکەسێك دۆزیویەتییەوە تکایە بیگەڕێنێتەوە بۆ شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

ناسنامەی فەرمانبەری بەناوی (تحسین انور شفیق) وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

مۆلەتی شوفێری بەناوی سلیمان خالد احمد ژمارەی مۆلەت ٣٦٠٨٥ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

محكمة تحقيق الشهال

اعلان

الى المفقود : ماجد مراد تمر

قدمت السيده / بسي مراد خدر طلبا الى هذه المحكمة حول فقدانك بتاريخ ٢٠١٤/٨/٣ ولمجهولية محل اقامتك تقرر تبليغك بواسطة صحيفتين محليتين ولك حق الاعتراض خلال مدة ثلاثون يوما من تاريخ النشر وفي حالة عدم حضورك سيتم اتخاذ الاجراءات القانونية وفق الاصول

القاضي / سعود حمود الذعار

***

محكمة تحقيق الشهال

اعلان

الى المفقود : ريبار مراد تمر

قدمت السيده / بسي مراد خدر طلبا الى هذه المحكمة حول فقدانك بتاريخ ٢٠١٤/٨/٣ ولمجهولية محل اقامتك تقرر تبليغك بواسطة صحيفتين محليتين ولك حق الاعتراض خلال مدة ثلاثون يوما من تاريخ النشر وفي حالة عدم حضورك سيتم اتخاذ الاجراءات القانونية وفق الاصول

القاضي / سعود حمود الذعار

***

دادگای کەتنی سلێمانی/٣

ژمارەی داوا: ١٨٠٦/ك/٢٠١٧

بەروار: ٢٠١٩/١٠/٣٠

ئاگاداری

بۆ/ تۆمەتباری راکەردوو: سەردار محمد محمد سعید

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤١٣) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (سەیوان) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاریکراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت ٢٠٢٠/٣/٩ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەپێی ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر / قادر سعید محمود

***

دادگای تاوانەکانی سلێمانی/١

ژمارە : ٧٩٥/ ت / ٢٠١٩

بەروار : ١٥ / ١٠ / ٢٠١٩

ئاگاداری

بۆ تۆمەتبارانی راکەردوو (سەرباز محمود حاجی و عباس محمود حاجی)

لەبەر ئەوەی نێردراون بۆ ئەوەی دادگایی بکرێن بە پێی ماددەی (٢٩٨/٢٨٩) لە یاسای (سزادان) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (سەرا) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاریکراوت نییە بریارماندا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی ٢٠١٩/١٢/٣١ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر / قادر سعید محمود

***

دادگای تاوانەکانی سلێمانی/١

ژمارە : ٤٩٢/ ت / ٢٠١٩

بەروار : ٦ / ١١ / ٢٠١٩

ئاگاداری

بۆ تۆمەتبارانی راکەردوو (سەرباز محمود حاجی و عباس محمود حاجی)

لەبەر ئەوەی نێردراون بۆ ئەوەی دادگایی بکرێن بە پێی ماددەی (٢٩٨/٢٨٩) لە یاسای (سزادان) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (قەلادزێ) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاریکراوت نییە بریارماندا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی ٢٠٢٠/٢/١٢ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبن یان خۆتان بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانتان لەو رۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر / قادر سعید محمود

***

دادگای تاوانەکانی سلێمانی/١

ژمارە: ١٢٨٤/ ت / ٢٠١٩

بەروار: ٣ / ١١ / ٢٠١٩

ئاگاداری

بۆ تۆمەتباری راکەردوو (شوانە رسول حسن)

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بە پێی ماددەی (١/١٤) لە یاسای (مخدرات) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی (ئاسایشی قەلادزێ) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاریکراوت نییە بریارماندا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی ٢٠٢٠/٢/٢ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر / قادر سعید محمود

***

دادگای تاوانەکانی سلێمانی/١

ژمارە: ١٢٩٢/ت / ٢٠١٩

بەروار: ٣ / ١١ / ٢٠١٩

ئاگاداری

بۆ تۆمەتباری راکەردوو (بێستون مصطفی محی الدین)

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بە پێی ماددەی (٤١٢) لە یاسای (سزادان) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (سەیوان) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاریکراوت نییە بریارماندا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی ٢٠٢٠/١/٢٧ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیەنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر / قادر سعید محمود

***

دادگای بەرایی دەشتی هەولێر

ژمارەی داوا:٨٢/ب/٢٠١٩

رێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٢

جارِدان

بۆ داوالێکراو (ڕێباز محمد خضر)

شوێنی دانیشتنت نادیارە

داواکار بەختیار سلیم امین داوای ژمارە ٨٢/ب/٢٠١٩ لەسەرت تۆمارکردووە دادگاش لە رێکەوتی ٢٠١٩/٩/١٢ بەشێوەی پاشملە بریاری حوکمی دەکرد بە بری ٥٠٠٠٠٠ پێنج سەد هەزار دینارى عراقی وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بۆیە دادگا بریاریدا کە پێت رابگەیەندرێت بەم بریارە لەرێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە ئێوەش مافی نارەزایی و تێبینیتان هەیە پێداچوونەوەتان هەیە لەماوەی یاسایيدا وە بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبر وەردەگرێت بەگوێرەی یاسا.

دادوەر/ نیگار احمد محمد

***

سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی کەرکوك/گەرمیان

دادگای باری کەسێتی کفری

ژمارە: ٢٣٩/ش/٢٠١٩

ئاگادارکردنەوە

بۆ داوالەسەرکراو/ پیام صلاح کریم

داواکار (زیرەك صباح محمود) داوایەکی لەم دادگایە تۆمارکردووە بە ژمارە (٢٣٩/ ش/ ٢٠١٩) کە تیایدا داوای جیابوونەوە دەکات بە هۆی زیان (للضرر) لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت دادگا بڕیاری داوە بە ئاگادارکردنەوەت لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە ڕۆژی ٢٠١٩/١١/٢٥ کاتژمێر (٩) ی سەرلەبەیانی دیاریکراوە بۆ دادبینی. بۆیە دەبێت خۆت یا بریکارێکت نامادە بن لەو بەرواربە بە پێچەوانەوە داواکە دەبینرێت بە پێی یاسا.

دادوەر/ فریدون عبدالله محمد شفیق

***

دادگای باری کەسێتی لە کەلار

ژمارە: ٩٩٥/ش/٢٠١٩

ئاگاداری

بۆ داوالەسەرکراو/ سەروەت عزت عزیز

داواکار (بیریڤان بهرام قادر) داوای ژمارە (٩٩٥/ش/٢٠١٩) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت وە تیایدا داوای (تفریق للضرر) دەکات. لەبەر ئەوەی نێستا شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بە پێی اشعاری ئەنجومەنی/ کەلار / گەڕەکی شەهیدان بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە ئاگادارکردنەوەت لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆی بە مەبەستی ئامادەبونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی (٢٠١٩/١٢/١) بەیانی دەدرێت.

دادوەر/ پروین علی احمد

***

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

زانکۆی کۆیە

بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی و پلان دانان

ژمارە/ ٩١١٢/٢٩/٧

ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١١/١٨

ئاگاداری

سەرۆکایەتی زانکۆی کۆیە هەڵدەستێت بەفۆشتنی (هەندێ ئامرو کەل و پەلی لەکار کەوتوو) بەشێوەی زیادکردنی ئاشکرا بەم مەرجانەی لای خوارەوە، جا هەر بەڕێزێك ئارەزووی بەشداریکردنی هەیە با لەڕۆژی (یەك شەممە) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٢/١٥) کاتژمێر (١٠،٠٠)ی بەیانی لەسەرۆکایەتی زانکۆی کۆیە ئامادەبێ بەمەبەستی بەشداریکردن لەزیادکردنەکە، وە ئارەزوومەندان بۆ بەشداریکردنەکە بۆیان هەیە پێش ئەم بەرواربە سەردانی کۆگای ناوەندی زانکۆ بکەن بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر و ئاشنابوون بە لیستی ناوی ئەو ئامێرو کەلوپەلانەی کە ئامادەکراون بۆ فرۆشتن وەرگرتنی وێنەیەکی ئامادەکراو بۆ ئەم مەبەستە.

پ.د. وەلی مەحمود حمد/ سەرۆکی زانکۆ

مەرجەکان

١- دانانی بارمتەی دارایی بۆ بەشداربوون لە زیادکردنەکە بەبڕی (٠٠٠ ٠٠٠ ٢)تەنها دوو ملیۆن دینارى عێراقی بەشێوەی نەقدی لە بەڕێوەبەرایەتی دارایی زانکۆ بەپێی پسولەی وەرگرتن (وصل قبض).

٢- سەردانی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی و پلان دانانی زانکۆ بکات بەمەبەستی ناونوسین لە لیستی بەشداریکردن لە زیادکردنەکەو پێویستە وێنەی کۆپی پسولەی دانانی بارمتەی داراییەکەی لەگەڵ خۆی بهێنێ.

٣- هەر بەڕێزێك خاڵی (١ و ٢) ئەنجام نەدات مافی بەشداریکردنی نیە لەزیاد کردنەکە.

٤- نرخی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە ئەستۆی کڕیاری براوەی زیاد کردنەکە.

٥- ئەو بەڕێزەی زیادکردنەکەی بۆ دەردەچێت دەبێت لەماوەی (١٥) پازدە ڕۆژدا لەدوای دەرچونی فەرمانی زانکۆیی راسپاردنەکە کەل و پەل و ئامێرەکان بگوازرێتەوە دەرەوەی زانکۆ بە پێی برگەی (١)لە ماددە(٣٦)ی یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی مولکەکانی دەولەت ژمارە(٢١)ی سالی (٢٠١٣)ی کارپێکراو، بە پێچەوانەوە لەدوای ماوەی دیارکراو یان (٣٠) ڕۆژی دواتر کرێی هەڵگرتن بۆ هەر ڕۆژێك دواکەوتن بە ڕێژەی (٢/١٪) لەپارەی فرۆشتنەکە دەکەوێتە ئەستۆی کڕیارو براوە بۆ ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ بە گوێرەی برگە (٣) لەماددەی (٣٦)ی یاسای ئاماژە بۆ کراو لەسەرەوە.

٦- بەڕێزانی یەکەم و دووەم لەکاتی نکۆلی یاخود پاشگەزبونەوە لە کرینەکە ئەستەمی یاسایی دەکەوێتە ئەستۆیان بە پێی ماددە(٣٣)ی یاسای (فرۆشتن و بەکرێدانی مولکەکانی دەولەت) ژمارە(٢١)ی سالی (٢٠١٣)ی کارپێکراو.

***

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

زانکۆی کۆیە

بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی و پلان دانان

ژمارە/ ٩١١١/٢٩/٧

ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١١/١٨

ئاگاداری

سەرۆکایەتی زانکۆی کۆیە(بۆ جاری دووەم) هەڵدەستێت بەفۆشتنی (٤٤ چل و چوار بەڕادی ئاوی بچوك لەگەڵ ٨ بەڕادی ئاوی گەورە) بەشێوەی زیادکردنی ئاشکرا بەم مەرجانەی لای خوارەوە، جا هەر بەڕێزێك ئارەزووی بەشداریکردنی هەیە با لەڕۆژی(پێنج شەممە) ڕێکەوتی (٢٠١٩/١١/٢٨) کاتژمێر (١٠،٠٠)ی بەیانی لەسەرۆکایەتی زانکۆی کۆیە ئامادەبێ بەمەبەستی بەشداریکردن لەزیادکردنەکە، وە ئارەزوومەندان بۆ بەشداری لەزیادکردنەکە بۆیان هەیە پێش ئەم بەرواربە سەردانی کۆگای ناوەندی زانکۆ بکەن بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر و ئاشنابوون بە بەڕادەکان کە ئامادەکراون بۆ فرۆشتن.

پ.د. وەلی مەحمود حمد/ سەرۆکی زانکۆ

مەرجەکان

١- دانانی بارمتەی دارایی بۆ بەشداربوون لە زیادکردنەکە بەبڕی (٠٠٠ ٠٠٠ ٢)تەنها (دوو ملیۆن دینارى عێراقی) بەشێوەی نەقدی لە بەڕێوەبەرایەتی دارایی زانکۆ بەپێی پسولەی وەرگرتن (وصل قبض).

٢- سەردانی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی و پلان دانانی زانکۆ بکات بەمەبەستی ناونوسین لە لیستی بەشداریکردن لە زیادکردنەکەو پێویستە وێنەی کۆپی پسولەی دانانی بارمتەی داراییەکەی لەگەڵ خۆی بهێنێ.

٣- هەر بەڕێزێك خاڵی (١ و ٢) ئەنجام نەدات مافی بەشداریکردنی نیە لەزیاد کردنەکە.

٤- نرخی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە ئەستۆی کڕیاری براوەی زیاد کردنەکە.

٥- ئەو بەڕێزەی زیادکردنەکەی بۆ دەردەچێت دەبێت لەماوەی (١٥) پازدە ڕۆژدا لەدوای دەرچونی فەرمانی زانکۆیی راسپاردنەکە کەل و پەل و ئامێرەکان بگوازرێتەوە دەرەوەی زانکۆ بە پێی برگەی (١)لە ماددە(٣٦)ی یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی مولکەکانی دەولەت ژمارە(٢١)ی سالی (٢٠١٣)ی کارپێکراو، بە پێچەوانەوە لەدوای ماوەی دیارکراو یان (٣٠) ڕۆژی دواتر کرێی هەڵگرتن بۆ هەر ڕۆژێك دواکەوتن بە ڕێژەی (٢/١٪) لەپارەی فرۆشتنەکە دەکەوێتە ئەستۆی کڕیارو براوە بۆ ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ بە گوێرەی برگە (٣) لەماددەی (٣٦)ی یاسای ئاماژە بۆ کراو لەسەرەوە.

٦- بەڕێزانی یەکەم و دووەم لەکاتی نکۆلی یاخود پاشگەزبونەوە لە کرینەکە ئەستەمی یاسایی دەکەوێتە ئەستۆیان بە پێی ماددە(٣٣)ی یاسای (فرۆشتن و بەکرێدانی مولکەکانی دەولەت) ژمارە(٢١)ی سالی (٢٠١٣)ی کارپێکراو.

***

دادگای بەرایی سلێمانی / ٣

ژمارە : ٢٠٠٢ / ب / ٢٠١٩

بەروار : ١٨ / ١١ / ٢٠١٩

ئاگاداری

بۆ المعترض علیه اعتراض الغیر (نارەزایی لەسەرکراو) (ابراهیم روستم محمد امین)

المعترض اعتراض الغیر (نارەزایی لەسەرکار) بەناوی (ارسلان عبدالأزل فلاح) لەبەردەم ئەم دادگایە داواکاریەکیان لەسەر تۆمارکردویت بە ژمارە (٢٠٠٢ / ب / ٢٠١٩) لە دادگای بەرایی سلێمانی / ٣ وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونتان لە ئێستادا نادیارە بۆ یە ئەم دادگایە بریاری دا بە ئاگادارکردنەوەتان لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بەمەبەستی ئامادەبونتان بۆ دادگایی کردن بۆ ڕۆژی (١٤ / ١٢ / ٢٠١٩) کاتژمێر (٩:٣٠) یان نارەنی بریکارێك بەپێچەوانەوە ئامادەنەبیت بە پێی یاسا داواکە دەبینرێت .

دادوەر / سۆران عمر محوی

***

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/هەولێر

ژمارەی دۆسیە/٢٠١٨/٣٧٥٧

ڕێکەوت/٢٠١٩/١١/١٧

جارِدان

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر مولکی ژمارە قیتلای ژمارە/ ٣٤ کە کەوتوەتە دبی ستی دەفرۆشێت, خاوەنەکەی قەرزار کۆمپانیای ڕۆژهەلات کە گلدانەوەی خراوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی محمد صالح سعدالله بەبڕی/ ١,٣٨٧,٢٨٦,٥٠٠ ملیار دینار هەرکەسێ ئارەزوومەند ١٥ پازدە ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەڵ بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی وڵاتنامەی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کڕیارە.

جێبەجێکاری داد / ئاری فیصل دەباغ

١ – شوێن و ژمارەی/ ڤێلای ژمارە ٣٤ دبی ستی

٢ – ڕەگەزو جۆری/ مولکی تەواو

٣ – سنوورو ئاگاداری/ هەر وەك لەنەخشەکەدا هاتووە

٤ – پێکهاتەکەی/ خانویەکی دوو نهۆمی – یەکەم هۆل + استقبال + مطبخ + ١ نوم +کۆگا + ٢ حمام و ٢ مرافق.

٥ – ڕووبەرەکەی/١١١٢م٢

٦ - پلەی ئاوەدانکاری/

٧- نیشتەجێکەی/ هەیکەل کەسی تێدا نەبوو.

٨ – نرخی قرساو/ ٣٨٤,٠٠٠,٠٠٠ سێ سەدو هەشتا و چوار ملیۆن دینار

***

کۆمپانیای نەوتی تەق تەق TTOPCO

Position: Lab Engineer

JOB SPECIFICATIONS

Education Level University degree (Must) / Chemistry or Chemical Engineering

Experience At least 5 years experience in Laboratory Engineering and/or Production Chemistry. Experience in sour crude oil & water treatment plants, Oil Laboratory equipments including RVP-Salt Analyzers, etc.

Abilities & Others: Working as a team member

Language Skills • English – Very good

Computer Skills • Microsoft office – Very good

Competencies • Ability to work as a team member,working at night and day shift

KEY RESPONSIBILITIES

- Responsible for taking and analysing samples by SOPs and that sample reports are communicated effectively.
- Responsible for ensuring laboratory chemical stocks, control stocks of equipment, materials, and chemicals and receive / store stock as required for Laboratory.
- Optimize stock usage to maintain levels at all times.
- Prepare daily reports to managements.
- Labelling and maintain integrity of samples before analysing.
- Record test / analysis results within appropriate documentation
- Follow safe and healthy conditions in the working environment
- Follow incident and emergency procedures
- Responsible for verification and calibrating equipment
- Report and record calibration within appropriate documentation
- Supply information for specific purposes / tasks
- Monitor and maintain pollution control measures
- Carry out emergency response role
- Communicate with supervisors, and external parties accurately, concisely and promptly.
- Equipment, waste or other materials for disposal are dealt with according to the correct procedure
- Adherence to TTOPCO's policies and procedures
- Ability to build good relationships with colleagues and eager to conduct team work
- Any other duties defined and instructed by Assistant Chief Production Chemist

ئیمیل: k.kocak@taqtaqopco.com

ژ . مۆبایل: 07507721984

chavy company
Tourism Investment
Chairman Office

CHAVY LAND AMUSEMENT PARK

کۆمپانیای چاڤی
بۆ وەبەرهێنانی گەشتیاری - هاوپشکی تایبەت
نوسینگەی سەرۆکی ئەنجومەن

ژمارە : ٥٩
ڕێکەوت : ٢٠١٩/ ١١/ ١٨

کۆمپانیای چاڤی
دەرچوو
ژمارە : ٢٠١ / /
CHAVY COMPANY

بۆ بەڕێزان / ئەندامانی دەستەی گشتی

بابەت / بانگهێشت بۆ کۆبونەوە

پاڵپشت بە ماددەی (٨٧ –بڕگەی دووەم) لە یاسای کۆمپانیاکان، وە لەسەر بڕیاری ئە نجومەنی بەڕێوەبردن، سەرۆکی ئە نجومەن بانگێشتی بەڕێزتان دەکات بۆ کۆبونەوەی دەستەی گشتی، ڕۆژی (سێ شەممە) ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٢/١٠) کاتژمێر (١١:٠٠) ی سەرلە بەیانی لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی (ئوتێل ڕامادا)، بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر کارنامەی کۆبوونەوەکە کە پێکهاتووە لە :-

١. پەسەند کردنی بودجەی سالی دارایی کە لە (٢٠١٨/١٢/٣١) کۆتایی هاتووە.
٢. ڕاسپاردنی ژمێریاری یاسایی بۆ ئامادە کردنی بودجەی سالی دارایی (٢٠١٩).

لەگەڵ ڕێزدا...

لەندازیار
دانا حسن محمد
سەرۆکی ئە نجومەنی کارگێڕی

وێنەیەك بۆ :-
-نوسینگەی بەڕێوەبەری ڕێگە پێدراو/بۆ ئاگاداریتان, لەگەڵ ڕێزدا
-بەشی یاسا/بۆ کاری پێویست, لەگەڵ ڕێزدا
-دۆسیەی دەرچوو

ناونیشان: سلێمانی- شەقامی بازنەی مەلیک محمود- شەقامی مەحوی.
ژ. مۆبایل: 0772 334 2394 0750 765 9630
Chavyland.Company@gmail.com

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/هەولێر
ژمارەی دۆسیە/٢٠١٨/٣٧٥٧
رێکەوت/٢٠١٩/١١/١٧
جاڕدان
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر مولکی ژمارە ٣٣ قیتلای ژمارە/ ٤٠ کە کەوتوەتە دبی ستی دەفرۆشێت, خاوەنەکەی قەرزار کۆمپانیای رۆژهەلات کە گلدانەوەی خراوتەوە سەر لەجیاتی قەرزی محمد صالح سعدالله بەپرێ/ ١,٣٨٧,٢٨٦,٥٠٠ ملیار دینار هەرکەسێ ئارەزوومەند ١٥ پازدە رۆژ لە رۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەل بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی وڵاتنامەی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کرێارە.
جێبەجێکاری داد / ئاری فیصل دەباغ
١ – شوێن و ژمارەی/ قیتلای ژمارە ٣٣ دبی ستی
٢ – رەگەزو جۆری/ مولکی تەواو
٣ – سنوورو ئاگاداری/ هەر وەك لەنەخشەکەدا هاتووە
٤ – پێکهاتەکەی/ خانویەکی دوو نهۆمی – یەکەم لە هۆل + استقبال + مطبخ + ١ نوم +کۆگا + ٢ حمام و ٢ مرافق.
٥ – رووبەرەکەی/ ١٠٦٠م٢
٦ - پلەی ئاودانکاری/
٧- نیشتەجێکەی/ هەیکەل لەژێر دروستکردنی دیوار/ کەسی تیدانیە بوو
٨ – نرخی قرساو/ ٤٢٠,٠٠٠,٠٠٠ چوار سەدو بیست ملیۆن دینار
***
ژمارە: ٢١٩٦
رێکەوت: ٢٠١٩/١١/١٣
ئاگادارنامە
بۆ تۆمەتبار (فرهاد منصور ماربین) لەبەر ئەوەی بریاری دەستگیرکردنت هەیە لە نووسینگەی نەهێشتنی تاوانی عنکاوە بەپێی مادەی (٢٩٨/٢٨٩) لەیاسای سزا لەسەر ساختەکردن و لەبەر ئەوەی تاکو ئێستا دەستگیر نەکراوی دادگای لێکۆڵینەوەی عنکاوە لەرێکەوتی (٢٠١٨/٢/٢) بریاری داوە بەگلدانەوەی ئەم مولکانەی خوارەوە لە جۆری گواستراوە و نەگواستراوە بەپێی مادەی (١٢١/أ) لەیاسای بنەماکانی دادگەرییە سزاییەکان.
١- ئۆتۆمبێلی ژمارە (٣٢٦٩٤) هەولێر/تایبەت جۆری کرایزرستیشن ڕەنگی سپی مۆدێل ١٩٩١
٢- رصیدی بانکی بەبری ٢٤٧٩٨٥
و دادگای تاوانەکانی هەولێر لەرێکەوتی ٢٠١٨/٥/٢٣ بریاری داوە بەپالپشتی کردنی بریاری دادگای لێکۆڵینەوە عنکاوە بەگلدانەوەی مولکە گواستراوەو نەگواستراوەکانت بۆیە داوا دەکەین لەماوەی (٣٠) ڕۆژ خۆت ڕادەستی نووسینگەی نەهێشتنی تاوانی عنکاوە یاخود نزیکترین پنکەی پۆلیس بکەیت بۆ لێکۆڵینەوە لەگەڵت بپێچەوانەوە بەپێی یاسا بریار لەسەر مولکە گلدراوەکانت دەدرێت.
داوەری یەکەم/ تەرزە سالار عثمان
***
سەرۆکاتیا باژێڕانیا زاخو
ژمێریاری/ بوودجە
ژمارە: ٣٠١/٢/٢/ ٦٨٣٠
رێکەفت: ٢٠١٩/١١/١٩
ئاگەهداری
ئامـاژە ب نڤیسارێن ڕێڤەبەریا گشتی یا باژێڕانییا ل پارێزگەها دهوکێ/ کاروبارێن یاسایی یێن ژمارە (٥١٧١) ل ٢٠١٩/١١/١٣ و (٤٥٥٥) ل ٢٠١٩/١٠/١٤ و ئامـاژە بنڤیسارا ڕێڤەبەریا نەخشەدانانا ئاڤەدانی ل دهوکێ یا ژمارە (١٣٥٥) ل ٢٠١٩/٥/١٦ و بریارا جڤاتا باژێڕانییا زاخو یا ژمارە (٤٨) ل ٢٠١٩/٥/١٦ێ لپەی بەندێن مادا نەهێ برگە (٣) ژیاسا کرین و فروتنا مولکێن دەولەتێ ژمارە ٣٢ سالا ١٩٨٦ سەرۆکاتیا باژێڕانیا زاخو ڕادگەهینت ژبو هوبونا سەرنێك زێدەکرنەکا ئاشکرا ژبو کریکرنا (ئاشا ریکلامێن بارزگانی بو ماوێ (٣) سالان ئەڤجا کەسێ بڤێت بەشداریێ د سەرنێك زێدەکرنا ئاشکرا دا بکەت پێتڤێ یە داخوازێن خو پشکێشی سەرۆکاتیا باژێڕانیا زاخو بکەت لگەل دابینکرنێن دەستپێکی (تامینات اولیە) ب برێ (٢٠٪) ژ بەرامبەریا پێشکێش کری (البدل المقدر) د ماوێ (٣٠) ڕۆژا دا هەر ژ بەروارا بەلاڤکرنا ئاگەهداریێ د ڕۆژنامـا فەرمـی دا و سـەرنێك زێدەکـرن دێ ل دیوانـا سـەرۆکاتیا باژێڕانیا زاخو هێتە کرن پشتی بداوی هاتنا ماوێ بەلاڤکرنێ و هەرکەسێ سەرنێك زێدەکرن بگەهتێ دێ کرێن بەلاڤکرنێ و ئاگەهداریێ و گشت خەرجا سەرەدەرکت.
ئەندازیار/ بشار منیب محمود
سەرۆکی باژێڕانیا زاخو
***
سەرۆکاتیا باژێڕانیا زاخو
ژمێریاری/بوودجە
ژمارە/ ٣٠١/٢/٢/ ٦٨٣١
رێکەفت/٢٠١٩/١١/١٩
ئاگەهداری
لپەی بەندێن مادا نەهێ برگە (٣) ژیاسا کرین و فروتنا مولکێن دەولەتێ ژمارە ٣٢ سالا ١٩٨٦ سەرۆکاتیا باژێڕانیا زاخو ڕادگەهینت ژبو هوبونا سەرنێك زێدەکرنەکا ئاشکرا ژبو کریکرنا (ئاشا ریکلامێن بارزگانی بو ماوێ (٣) سالان ئەڤجا کەسێ بڤێت بەشداریێ د سەرنێك زێدەکرنا ئاشکرا دا بکەت پێتڤێ یە داخوازێن خو پشکێشی سەرۆکاتیا باژێڕانیا زاخو بکەت لگەل دابینکرنێن دەستپێکی (تامینات اولیە) ب برێ (٢٠٪) ژ بەرامبەریا پێشکێش کری (البدل المقدر) د ماوێ (٣٠) ڕۆژا دا هەر ژ بەروارا بەلاڤکرنا ئاگەهداریێ د ڕۆژنامـا فەرمـی دا و سـەرنێك زێدەکـرن دێ ل دیوانـا سـەرۆکاتیا باژێڕانیا زاخو هێتە کرن پشتی بداوی هاتنا ماوێ بەلاڤکرنێ و هەرکەسێ سەرنێك زێدەکرن بگەهتێ دێ کرێن بەلاڤکرنێ و ئاگەهداریێ و گشت خەرجا سەرەدەرکت.
ئەندازیار/ بشار منیب محمود
سەرۆکی باژێڕانیا زاخو
***

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/هەولێر
ژمارەی دۆسیە/٢٠١٨/٣٧٥٧
رێکەوت/٢٠١٩/١١/١٧
جاڕدان
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر مولکی ژمارە قیتلای ژمارە/ ٣٣ کە کەوتوەتە دبی ستی دەفرۆشێت, خاوەنەکەی قەرزار کۆمپانیای رۆژهەلات کە گلدانەوەی خراوتەوە سەر لەجیاتی قەرزی محمد صالح سعدالله بەپرێ/ ١,٣٨٧,٢٨٦,٥٠٠ ملیار دینار هەرکەسێ ئارەزوومەند ١٥ پازدە رۆژ لە رۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەل بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی وڵاتنامەی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کرێارە.
جێبەجێکاری داد / ئاری فیصل دەباغ
١ – شوێن و ژمارەی/ قیتلای ژمارە ٤٠ دبی ستی
٢ – رەگەزو جۆری/ مولکی تەواو
٣ – سنوورو ئاگاداری/ هەر وەك لەنەخشەکەدا هاتووە
٤ – پێکهاتەکەی/ خانویەکی دوو نهۆمی – یەکەم لە هۆل + استقبال + مطبخ + ١ نوم +کۆگا + ٢ حمام و ٢ مرافق.
٥ – رووبەرەکەی/ ١١٨٠م٢
٦ - پلەی ئاودانکاری/
٧- نیشتەجێکەی/ هەیکەل لەژێر دروستکردنی دیوار/ کەسی تیدانیە بوو
٨ – نرخی قرساو/ ٣٦٠,٠٠٠,٠٠٠ سێ سەدو شەست ملیۆن دینار
***
دادگای لێکۆڵینەوەی عەنکاوە
ژمارە: ٢١٩٦
رێکەوت: ٢٠١٩/١١/١٣
ژووڕا بازرگانی و پیشەسازیا دهۆکێ
غرفة تجارة و صناعة دهوك
ژمارە: ٢٥٧٧
ڕێکەفت: ٢٠١٩/١١/١٨
بۆ/ ڕێڤەبەریا کۆمپانیا دهۆك
بریارا کۆمپانیایێ
نیشان ب بریارا کۆمپانیا (عمر وعزالدین یا حەج و عومرە/ سنوردار) ل ڕێکەفتی (٢٠١٩/١١/١٨) ئەوا بارەگایێ وێ ل دهۆك- لنافـ بازارێ بریار تێدا هاتە دان ب ڤان گهورینا:
١- گهورینا ناڤێ بازرگانی یێ کۆمپانیایێ ژ (کۆمپانیا عمر وعزالدین یا حەج و عومرە/سنوردار) دێ بێتە (کۆمپانیا گەرماڤا یا حەج و عومرە/سنوردار) بفەرموون دگەل ڕێزگرتنێ.
محمد ریاض عبدالفتاح نعمة
ڕێڤەبەرێ ژووڕێ ب وەکالەت
ئاگادارى
ئاگەهدارىا گشت لایەکى دکەین کۆ کومپانیا (SELCAN MOBILIA) یا (بازرگانیا گشتى وموبیلیات وهاورده وهەنارده / سنوردار) بریارا گهورینا (ناڤێ کومپانیى) دایه ژ کومپانیا (SELCAN MOBILIA) یا (بازرگانیا گشتى وموبیلیات وهاورده وهەنارده / سنوردار) بۆ کومپانیا (عبر المحیطات) یا (بازرگانیا گشتى وموبیلیات وهاورده وهەنارده / سنوردار) لەوما هەر کەسەکى نەرازى بیت یانژى مافەکێ یاسایى ل سەر کومپانیێ هەبیت بلا ددەمێ یاسایى دا سەرەدانا ڕێڤەبەریا کومپانیا لدهوکێ بکەت ل (باژێرێ دهوکێ - جادا مازى) بۆ ئێکلاکرنا کێشەیان
مافپەروەر / شێروان حیتو عبدالرحمن
ڕێڤەبەرێ کومپانیان لدهوك
ئاگادارى
ئاگادارى گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیاى (Ever Land) بۆ بەڵێندەرایەتى بیناسازى گشتى/سنوردار) بریارى پاکتاوکردنى کۆمپانیاى داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکى لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەى یاسایى دا ئاگادارى پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگاى هەولێر)
پاکتاوکار/ عماد شوکت عساف
ناونیشان/ هەولێر- اسکان
ژمارەى مۆبایل/ ٠٧٥٠٨٩٠٦٦٠٨
بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ٢٠٥٩٢
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١١/١٨
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (رفعت رشید حسن) بۆ بازرگانی گشتی/تاك)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (رفعت رشید حسن) بۆ بازرگانی گشتی/تاك)
لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١١/١٧) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (احمد حسن یونس) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١١/١٨
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ٢٠٤٩٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١١/١٧
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (دیانۆش) بۆ بازرگانی زێر/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (دیانۆش) بۆ بازرگانی زێر/سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١١/١٣) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (دیدار عمر امین) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١١/١٧
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ٢٠٤٤٢
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١١/١٧
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (Ever Land) بۆ بەڵێندەرایەتی بیناسازی گشتی/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (Ever Land) بۆ بەڵێندەرایەتی بیناسازی گشتی/سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١١/١٢) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (سردار رشید مامند) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١١/١٧
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ٢٠٦٣٠
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١١/١٩
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (کیمکو) بۆ پیشەسازی بۆیە و کەرەستەی کیمیایی تایبەتمەند/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (کیمکو) بۆ پیشەسازی بۆیە و کەرەستەی کیمیایی تایبەتمەند/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١١/١٧) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (احمد حسن یونس) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١١/١٩
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ٢٠٤١٣
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١١/١٧
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (K.K.Oil) بۆ بازرگانی گشتی و ڕۆنی ئۆتۆمبێل/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (K.K.Oil) بۆ بازرگانی گشتی و ڕۆنی ئۆتۆمبێل/سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١١/١٢) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (علی مظفر عبدالقادر) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١١/١٧
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

سەروکاتیا باژێرڤانیا زاخو
مولکایەتی و زەڤی و زار
ژمارە/ ٣٠١/٢/٢/ ٦٨٤٤
رێکەفت/٢٠١٩/١١/١٩

ئاگەهداری

لدویف نڤیسارا رێڤەبەریا گشتی یا باژێرڤانییا ل پارێزگەها دهوکێ ژمارە (٩٩٤٩ ل ٢٠١٩/١١/٥) و ئاماژە ب نڤیسارا رێڤەبەریا نەخشەدانانا ئاڤەدانی ل دهوکێ یا ژمارە (٢٨٥٣ ل ٢٠١٩/١٠/٣١) سەبارەت راستڤەکرنا رێرەوێ جادا (٦٠م) ل (نیو زاخو) پشتی کو نەخشە هاتیە راگەهاندن د روژناما (خەبات) یا ژمارە (٥٧٥٦ ل ٢٠١٩/٥/٢٣) و هاوولاتییێن پارچێن وان دکەڤنە بەر رێرەوێ جادێ نەرازیبوونا خو دیارکریە لسەر نەخشەی و ژبەر کو دشیانیت باژێرڤانییێ دا ئینە قەرەبوویا ڤان هاوولاتیان بکەن لەوما نەخشە دووبارە هاتە راستڤەکرن هندی دشیاندا کو پارچە نەکڤنە بەر سەمتا جادێ لدویف یاسایا رێڤەبەریا شارەوانیان ژمارە (٦) یاسالا ١٩٩٣ بەندێ ٢٥ شارەوانیا زاخو ئاگەهداریا هەمی هاوەلاتی و جهێن پویوەندیدار دکەت بۆ ماوێ (٣٠) سیە روژا هەر ژ روژا بەلاڤکرنا ئاگەهدارییێ ل روژنامێ دا هەر کەسێ شولەژێ ماف هەیە ژبۆ دیارکرنا نەرازیبوونا خو یان هەر پێشنیارەکا هەبت دەربارەی ڤی نەخشەی پێش کێش بکەت بو شارەوانیا زاخو ل ماوێ ئاگەهدارییێ.

ئەندازیار / بشار منیب محمود
سەرۆکێ باژێرڤانیا زاخو

***

دادگای بەرایی هەولێر
ژمارە/١٦٨٨/ب/٢٠١٩
رێکەوت :١٩ /١١/ ٢٠١٩
داواکار: حسیبە سعید احمد
داوالێکراو: نورالدین سعید احمد
شوێنی موڵك: هەولێر- گەڕەکی شەهیدان خانەقا نزیك مزگەوتی شێخ صدرە
ژمارەی موڵك: ١٧٥/١٣٣ك٤٥وارش
پێکهاتووەکان: رووبەری خانووەکە ١٢٥م٢ یەك خانووی لەسەر دروستکراوە پێکهاتووە لە ٣ ژوورو هۆڵ و حمام و توالێت لە بلۆك و کۆنکریت دروستکراوە.
رووبەر: ١٢٥م
نیشتەجێ: نورالدین اسعد احمد/ کرێ نادات و هاوبەشە و لەکاتی فرۆشتندا دەرئەچی
نرخی خەملاندن: ٦٥,٦٢٥,٠٠٠ دینار نرخی زەوی ٦,٥٠٠,٠٠٠ شەش ملیۆن و پێنج سەد هەزار نرخی پێکهاتەکان
کۆی گیشتی: ٧٢,١٢٥,٠٠٠ نرخی زەوی و پێکهاتەکان
لەسەر بڕیاری ئەم دادگایە لەداوای ژمارە (١٦٨٨/ب٢٠١٩/١) (إزالە شیوع) نەهێشتنی هاوبەشی بڕیاردرا بە فرۆشتنی ئاشکرای ئەم موڵکەی سەرەوە بۆ ماوەی ٣٠ سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بڵاویکردنەوەی لە ڕۆژنامەی ڕۆژانە، جا هەرکەسێك نیازی کڕینی هەیە هاوبەش بێ یان هاوبەش نەبێ سەردانی ئەم دادگایە بکات لەگەڵ دابینکردنی یاسایی ڕێژەی (١٠٪) لەنرخی خەملاندنی فرۆشتنی ئاشکرا کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ دەست پێدەکات، هەر زیادبوونێك دوای (٥) پێنج دەقیقە کۆتایی پێدێت.

دادوەری یەکەم/ مجید سعید برادۆستی

***

دادگای بەرایی هەولێر
ژمارە/١٦٨٩/ب٢٠١٩/٢
رێکەوت :١٩ /١١/ ٢٠١٩
داواکار: حسیبە سعید احمد
داوالێکراو: نورالدین سعید احمد
شوێنی موڵك: هەولێر- گەڕەکی بیرێژیان لە پشت بانکی فیدرال
ژمارەی موڵك: ١٠/١٣٦ك٤٥وارش
پێکهاتووەکان: بریتییە لە خانووێك کە رووبەرەکەی ١٣٦م٢ خانووێکی زۆر کۆنەو پێکهاتووە لە دوو ژوورو مەتبەخ و حمام و توالێت کە لەتەنیشت خانووەکە پارچە زەوییەکی بەتاڵ هەیە کە رووبەرەکەی ١٣٦م٢
رووبەر: ٢٧٢م٢
نیشتەجێ: کەلاوەیە
نرخی خەملاندن: ٦٩,٠٠٠,٠٠٠
نرخی خانووی یەکەم
٦٨,٠٠٠,٠٠٠ نرخی پارچە زەوییە بەتاڵەکە
کۆی گشتی : ١٣٧,٠٠٠,٠٠٠ دینار نرخی زەوی و خانووەکە
لەسەر بڕیاری ئەم دادگایە لەداوای ژمارە (١٦٨٩/ب٢٠١٩/٢) (إزالە شیوع) نەهێشتنی هاوبەشی بڕیاردرا بە فرۆشتنی ئاشکرای ئەم موڵکەی سەرەوە بۆ ماوەی ٣٠ سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بڵاویکردنەوەی لە ڕۆژنامەی ڕۆژانە، جا هەرکەسێك نیازی کڕینی هەیە هاوبەش بێ یان هاوبەش نەبێ سەردانی ئەم دادگایە بکات لەگەڵ دابینکردنی یاسایی ڕێژەی (١٠٪) لەنرخی خەملاندنی فرۆشتنی ئاشکرا کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ دەست پێدەکات، هەر زیادبوونێك دوای (٥) پێنج دەقیقە کۆتایی پێدێت.

دادوەری یەکەم/ مجید سعید برادۆستی

***

دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو
ژمارە / ٨٧٧/ش/ ٢٠١٩
رێکەوتی / ٢٠١٩ /١١/١٨

راگەهاندن

بو/ داوالێکراو: محمد علی محمد
ڤێ دادگەهێ بریاردا ل کێشا ژمارە (٨٧٧/ش/٢٠١٩) ل روژا (٢٠١٩/١١/١٣) ژێك ڤەبوونا دادی (تفریق قضائی) دناڤبەرا تە و داواکار (کاژین وصفی صالح) ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبوونا تە ول دیف دەقێ یاسایی کو پێتڤیە ئاگەهداریا تە دەمێ دەرکەتنا بریاری زی ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب رێکا دوو روژنامێیت روژانە و تە مافێ نە رازیبونێ وپێداچوونی یێ هەیی دماوەی یاساییدا و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ بریار پلا بنەبر وەرگرت.

دادوەر / دارا طاهر توفیق

***

دادگای بارێ کەسایەتی ل دهوك
ژمارە/ ١٣٧١/ش/٢٠١٩
رێکەفت/ ٢٠١٩/١١/١٨

ئاگەهدارکرن ب بریارا پاشملە
ب/ ئاگەهداری

بۆ داوالێکری (میکایلا کنتارا تیلدر) ڤێ دادگەهێ ل رێکەفتی ٢٠١٩/١١/١٤ ێ دکێشا ل سەری دیارکری دا ئەوا هاتیە ڤەکرن ژ لایێ داواکار (هشام سلیم محمد علی) بریاردا ب (تصدیق الطلاق الخارجی) دناڤبەرا تە وەهڤژینێ تە یێ داواکار وتە مافێ نەرازیبوونێ یێ هەی دماوێ دەه روژان ژ روژا ئاگەهدارکرنا تە ل روژنامێ وبەروڤاژی وێ دێ فەرمانا ل سەری دیارکری ل سەر تە هێتە بجهئینان

دادوەر / مروان عادل اسماعیل

***

دادگای بەرایی هەولێر/٤
ژمارە/ ١٧٠٦/ ب/٤/ ٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/١١/١٤

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (موراد خلیل ئوغلو/ ب.ر.ك. ئوساس ئوغور سەردار ئۆغلو)
داواکار (نوزاد شاولەت علی) داوای ژمارە ١٧٠٦/ ب/٤/ ٢٠١٩ لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان بە پابەندکردنت بە دانی قەرزی ٢٣٩,٥٢٠ دۆلاری امریکی لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری هەولێر/ گوندی ڤیتال) لە ٢٠١٩/١١/٥ بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە پێراگەیاندنت لەرێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ رۆژی دادبینی (٢٠١٩/١٢/٤) کات (٩) ی بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی بە پاشملە ئەنجام دەدرێت..

دادوەر/ محمد بهاء الدین عبدالله

***

دادگای بەرایی سلێمانی/٦
ژمارە: ١٧٢٠/ب/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/١١/١٢

ئاگاداری

داواکاران: صدیق و محمد و فائق و فهیمە و هوڵە (کوڕان و کچانی توفیق رشید) سەرەڕای میراتی میراتلێگیراویان (امینە کریم شاکرم)
بۆ داوالەسەرکراوان: علی احمد فقی علی و دانا انور احمد و دیار انور احمد و کامیار انور احمد و شکار انور احمد سەرەڕای میراتی میراتلێگیراوتان (احمد فقی علی قاسم)
داواکارانی کە لەسەرەوە ناویان هاتووە داوایان لەسەر ئێوەو داوالەسەرکراوانی تر تۆمارکردووە لەم دادگایە بە ژمارە (١٧٢٠/ب/٢٠١٩) وە بانگەشەی ئەوەیانکردووە کە هەستاون بە دەرهێنانی دابەشنامەی یاسایی ژمارە (٣٦٠/بەشنامەی یاسایی/٢٠١٥) لە ٢٠١٥/٨/١١ لە دادگای بەرایی سلێمانی وە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەو بەشنامەیە زانیاری هەڵەی تێدایە بەهۆی ئەوەی کەتمی ناوی موەریسەکەیان (امینە کریم شاکرم) کراوە کە دەکاتە هاوسەری کۆچکردوو (احمد فقی علی) لەبەر ئەوە داوادەکەن بانگێشت بکرێن بۆ دادبینی، وە بریار بدرێت بەڕاستکردنەوەی بەشنامەی ئاماژە بۆکراو وە پێدانی بەشەمیرات بۆ هەریەکەیان بەبڕی (٥٠٠٠٠٠٠) پێنج ملیۆن دینار وە دیاریکردنی بەش لە پارچە زەوییە کشتوکاڵییەکانی ژمارە (٢ ، ٤٣ ، ٤/١ ، ٣/١ ، ٤١ ، ٢/٦١ ، ٥٩ ، ٣٩ ، ٢/٤٠ ك ٢٤ بێستانسور) وە دانانی هێمای مامەڵەنەکردن لەسەر ئەو موڵکانە.
وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونتان نادیارە بەپێی روونکردنەوەی ئاگادارکەرەوە و واژۆو مۆری موختاری گەڕەکی (شێخ محی الدین) بۆیە دادگا بڕیاریدا بەئاگادارکردنەوەتان لەرێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی بۆ ئامادەبوونتان بەخۆتان یاخود لەرێگەی ریکارێکی یاسایی لە دادگا لە رۆژی دادبینی کە دەکاتە رۆژی (٢٠١٩/١٢/١١) کاتژمێر (٩:٥٠) سەر لەبەیانی وە بەپێچەوانەوە دادگا بە ئائامادەیی دادبینی ئەنجام دەدات و بریار دەردەکات بەرامبەرتان.

دادوەر/ د. سەرکەوت اسماعیل حسین

***

دادگای باری کەسێتی سلێمانی/ ٥
ژمارە: ٢٠٢٠ / ش / ٢٠١٩
بەروار: ٦ / ١١ / ٢٠١٩

ئاگاداری

داواکار: سومەیە اسماعیل صفاء الدین
داوالەسەرکراو : علی محمد سعید
بۆ داوا لەسەر کراو
داواکار (سومەیە اسماعیل صفاء الدین) داوایەکی بە ژمارە (٢٠٢٠ / ش / ٢٠١٩) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت، وەلەم داوایە داوای (جیابوونەوەی دادوەری بە هۆکاری ناکۆکی) دەکات، وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت، بە گوێرەی باسی پێراگەیەنەر و پشتگیری موختار. دادگا بریاریدا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانە وە ئامادەبونتان لەبەردەم ئەم دادگایە لە رۆژی دادبینی کە دەکەوێتە (٢٠١٩/١٢/٣٠) سەعات (١٠:٣٠) ی سەرلەبەیانی بەپێچەوانەوە خۆتان ئامادەنەبن یان بریکار نەنێرن ئەوا دادگا بە (نائامادەیی – غیابی) داواکە ئەبینێ بەپێی یاسا .

دادوەر / صالح أحمد عبدالله

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون وپشکنین

ژمارە / ٨٤٦١
رێکەوت / ٢٠١٩/١١/١٨

بریاری سرینەوەی کۆمپانیای (سنووردار)

دوای تەواوکردنی سەرجەم رێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (ئاڤاهییەن اسکندنافی / بۆ بازرگانی گشتی / سنووردار)وە پالپشت بە ئەحکامی مادەی (١٧٧) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ هەموارکراو
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بە مەرجێك ئەم بریارە بلاوبکرێتەوە بە پێ ی ئەحکامێ ماددەی (١٦٠) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ ی هەموارکراو
ئەم بریارە نووسراوە لە بەرواری ٢٠١٩/١١/١٨

أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان / بە وەکالەت

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەكەینەوە كۆمپانیای (كیمكو) بۆ پیشەسازی بۆیە و كەرەستەی كیمیایی تایبەتمەند/سنوردار) بڕیاری پاكتاوكردنی كۆمپانیای داوە، بۆیە هەر كەسێك یان هەر لایەنێك مافێكی لەسەر كۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی كۆمپانیاكانی هەولێر بكاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرماركێتی ماجستی) بۆ یەكلایكردنەوەی كێشەكان.

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری كۆمپانیاكان هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەكەینەوە كۆمپانیای (رفعت رشید حسن) بۆ بازرگانی گشتی/تاك) بڕیاری پاكتاوكردنی كۆمپانیای داوە، بۆیە هەر كەسێك یان هەر لایەنێك مافێكی لەسەر كۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی كۆمپانیاكانی هەولێر بكاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرماركێتی ماجستی) بۆ یەكلایكردنەوەی كێشەكان.

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری كۆمپانیاكان هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەكەینەوە كۆمپانیای (K.K.Oil) بۆ بازرگانی گشتی و رۆنی ئۆتۆمبێل/سنوردار) بڕیاری پاكتاوكردنی كۆمپانیای داوە، بۆیە هەر كەسێك یان هەر لایەنێك مافێكی لەسەر كۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی كۆمپانیاكانی هەولێر بكاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرماركێتی ماجستی) بۆ یەكلایكردنەوەی كێشەكان.

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری كۆمپانیاكان هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەكەینەوە كۆمپانیای (دیانۆش) بۆ بازرگانی زێر/سنوردار) بڕیاری پاكتاوكردنی كۆمپانیای داوە، بۆیە هەر كەسێك یان هەر لایەنێك مافێكی لەسەر كۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی كۆمپانیاكانی هەولێر بكاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرماركێتی ماجستی) بۆ یەكلایكردنەوەی كێشەكان.

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری كۆمپانیاكان هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەكەینەوە كە كۆمپانیای (E.O.S) بۆ خزمەتگوزاری نەوت/سنوردار) بڕیاری گۆڕینی (ناوی)ی كۆمپانیای داوە لە كۆمپانیای (E.O.S) بۆ كۆمپانیای (I.O.S)، بۆیە هەر كەسێك نارەزایی یان مافێكی لەسەر كۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی سەردانی بەڕێوەبەرایەتی كۆمپانیاكانی هەولێر بكاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرماركێتی ماجستی) بۆ یەكلایكردنەوەی كێشەكان.

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری كۆمپانیاكان هەولێر

ئەو ناوچانەی بەدوور نازانرێ جەنگی سێیەمی جیهانیان تیادا ڕوو بدات



ئا: خالید گەردی

گۆڤاری (ناشیونال ئینترست) نووسینێکی ڕوبەرت فارلی "وانەبێژ لە زانکۆی جەنگی سەر بە سوپای ئەمەریکا)ی بڵاوکردۆتەوە، تیایدا ناوبراو باس لە پێنج ناوچەی جیهان دەکات کە ئەگەری سەرهەڵدانی شەڕی سێیەمی جیهانیی لێدەکرێت. ڕۆبەرت دەڵێت؛ هەر چەندە پێشووتر لەسەردەمی شەڕی سارد چەند جارێک وڵاتە زلهێزەکان لە هەڵگیرساندنی شەڕ لە نێوانیاندا زۆر نزیک بوونەتەوە، بەڵام هەر لە ساڵی 1945ەوە توانیویانە کۆنترۆڵی کێشەو ناکۆکییەکان بکەن و خۆیان لە هەڵگیرساندنی شەڕ بپارێزن. بەڵام لەگەڵ بەهێزبوونی وڵاتی چین بەشێوەیەکی بەردەوام و بەرچاو لەلایەک و ڕەتکردنەوەی سیستەمی جیهانی لەلایەن ڕوسیاوە لە لایەکی دیکەوە، مەلمانێی زلهێزەکان سەر لەنوێ سەری هەڵداوەتەوە.

دەریای باشووری چین

جاران مەلمانێیەکان لە دەریای باشووری چین لە نێوان ئەمەریکاو چین لەسەر گەشەی بازرگانی بوو بەڵام ئێستا لێدوانی توندو پێناسەی گومرگی نوێ و سەپاندنی سزای ئابووری هەردوو لا لەبەرامبەر یەکتریشی هاتۆتە سەر. ئەمریکلو کەنەدا بە دەستگیرکردنی منگ وانزۆی بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای هەواوی چینی ڕەوشەکەیان بارگاوی تر کرد. ئەمەش وایکرد وڵاتی چینیش ڕێوشوێنی توند لەبەرامبەر هاووڵاتیانی کەنەدی و کۆمپانیا ئەمەریکییەکان بگرێتەبەر.تا ئێستا دەریای باشووری چین تێکەڵ بە مەلمانێی بازرگانی نەکرابوو، بەڵام لەگەڵ تێکچوونی پەیوندییەکانی نێوان هەردوو وڵات، بەدوور نازانرێت یەکێ لەو دوو وڵاتە بە ئەنقەست ڕەوشەکە لە کێشەی دۆسیەی دۆلارو لێدوانی تووندو کێشە یاساییەکان تێپەڕێنێت، کاتێک هەر یەک لەم دوو وڵاتە هەست بکات پەیوندی بازرگانی نێوانیان کەوتۆتە مەترسییەوە، ڕەنگە پەنا بۆ گرتنەبەری هەنگاوی دوژمنکارانەی گەورەتر لە دەریای باشووری چین ببات.

ئۆکرانیا

جیهان ڕووداوی دەستبەسەرداگرتنی پاپۆرە ئۆکرانییەکانی لە ڕێڕەوی دەریای ئازوفی لە لایەن ڕووسیاوە لە یادە، کە بووە مایەی سەرهەڵدانی بارگژی لە نێوان هەردوو وڵات، هەروەک ڕاگەیاندنی باری لە ناکاو لەلایەن حکومەتی ئۆکرانیا، پشتیوی و ناسەقامگیری لەو وڵاتە زیاتر کرد، هەرچەند حاڵی حازر ڕووسیا زۆر بایەخ بە تێکچوونی ڕەوشی ئێستای ئۆکرانیا پێش هەڵبژاردنەکان نادات کە وا بریارە لە مانگی نیسانی داهاتوو ئەنجام بدرێت، بەڵام ئەگەر ئەو هەڵبژاردنە گۆڕانکارییەکی ڕاستەقینەی نەهێنا ئاراوە، ئەوا ڕەوشەکە بەرەو بێ متمانەیی زیاتر دەبات، لە ژێر سێبەری ئەو مەلمانێ بەردەوامەی نێوان ڕووسیاو ئەمەریکا، هەر گۆڕانکارییەک لە ئۆکرانیا ڕووبدات، هەتا ئەگەر بە ئەندازەیەکی بچووکیش بێت، ئەوا دەبێتە هۆکاری تێکچوونی ئەو پارسەنگییەی نێوان هەردوو وڵات کە چەند ساڵێکە بەردەوامەو ئەورووپای ڕۆژهەڵاتیش پەڵکێشی نێو پشێوی و ئاڵۆزی زیاتر دەبات.

کەنداو

قەیرانە سیاسی و سەربازییەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆتە هۆکاری باری ناسەقامگیری ناوچەکە، گوشارە ئابووریەکان بۆ سەر ئێران بەردەوامە، ئەمەریکا بەمەبەستی بەرتەسککردنەوەی بازرگانی ئێران لە هەوڵی گرتبەری هەنگاوی قورستریشە لە دژی.شەڕی سعودیە لە یەمەن بەردەوامەو کۆتایی نەهاتووە، ئاگری شەڕ لەسوریا خامۆش نەبۆتەوە، هەریەک لە ڕووسیاو ئەمەریکاش تا ئێستا پایەندن بە پاڵپشتی کردنی هاوبەش و هاوپەیمانەکانیان، سەرهەڵدانی بارگرژی و سیاسی لە ئێران ڕەنگە سەقامگیری ناوچەکە تێک بدات، بەتایبەتیش ئەگەر ئێران ڕەفتارێکی دوژمنکارانە بگرێتەبەر یا هەوڵی بە ئامانج گرتنی یەکێ لە دوژمنەکانی بدات. ئاگرەکەی سوریاش ڕەنگە سەر لەنوێ گڕ بگرێتەوە، بەدوور نازانرێت بارگژییەکانی نێوان تورکیاو کوردی سوریاو عێراق سیمای مەلمەلانێیەکی کراوە بەخۆوە بگرێت. محەمەد بن سەلمانی جێگرەوی پادشای سعودیە چەندین جارو لە چەندین بۆنەدا ئارەزووی خۆی بۆ شەر ناشاردۆتەوە هەتا ئەگەر ئەو شەڕە ببێتە مایەی هەڕەشەش بۆ سەر سەقامگیری وڵاتەکەی.لەبەر بایەخ و گرنگیی ستراتیژی ناوچەکە، ڕەنگە سەرهەڵدانی هەر ناسەقامگیرییەک لەو ناوچەیە، پێکدادانی سەربازی نێوان ئەمەریکاو ڕووسیا تەنانەت هەتا وڵاتی چینیشی لێبکەوێتەوە.

نیمچە دوورگەی کۆریا

ئەوەی ئاشکرایە هەر لە ساڵی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو تا بە ئێستا دەگات، هیچ کاتێ نیمچە دوورگەی کۆریا بەقەد ساڵی ڕابردوو، بەو ڕادەیە کەمبوونەوەی بارگرژی بە خۆیەوە نەبینیوە، دۆنالد ترەمپی سەرۆکی ئەمەریکا لە مێانەی هەوڵدانی بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ کۆریای باکوور هەموو پێگەو قورسایییەکی خۆی خستە سەنگی مەحەکەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆریای باکوور تاقیکردنەوە ڕۆکێتییەکانی ڕانەگرت، ئەگەر پەیوندی نێوان ترەمپ و کیم جونگ ئۆنی هاوتا کۆرییەکەی تێکبچێت، ئەوا پەیوەندی نێوان واشنتۆن و بیونگ یانگ زۆر بە خێرایی تێکدەچێت، لە ڕاستیشدا دەکرێت بگوترێت ئاستی پێشبینی ڕەوشی نیمچە دوورگەی کۆریا زۆر مەترسیدار تر دەردەکەوێت.

سەرچاوە: HYPER-LINK "https://rawabetcenter.com/" https://rawabetcenter.com/

سەرۆکی ئیسرائیل قۆناغی سێیەمی هەڵبژاردن بەدوور نازانێت

سەرۆکی ئیسرائیل، ڕویڤین ڕیڤلین بەڕێوەچوونی قۆناغی سێیەمی هەڵبژاردنەکان بەدوور نازانێت، ئەوەش دوای بەردەوامی ناکۆکییەکانی هەردوو پارتی لیکۆد بەسەرۆکایەتی بنیامین ناتانیاهۆ و هاوپەیمانی شین ـ سپی، بەسەرۆکایەتی بینی گانتس لە گەیشتن بە ڕێککەوتن بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت. ڕویڤین ریڤلین گوتی:" پێویستە ڕێگایەک بدۆزینەوە بۆ یەکخستنی هەردوو پارتی سەرەکی، بەڵام وادەردەکەوێت سەرکردەکانیان خوازیاری بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنێکی دیکەن". گوتەکانی ریڤلین لەکاتێکدایە ئێوارەی ڕۆژی چوارشەمەی داهاتوو، ماوەی یاسایی بەردەم هاوپەیمانی شین ـ سپی بۆ پێکهێنانی حکوومەتی نوێ کۆتایی دێت.




ڕۆژنامەیەکی ناوخۆی ئیسرائیل لە زاری ڕویڤین ریڤلین گواستیەوە:" دوو پرۆسەی هەڵبژاردن لە ماوەی ساڵێکدا بەسە، زۆرینەی ئیسرائیلییەکانیش نایانەوێت بچینە قۆناغی سێهەمی هەڵبژاردنەکانەوە". لەماوەی ئەمساڵدا دوو گەڕی هەڵبژاردن لە ئیسرائیل بەڕێوەچوو، گەڕی یەکەم لە مانگی نیسانی ڕابردوو، دواتر بەهۆی ئەوەی لایەنە بڕاوەکان نەگەیشتنە ڕێککەوتن بۆ پێکهێنانی حکوومەتی نوێ، لە مانگی ئەیلولی ڕابردوو هەڵبژاردنی دووەم بەڕێوەچوو. هەردوو لایەنی بڕاوەی هەڵبژاردن بەردەوامن لە تۆمەتبارکردنی یەکتر بە دروستکردنی کۆسپ و لەمپەر لەبەردەم پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی ئیسرائیل. پێشتر سەرۆکی ئیسرائیل پارتی لیکۆد بەسەرۆکایەتی بنیامین ناتانیاهۆی ڕاسپارد بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت، بەڵام ناتانیاهۆ نەیتوانی لە ماوەی یاسایی خۆیدا حکوومەت پێکبهێنێت. گانتس کە خاوەنی 33کورسی کنێستە، بۆ پێکهێنانی حکوومەتی نوێ تەنها 28 ڕۆژی لەبەردەمدایە و ئێوارەی ڕۆژی چوارشەمە ماوەکەی کۆتایی دێت، پێویستە لەم ماوەیەدا هاوپەیمانێتییەکی نوێ پێکبهێنێ کە ژمارەی کورسییەکانیان بگاتە 61کورسی، تاوەکو دەنگی پێویست بهێنێت بۆ متمانەدا بە کابینەی نوێی حکوومەت. لە ئەگەری شکستهێنانی گانتس بۆ پێکهێنانی حکوومەتی نوێ، ئەوکات ئیسرائیل بەرەو قۆناغی سێیەمی هەڵبژاردن هەنگاو دەنێت. بەگوێرەی ئەنجامی فەرمی هەڵبژاردنی ئیسرائیل، هاوپەیمانی شین ـ سپی (33کورسی لە کۆی 120کورسی کنێست) ، لیکۆد (31کورسی) ، لیستی هاوبەشی عەرەبی (13 کورسی) یان بەدەستهێناوە.

مانشێت



سکای نیوز:
لە ڕووداوێکی تەقەکردندا لە مارکێتی وۆل مارت لە ویلایەتی ئۆکلاهۆمای ئەمەریکا ،سێ کەس بوونە قوربانی .



ئەی ئێف پی:
ڕووسیا سێ کەشتی ڕادەستی ئۆکرانیا کردەوە کە ساڵێک لەمەوبەر دەستی بەسەرداگرتبوون.



ئیلاف:
هەریەکە لە ئەمەریکا و یەکێتی ئەورووپا پشتگیری خۆیان بۆ خۆپیشاندەرانی جۆرجیا ڕاگەیاند.



ڕۆیتەرز:
کۆریای باشوور ڕایگەیاند ئەمەریکا هەرگیز باسی لە کشاندنەوە یان کەمکردنەوەی هێزەکانی نەکردووە لەم وڵاتە .



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
دادگایەکی هۆڵەندا سزای 10ساڵ زیندانیکردنی بەسەر کەسێکی پاکستانیدا سەپاند کە بە نیازی تیرۆرکردنی سیاسەتوانێکی ئەو وڵاتە بووە .



کەنالی ئار تی :
بڕیار وایە ساڵی 2025ڕووسیا سیستمی بەرگری ئێس 400ڕادەستی هیند بکات .

گەشتیاری مۆزەخانەکان و گرنگی لە ژیانی قوتابیان و گەشتیاراندا

نادر روستی

سالانە بە ملیۆنان گەشتیار بۆ بینینی بابەتەکانی ناو مۆزەخانە گەشت دەکەن، دەیان جۆری مۆزەخانە دروست کراون، بەردەوامیش مۆزەخانەی نوێ بە رووی گەشتیاران دەکرێنەوە، شاری واهەیە زیاتر لە 40مۆزەخانەی هەیە، دەیان مۆزەخانە هەیە کە سالانە لە یەک ملیۆن تا 10 ملیۆن گەشتیاری سەردانی دەکات.

مۆزەخانە بەشێکی گرنگی میژووی هەر نەتەوەیەک پێک دەهێنێت و ئاوێنەیەکە کە رابردووی مرۆڤایەتی پیشانمان دەدات، ئەنترۆپۆلۆژیستەکان (مرۆڤناسەکان) لە پاشماوە دەسکردەکانی مرۆڤ، بەردەوام رااڤەی باری کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگەکان دەکەن کە خاوەنی شوێنەوار و مۆزەخانە و کولتووری تایبەت بە خۆیانن، بەم جۆرە توانیویانە خوێندنەوە بۆ لایەنی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەگەکان بکەن و ئاستی پێشکەوتن و شارستانییان هەڵبسەنگێنن و هەندێک جاریش پلان بۆ پێشکەوتنی ئایندەیان دابڕێژن. مۆزەخانە وەکو شوێنێک بۆ پاراستن و کۆکردنەوەی سەدان و هەزارن پارچە شوێنەوار و رزگارکردنیان لە فەوتان دروست کراوە، بۆتە جێگای بایەخی هەزاران زانای جۆراوجۆر لە بوارەکانی جیاواز، ئەمەش وایکردوە کە ببێت بە قوتابخانەیەکی کرداری و مەیدانی بۆ هەزاران قوتابی کە وانەی مەیدانی تێدا بخوێنن و بە چاوی خۆیان رابردووی نەتەوەکەیان و شارستانیەتی ولاتەکەیان ببینن، بۆیە ولاتە پێشکەوتووەکان رۆژانە پۆل پۆل قوتابیان بۆ فێربوون و بینینی شارستانیەتی ولاتیان و دروستکردنی خۆشەویستی ولات سەردانی مۆزەخانەکانیان دەکەن، رەنگە هەندێک لەو قوتابیانەش لە دواجار بن بە شوێنەوار ناس و پارێزەری شوێنەوارەکانی ولات. گرنگی مۆزەخانە بۆتە هۆکار بۆ ئەوەی هەزاران و بگرە ملیۆنان گەشتیار سالانە سنووری دەیان وەلات ببڕن و گەشتی تایبەت بۆ بینینی مۆزەخانە و کەلوپەلی جێماوی شارستانیەتی ولاتان ببینن، هەروەها هانی دەیان و هەزاران زانای شوێنەوارناس و زانکۆی بەناوبانگی جیهان بدات و بۆ لێکۆڵینەوە و دۆزینەوەی نوێ گەشت بۆ ولاتی دیکە بکەن.

هەرێمی کوردستان لە ئێستادا خاوەنی ژمارەیەک مۆزەخانەی جۆراوجۆرە، شاری هەولێر 8مۆزەخانە: (مۆزەخانەی شارستانی هەولێر، مۆزەخانەی رستن و چنین لە قەڵا، مۆزەخانەی بەرد و گەوهەر لە قەڵا، مۆزەخانەی هونەری لە قەڵا، مۆزەخانەی جلوبەرگی ژنان لە قەڵا، مۆزەخانەی پەروەردە، ئەنتیخانەی کولتووری لە قەڵا، موزەخانەی کولتووری سریانی لە عەنکاوە) شاری سلێمانی (مۆزەخانەی شارستانی سلێمانی، مۆزەخانەی ئەمنە سورەکە، مۆزەخانەی ئەتنۆگرافیا). لە شاری دهۆک (مۆزەخانەی شارستانی، مۆزەخانەی کولتووری، مۆزەخانەی کولتووری ئێزیدیەکان) لە شارۆچکەی کەلار(مۆزەخانەی شارستانی، مۆزەخانەی کولتووری). لە هەندێک لە شارۆچکەکانیش مۆزەخانەی کولتووری لە لایەن هەندێک لە هاوڵاتیانی دڵسۆز دروست کراوە و تاکو ئێستا خۆیان خاوەن و بەرێوەی دەبەن. لە کوردستان مۆزەخانە نەبۆتە شوێنێک بۆ راکێشانی گەشتیاران و نەبۆتە سەرچاوەیەک بۆ داهاتی نیشتمانی، کەواتە پێویستە مۆزەخانەکانی هەرێم چیتر لەم گۆشەگیری نەمێنەوە و هەنگاوی نوێ بۆ خزمەتی قوتابیان و راکێشانی گەشتیاران بهاوێژن بە تایبەت لە وەرزی پایز و زستان زۆر گرنگە گەشتیاری مۆزەخانەکان بە هێز بکرێ و دەست بە چەند چالاکیەک بکەن کە جێگای بایەخی گەشتیاران بێت و ببێت بە سەرچاوەیەکی داهات بۆ خۆبەرێوەبردن و زیادکردنی داهاتی ولات.


مۆزەخانەی دەینەسوورەکان لە ئەمریکا

پاڵەوانیەتی یانە ئاسمانیەکانی عێراق لە هەرێمی کوردستان ئەنجام دەدرێت

فڕین لە ئاسمان بە ئامراز و شێوازی جیاواز چالاکیەکی سەردەمیانەیە و هۆکارێکە بۆ بەخشینی خۆشی بە هاوڵاتیان و بە گەشتیاران، ئەم چالاکیانە جۆلە دەخەنە بازاڕی ئەو ناوچانەی چالاکی لێ ساز دەکرێ. کوردەوان نەقشبەندی ئەندامی ناوندی یەکیەتی ئاسمانی عێراق بە لایەڕەی گەشتوگوزاری ڕاگەیاند : لە (23_ 21)ی 2019 / 11پاڵەوانیەتیەکە بە بەشداری سەرجەم یانە ئاسمانیەکانی عێراق ئەنجام ئەدرێت کە ژمارەیان 8یانەیە، لە پاڵەوانیەتیەکە باشترین یانەی ئاسمانی لەسەر ئاستی عێراق دیاری دەکرێت و خەڵات دەکرێت، لەهەمان کاتدا هەڵبژاردەی عێراق بۆ وەرزشە ئاسمانیەکانیش دەستنیشان دەکرێت. چالاکیەکە بە بەشداری ژمارەیەک بەرپرسی بااڵی هەرێم و ژمارەیەکی زۆری جەماوەر لە پارێزگای هەڵەبجە سازدەکرێ، فڕین لەسەر چیای بالامبو دەست پێدەکات و نیشتنەوە لە گوندی هاناژاڵە دەبێت، هەر یانەیەک بە سێ فڕۆکەوان لەگەڵ ڕاهێنەرەکەی بەشدار دەبێت، هەر فڕۆکەوانێک بەتەنهاش دەتوانێ لەسەر یانەکەی خۆی بە فردی بەشداری بکات، هەر یانەیەک لەسێ فڕۆکەوان کەمتر بەشداربێت بەفردی هەژمار دەکرێت. هەر هاوڵاتیەکیش نارەزوو دەکات دەتوانێ بێ بەرامبەر ئامادە بێت و بینەری چالاکیەکە بن.



ئەشکەوتی کونەبا دیزانی پرۆژەیەکی بۆ کراوە و ڕێگەی ئۆتومبێلی بۆ دەبردرێت



ئەشکەوتی کونەبا دەکەوێتە سنووری قەزای دەربەندیخان، لە ناوەوە زۆر فراوانە، دیمەنەکانی ناو ئەشکەوت ناوازە و دەگمەنن، تەنیای ڕێگەی پیادە بۆ ئەشکەوتەکە دەڕۆیشت، ئەمەش گەشتیارانی ماندو هیلاک دەکرد، بەاڵم قایقامیی دەربەندیخان دەستی کردووە بە کردنەوەی ڕێگەی خۆل بۆ نزیک ئەشکەوتەکە، ئەمە وادەکات گەشتیاران بە ئۆتومبێلی خۆیان بە ئاسانی بگەن بە نزیک ئەشکەوتەکە. بەڕێوەبەرایەتی ئەندازە لە دەستەی گشتوگوزار ڕایگەیاند: ئەشکەوتی کونەبا یەکێک لەو 38پرۆژانەی لە ماستەرپلانی گەشتیاری دیزاینی پرۆژەیەکی خزمەتگوزاری بۆ کراوە و لە لایەن دەستەی گشتی گەشتوگوزار دراوەتە دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی دواجار سەرمایەدارێک بتوانێ وەبەرهێنانی تێدا بکات و ناوچەکە بکاتە گەشتیاری و داهاتی بۆ دانیشتوان و هەرێمی کوردستان هەبێت.

ڕێگەی بێرمەی فەقیان کارەکانی تەواوکراو بەڕووی گەشتیاران کرایەوە



بێرمە فەقیان بە دووری 20کم دەکەوێتە بەشی باشووری ڕۆژهەاڵتی ڕواندز، شوێنێکی گەشتیاری سەرنج ڕاکێشە، بەاڵم کێشەی هاتووچۆی ئۆتومبێلی هەبوو، ئەم سالّ لەسەر بودجەی لە 17%ی داهاتی ڕسوماتی گەشتوگوزاری هەرێم لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزاری سۆران و بنکەی گەشتوگوزاری ڕواندز کاری بۆ کراو تەواو کرا. چیا محمەد بەڕێوبەری بنکەی گەشتوگوزاری ڕواندز بە خەباتی ڕاگەیاند: دڕێژی ڕیگەکە 6کم دەبێت، بە پاڵپشتی هەموو لایەک توانیمان ڕێگەکە ڕێکبخەین و کاری بڕین و لادان و قەنتەڕەی بۆ بکەین و ڕێگەکە بکەینەوە، ڕێگەکە تەنیا کاری کردنەوەی بۆ کراوە واتە تێکەڵە و قیری بۆ نەکراوە، چونکە تەنیا بەشی کردنەوە بودجەی بۆ دیارکرابوو. ئێستا هاوڵاتی و گەشتیاران بە هەموو جۆرە ئۆتومبێلێک دەتوانن بگەنە سەر بێرمە فەقیان و چێژ لەو سروشتە دڵڕفێنە وەربگرن، لە ڕۆژی هەینی سەردانمان کرد و ژمارەیەکی زۆر هاوڵاتیمان بینی کە بۆ بین و گەشت هاتبوون. لە ئایندەیەکی نزیکیش ڕێگەکە بە فەرمی دەکرێتەوە.

دەستەی گشتی گەشتوگوزار ئامادەکاری بۆ گەشتیاری زستانە دەکات



لە دوا کۆبوونەوەی ئەنجومەنی دەستەی گشتی گەشتوگوزار کە سەرۆکی دەستە و بەڕێوەبەری گشتی شوێنەوار و بەڕێوەبەری گشتی گەشتوگوزاری شارەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک و گەرمیان ئامادەبوون، لایەنە پەیوەندارەکان ڕاسپێردران بۆ ئامادەکاری کردن بۆ چالاکی گەشتیاری زستانە و پەرەپێدانی گەشتیاری زستانە، بۆ ئەم مەبەستە بەڕێوەبەری گشتی شارەکان ڕاسپێردران کە لە چەند ڕۆژی داهاتوو جۆری چالاکیەکان و کاتی چالاکیەکان بۆ وەرزی زستان دیاری بکەن و ڕێوشوێنی پێویست لە ڕووی کارگێری و مەیدانی بگیرێتە بەر.

چەند کۆمپانیایەکی ئەمریکی ئامادەکاری دەکەن بۆ هێنانی گەشتیار بۆ هەرێمی کوردستان

نوێنەری چەند کۆمپانیایەکی ئەمریکی بە ڕێبەری کۆمپانیایەکی گەشتیاری لە هەرێمی کوردستان بە مەبەستی ئاشنا بوون و شارەزا بوون لە ناوچە سروشتی و گەشتیاریەکان، سەردانی چەند ناوچەیەکی هەرێمی کوردستانیان کرد، بە مەبەستی هەماهەنگی لەگەڵ دەستەی گشتی گەشتوگوزار سەردانی سەرۆکی دەستەیان کرد و لە لایەن ڕاگەیاندنی دەستە زانیاری و بلاوکراوەی گەشتیاریان خرایە بەردەست وەک: (ڕێبەر، نەخشە، فیلم، ئەلبووم، گۆڤار، بڕۆشەر) بۆ ئەوەی بن بە کار ئاسانی بۆ هاتنی گەشتیاران.

گرنگی یاسای پرۆژەی هاوبەشی حکومەت و کەرتی تایبەت

بە ئامادەبوونی سەرۆکی دەستەی گشتی گەشتوگوزار و بەڕێوەبەری توانای مرۆی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار و ژمارەیەک بەڕێوبەر و میوان لە هۆڵی دیوانی دەستەی گشتی گەشتوگوزار سمینارێک لە لایەن حەلا عەبدولرحمان لەسەر نامەی ماستەرەکەی لەسەر گرنگی یاسای پرۆژەی هاوبەشی حکومەت و کەرتی تایبەت پێشکەش کرا کە تایبەت بوو لەسەر شێوازی ڕێکخستنی گرێبەست لە نێوان کەرتی تایبەت و حکومەت بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی هاوبەش. لە ناوەڕۆکی بابەتەکە هەوڵدرا دەستەی گەشتوگوزار سوود لە شێوازەی گرێبەستی ئەم جۆرە پرۆژانە وەربگرێ کە دەبنە هۆی پێشخستنی کەرتی گەشتیاری، بەبێ ئەوەی حکومەت زەویەکانی لە دەست بچێت.

ڕێبەری گەشتیاری بە دوو زمان بە سپۆنسەر دروست دەکرێتەوە

لە سالانی ڕابردوو دەستەی گشتی گەشتوگوزار زیاتر لە 3هەزار چاپەمەنی وەک ڕێبەر (دلیل) بە 7زمان بڵاوکردۆتەوە، بۆ سالی 2020ڕێبەرەکە بە سپۆنسەر نوێ دەکرێتەوە، بۆیە ڕایدەگەیەنێت هەر کۆمپانیایەک مەبەستیەتی سپۆنسەری ڕێکخستن و چاپ کردنی بکات، دەتوانێ پەیوندی بە ڕاگەیاندنی دەستەی گشتی گەشتوگوزار بکات. E-mail:info@bot.krd.org



چاوی لەوەیە ببێتە راهێنەری تۆتینهام

بەرپرسانی ریال مەدرید داوایان لە مۆرینهۆ کردووە بۆ شوێنگرتنەوەی زێدان



هاوار مورتکەیی

راپۆرتە رۆژنامەوانییەکانی بەریتانیا بڵاویان کردەوە کە مۆرینهۆ چاوی لەسەر ئەوەی راهینەرایەتی یانەی تۆتینهام وەرگرێت و پێی وایە ئەوە باشترە لەوەی ببێتەوە راهێنەری یانەی ریال مەدرید.

رۆژنامەی THE SUNی بەریتانی رووبی کردۆتەوە کە مۆرینهۆ هاوڕێیە نزیەکەکانی خۆی ئاگادار کردۆتەوە کە یانەی ریال مەدرید داوای لێکردووە لەئەگەری رۆیشتنی زینەدین زێدان ئەوان ئەویان دەستنیشانکردووە ئەرکی راهێنەرایەتی میرینگی وەرگرێت، هەروەها گوتویەتی ئەمە ئەوە ناگەیەنێنت کە مۆرینهۆ رازی ببوبێت و بەڵکو ئەو داوایەی ریالی پشتگوێ خستووە و حەزی لەوەیە ئەرکی راهێنەرایەتی یانەی تۆتینهام وەرگرێت.

راپۆرتەکە میدیاییەکانی جیهانی پێشتر ئەوەیان بڵاوکردبۆوە کە مۆرینهۆ دیارترین راهێنەرە بۆ شوێنگرتنەوەی زێدان لە ریال مەدرید، بەڵام راهێنەر پورتوگالیە تەمەن 56 ساڵەکە چاوی بڕیوەتە خولی ئینگلیزی و حەزدەکات ببێتە شوێنگرەوەی ماوریسیۆ پۆچیتینیۆی ئەرژەنتینی، بەتایبەتیش دوای ئەوەی لەم وەرزەدا ئاستی تۆتینهام دابەزیوە.

رۆژنامە بەریتانییەکە زیاتر ئاماژەی پێداوە کە پۆچیتینیۆی تەمەن 47ساڵ دەست لەکار دەکێشێتەوە یاخوود دەستی پێ لەکار دەکێشنەوە، چونکە یانەی تۆتینهام لەم وەرزەدا سەرەتایەکی خراپی پێشکەش کردووە، بۆیە مۆرینهۆ پێی وایە کە ئامادەیە ئەو ئەرکە وەرگرێت.

جێی باسە تۆتینهام لە پلەی 14ی خولی ئینگلیزی دیت بە 14خاڵ، ئەمەش تورەیی جەماوەری ئەو یانەیەی زیاتر کرد بەتایبەتیش کە پێشتر یاری کۆتایی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپای وەرزی رابردووی لەدەستدا، کاتێک بە 2-0گۆڵ بەرامبەر لیڤەرپوول دۆڕا.

عەبدوڵڵا حەمەد گۆڵپارێزی یانەی هەولێر بۆ خەبات:

هەموو یانەیەک لەکاتی یاریەکاندا حیساب بۆ یانەی هەولێر دەکەن



دیانە: سەرهەنگ نەجمەدین

ئەم وەرزە یانەی هەولێر بەتیپێکی جیاوازتر و بەئاستێکی باشتر بەشداری لەخولی نایابی کوردستان کردووە، ئەگەرچی ئەو شوێنەی کەئێستا یانەی هەولێر لەرێزبەندی خولەکە لێی جێگیر بووە ، بەداخەوە ئەم شوێنە شوێنی یانەی هەولێر نییە، بۆ ئەم مەبەستەو چەند تەوەرێکی گرینگ سەبارەت بەخولی کوردستان ویانەی وەرزشی هەولێر بەباشمانزانی ئەم دیمانەیە لەگەڵ گۆڵپارێزی یانەی هەولێر عەبدوڵڵا حەمەد عەبدوڵڵا ئەنجام بدەین و سەرەتا لەبارەی ئاستی یانەی هەولێر لەخولی ئەم وەرزەی کوردستان لەوڵامدا گۆڵپارێزی ناوبراو گوتی: ئەم وەرزە بەپێکهاتەیەکی لاو بەشداریان لەخولی نایابی کوردستان کرد، ئەگەرچی یاریزانەکانمان ئەزموونێکی ئەو تۆیان نییە و زۆربەی زۆریان لاو و تازەن ، بەڵام پێشبینی دەکەم ئەم وەرزە یاری لەدوا یاری یاریزانەکان ئەزموونیان زیاتر بێت و خۆشبەختانە ئێستا هەماهەنگییەکی تەواو لەنێوان یاریزانەکاندا هەیە لەکاتی یاریەکاندا ، بێگومان تائەم کاتە یانەکەمان لەپلەی شەشەمی رێزبەندی خولەکەدایە بەکۆکردنەوەی 5خاڵ، بەڵام ئەوە پێوەر نییە و هێشتا خولەکە لەسەرەتای دەستپێکردنیەتی و تاکۆتایی ئاست و ئەنجامی یانەکان بەچەندین جۆر گۆڕانکاری بەسەردا دێت.

هەر لەبارەی پۆشینی ژمارە 12لەنێو تیپەکەدا گۆڵپارێز عەبدوڵڵا حەمەد بۆ ئەم پرسەیش قسەی خۆی هەبوو ئەو گوتی: لەڕابردوودا ژمارە 1، 21، 22 ، پۆشیوە، بەڵام پۆشینی ژمارە 12هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە خۆم ئارەزووم هەبوو ئەم ژمارەیە تەنها تایبەت بەخۆم بێت.

عەبدوڵڵا حەمەد سەبارەت بەئاست و ڕێکخستنی خولی نایابی کوردستان کەسالانە هەموو یانەکان لەڕێز چەتری ئەو یەکێتیە بەشداری لەخولەکان دەکات بۆ ئەمەیش ناوبراو گوتی: ئەمسالّ خولی نایابی کوردستان بەجیاوازی سالانی ڕابردوو باشتر و ئاست بەرزتر دەبینم، هەمیشە بەرای من ئەم خولە سالّ لەدوای سالّ بەرەو پێشتر هەنگاو دەنێت.

دوجار ئەو گۆڵپارێزە لەدرێژەی قسەکانیدا ئاماژەی بەتەوەرێکی گرینگ کرد سەبارەت بەیانەی هەولێر ئەو بەوشێوەیە گوتی: هەموو یانەکانی کوردستان لەکاتی یاری کردن بەرانبەر یانەی هەولێر هەموو جۆرە حیسابێک بۆ یانەکە دەکەن، یانەی هەولێر هەموو کات یانەیەکی ئاست بەرز و خاوەن مێژوویەکی پڕ دەستکەوت بووە لەسەر ئاستی ناوخۆ و عێراق وئاسیادا، بۆیە هەر کاتێک یانەیەک لەگەڵ هەولێر یاری دەکات هەموو هێز و توانای دەخاتە گەڕ، ئەمەیش بەهۆی ئەوەی بەرانبەر یانەیەک یاری دەکات کەخاوەن زۆرترین دەستکەوتی وەرزشییە لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان.

پێویستە بگوترێ ئەو گۆڵپارێزە ماوەی 13ساڵە لەگەڵ یانەی هەولێر لەتازەپێگەیشتووانان و لاوان وپێشکەوتووان بەردەوام بووە لەیاری کردن، ئێستایش یانەی هەولێر متمانەی تەواوی بەو گۆڵپارێزە هەیە لەکاتی یاریەکاندا.

هازارد: بنزیمە باشترین هێرشبەری جیهانە



ئیدین هازارد، ئەستێرەی ریال مەدرید و هەڵبژاردەی بەلژیکا، باشترین هێرشبەری لە جیهان هەڵبژار دەستنیشان کرد. هازارد، لە وتەکانیدا کەڕۆژنامەی (سپۆرت)ی ئیسپانی بڵاوی کردووەتەوە وتی:"دوای ئەوەی بۆ ماوەی سێ چوار مانگ لەتەک بنزیمە یاریم کرد، پێموایە ئەو باشترین هێرشبەرە لە جیهاندا، زێدەبارەی ئەوە، وا لە ئەوانی دیکەش دەکات باشتر بن". هازارد، لە بارەی دوورخستنەوەی بنزیمە لە هەڵبژاردەی فەرەنسا وتی:"من بەداخم بۆی، بەڵام بەردەوام ئاسانتر شت ئەوەیە، بەرامبەر تیپێک یاری بکەی، کە بنزیمەی نەبێت". لە بارەی خۆیشی لە یانەی ریال مەدرید وتی:"ئەو ماوەیەی لە ریال مەدریدم؟ بەدڵنیاییەوە دەتوانم بە شێوەیەکی باشتر دەرکەوم، هەموو شتێک بە باشی گوزەر دەکات، ئێمە چەند یارییەکمان بردووەتەوە و تیپەکەش بە شێوەیەکی باش گەشەی کردووە، ئەوەیان سەبارەت بە خۆم شتەکانی ئاسانتر کردووە، ئومێد دەخوازم تیپەکە پارێزگاری لە ئاست و ئەنجامەکانی خۆی بکات".

وتیشی:"من لە ریزەکانی میرینگێ دڵخۆشم، باش لەگەڵ تیپەکە خۆم گونجاندووە و دەمەوێت باشترین ئاستم لەگەڵیدا پێشکەش بکەم".

ڕەمزی میرەکانی

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com


خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Wed, 20. Nov. 2019 No: (5875)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

لە سااڵنی حەفتا و هەشتاکاندا شانۆ وەکو قوتابخانەی گەل تەماشا دەکرا

شانۆکار زەهرە نەجات: درامای کوردی لە ڕووی بابەت و نواندن و تەکنیک ناتوانێ چاوو گوێچکەی بینەری کورد تێر بکات





دیمانە: وریشە عومەر

شانۆکار زەهرە نەجات کەریم لە دایکبووی (1998)ی شاری هەولێرەو لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێر، قوتابی 3 دەرهێنانە، وەک خۆی گوتەنی: لە ساڵی (2016) یەکەم قۆناغی کاری هونەریم لە قوتابخانە کردووە . لە ساڵی (2017) چوومەتە پەیمانکای هونەرە جوانەکان، خاوەنی 4 کاری شانۆییم (شانۆگەری شەوەزەنگ، شانۆگەری دایکی شەهید، شانۆگەری دوو تونێڵ، لەگەڵ ستافێکی فەرەنسی، شانۆگەری دۆژمنی گەل، شانۆگەری پە یکەرە کان دەدوێن، ئێستاش سەرقاڵی شانۆگەریەکی منداڵانین بە ناوی (کەرۆێشک ڕاوی ڕێوی دە نێ) لە دەرهێنانی دەرهێنەر (یوسف یوسفی). ئەوخاتوونە شانۆکارە بەمجۆرە وەاڵمی پرسیارەکانی داینەوە:

*** هۆکارچیە کە بینەرلە درامای کوردی تێزارە؟**

– درامای کوردی لە ڕووی بابەت و نواندن و کوالێتی و تەکنیکی ناتوانێ چاو و گوێچکەی بینەری کورد تێر بکات ، ئەگەر بێت و بەراوووردی بکەین لەگەڵ درامایەکی تورکی پێچەوانەکەی دەبینێ هەر چەندە زۆر جاران بابەتی درامای بیانیەکان لەگەڵ کۆمەڵگای کوردی ناگونجێت، بەاڵم بینەرێکی زۆر لە دەوری خۆی کۆ دە کاتەوە ئەویش لە فەراغی نەبوونی درامای کوردیە.

*** تا چەند شانۆ بڕتە هۆی هۆشیاری لە کۆمەڵگادا؟**

– لە سااڵنی حەفتاو هەشتاکاندا شانۆ وەکو قوتابخانەی گەل تەماشا دەکرا چونکە ئەوەی کە گەلی کورد نەیدە توانی لە گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا بااڵوی بکاتەوە لە سەر تەختەی شانۆ پیشاندەدرا، ئەکتەرو دەرهێنەری ئەوکات وە کو مامۆستایەک بوون بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە ، بەاڵم لە ئێستادا بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا، شانۆ ئەو پە یامەی لە دە ستداوە.

*** چی دەربارەی فیلمی دۆبلاژکراو دەڵێی ؟**

– ئە و درامـا دۆبلاژکـراوانـە لایـەنی ئیجابی و سەلبی هەیە هەندێکجار دە توانی خزمە تێکی باش بە بینەرەکانیان بکەین لە ڕووی تێگەیشتن بەاڵم زۆر جارانیش لە کاتی دۆبلاژکردنیدا زۆر وشەی نەشیاو بەکار دەهێنن کە لەوانەیە لە ناو فیلمە دراماکە نەبوو بێت بۆیە پێویستە وەزارەتی ڕۆشنبیری سانسۆری تەواوی هەبێت لە سەر ئەو کە نااڵنەی کە ئەو درامایانە بااڵودەکاتەوە.

*** دەبێت چی بکرێت بە بۆچوونی تۆ هەتا بینەرو شانۆ درامای کوردی ناشت بکرێتەوە؟**

دەبێت جارێکی تر دەرهێنەرانی بواری شانۆ دراما کار لەسەر ئەو بابەتانە بکەن کە بینەر حەزی پێدە کات و جارێکی تر شانۆ بچێتە ناو خەڵکەوە ئەوەی کە بینەر ناتوانێ دەربببڕێت دەبێ شانۆکار لە جیاتی ئەوان دەربببڕێت چونکە بە شێوەی کۆمیدیا بێت یان تراژیدیا.

*** ڕۆڵ بینین لە شانۆی شەقام خۆشترە یان ھۆڵ بۆ؟**

– بە ڕای من ڕۆڵ بینین لە شانۆی شەقام خۆشترە چونکە وا هەستدەکەی تۆ پاڵەوانێکی لە ناو ئەو خەڵکەی کە لە دەوروبەرتە.

*** تا چەند قورستر کاتێک ڕۆڵی سەرەکی دەبینیت لەگەڵ ڕۆڵی ئاسایی؟**


– بە دڵنیاییەوە ڕۆڵی سەرەکی قورسترە لەبەرئەوەی کاتێک ڕۆڵی سەرەکی دەبینی تۆ سەرکردەی هەموو ئەکتەرەکانی لە ناو نمایشەکەدا چونکە هەر هەڵەیەکی تۆ دەبێتە تێکدانی نمایشەکە، بەاڵم لە ڕۆڵی ئاسایی هەر هەڵەیەکیش بکەیت نابێتە تێکدانی نمایشەکە .

*** وەکو کچە شانۆکارێک لەمپەرەکانی سەر ڕێت چین؟**

– قورستترین شت لەلای من کۆمەڵگەکەمە بۆیە پێویستە ئێمەی ئافرەتان زیاتر بە ئاگا بین . چونکە کۆمەڵگەکەمان، زۆرجار ئازادی بۆ ئافرەت پێ قبوڵ نییە .

*** هەتا کەی ئامادەی شانۆکار بیت؟**

– هەتا ئەو کاتەی بڕوام بە هونەرەکەی خۆم هەیە.



هەردی سەلامی
بەرهەمێکی نوێ بااڵوەکاتەوە



هەرێنەر و گۆرانیبێژی لاو "هەردی سەلامی"، ئاشکرای کرد کە بەم زوانە نوێترین گۆرانیی خۆی بە ناوی (جارێکی تر) بااڵو دەکاتەوە.هەردی، لە هەژماری تایبەتیی خۆی، لە تۆڕی کۆمەاڵیەتیی (ئینستاگرام) کورتەیەکی گۆرانییەکەی بااڵو کردووەتەوە و ئامارژەی بەوە داوە، تێکست و ئاوازی گۆرانیی (جارێکی تر) خۆی داینـاوە، هونەرمەند ئەفشین شوکری کاری دابەشکردنی میوزیکی بۆ کردووە.هەردی سەلامی خەڵکی سلێمانییە، پێشتر وەک دەرێنەری فیلم و کلیپ کاری کردووە، چەند ساڵێکیشە دەستی بە بااڵوکردنەوەی گۆرانی کردووە، خاوەنی ئەلبوومێکی گۆرانی و چەند ڤیدیۆ کلیپێکە، گۆرانی و کلیپەکانی لە تۆڕە کۆمەاڵیەتییەکاندا بینەرێکی زۆریان هەیە.



ئەحمەد خەلیل بەرهەمێکی نوێ بااڵوەکاتەوە

هەمزە سەرحان : هونەرمەندی گۆرانیبێژی لاو" ئەحمەد خەلیل"، ئاشکرایکرد بەمزووانە نوێترین گۆرانیی خۆی بااڵو دەکاتەوە. ئەحمەد خەلیل لە هەژماری تایبەتیی خۆی، لە تۆڕی کۆمەاڵیەتیی (ئینستاگرام)، گرتەیەکی ڤیدیۆیی بااڵو کردووەتەوە و ئاشکرای کردووە، کە بەم زوانە نوێترین گۆرانیی خۆی بااڵو دەکاتەوە.ئەو گۆرانیبێژە ناوی گۆرانییەکە و کاتی بااڵوکردنەوەی ئاشکرا نەکردووە، بەاڵم وەک خۆی باسی کردووە، گۆرانییەکەی کاری میوزیک و تۆمارکردنی کۆتایی پێ هاتووە.ئەحمەد خەلیل، لە ساڵی 1983لە شاری سلێمانی لەدایک بووە، لە ساڵی 2012 دەستی بە کاری هونەری کردووە.





ئینستاگرام و وەتس ئەپ
بەنیازن ناوەکانیان بگۆڕن

کۆمپانیای فەیسبوک کە خاوەندارێتی ئینستاگرام و وەتسئەپ دەکات بەنیازە ناوەکانیان بگۆڕێت. لە هەواڵێکی وێبسایتی techradar ئاماژە بەوەکراوە، لەگەڵ زیادبوونی چاودێریکردن و ووردبوونەوە لە کۆمپانیا گەورەکانی تەکنەلۆژیا، بەپێی ئەو زانیارییانەی بە کارمەندانی کۆمپانیای فەیسبوک وتراوە، کۆمپانیاکە ناوێکی نوێ بۆ ئینستاگرام و وەتسئەپ دادەنێت.

شایەنی باسە وتەبێژی کۆمپانیای فەیسبوک ئەم گۆڕانکارییەی پشتڕاستکردەوە و وتی "ئێمە دەمانەوێت دەربارەی ئەو خزمەتگوزاری و بەرهەمانەی کە بەشێکن لە کۆمپانیای فەیسبوک ڕوونتر کاربکەین، فەیسبوک دەیەوێت کەموکوڕییەکانی دەربارەی بااڵوبونەوەی زانیارییەکان و تایبەتمەندی بەکاربەران و پاراستنیان جێگەی متمانەی بەکاربەرانی بێت، بۆ ئەمەش پێویستە گۆڕانکاری ئەرێنی بکەین و متمانەی بەکاربەران لەدەست نەدەین.

وتەبێژەکەی فەیسبوک ئاماژەی بەوەشکرد، ڕەنگە گۆڕانکاری لە ناوەکانیاندا بەپێی حەز و خواستی خەڵک نەبن.بونیادنەرانی ئینستاگرام لە پایزی ڕابردوودا و لەپاش " برایان ئاکتۆن " و یان کوم" ی بونیادنەرانی وەتسئەپ لە فەیسبوک دەستیان لەکار کێشایەوە و کۆمپانیاکەیان بەجێهێشت و ئێستا چارەنووسی ئەم دوو خزمەتگوزارییە بەتەنها لەژێر دەستی فەیسبووکدان.بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی کە بەشێک لەکارمەندانی کۆمپانیاکە ئاشکرایان کردووە، ئەگەری هەیە ناوەکان بەمشێوەیە بگۆڕدرێن،

Instagram from facebook, whatsapp from facebook.

